كورد لە سەرچاوە مێژووییەكاندا/ ٧

# كورد لە یەمەن

(٥٦٩-٨٥٨ك/١١٧٣-١٤٥٤ز)

کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا/ ٧

# کورد لە یەمەن

(٥٦٩-٨٥٨ک/١١٧٣-١٤٥٤ز)

د. دلێر فەرحان ئیسماعیل

وەرگێڕانی

عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)

هەولێر -٢٠٢٤

**دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**کورد لە یەمەن (٥٦٩-٨٥٨ک/١١٧٣-١٤٥٤ز) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە**

**کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا/ ٧**

---

- **د. دلێر فەرحان ئیسماعیل**

---

- **وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ئەحمەد (سەرمەد)**

---

- **سەرپەرشتیار: د. ڕابیعە فەتاح**

---

- **نەخشەسازیی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**

---

- **بەرگ: هۆگر سدیق**

---

- **نرخ: (٦٠٠٠) شەش هەزار دینار**

---

- **چاپی یەکەم ٢٠٢٤**

---

- **تیراژ: (٤٥٠) دانە**

---

- **چاپخانە: چاپخانەی (هێڤی) هەولێر**

---

- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (١٧٠) ساڵی (٢٠١٤)ی پێداوە.**

**زنجیرەی کتێب (١١٥١)**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک


**پێشەکی** ........................................ ٧

**بەشی یەکەم**: یەمەن بەر لە چوونی کورد ........................................ ١٥

**بەشی دووەم**: کورد لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی(٥٦٩-٦٢٦ک/١١٧٣-١٤٥٤ز) ........................................ ٣٩

**بەشی سێیەم**: ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبییەکان لە یەمەن ........................................ ٨٥

**بەشی چوارەم**: رۆڵی کورد لە سەردەمی دەوڵەتی رەسوڵی (٦٢٦-٨٥٨ک/١٢٢٨-١٤٥٤) ........................................ ٩١

**بەشی پێنجەم**: بەشدارییە ژیارییەکانی کورد لە یەمەن(٥٦٩-٨٥٨ک/١١٧٣-١٤٥٤ز) ........................................ ١٢٩

**کۆتایی و دەرئەنجامەکان** ........................................ ١٦١

**لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکان** ........................................ ١٦٣

**پاشکۆکان** ........................................ ١٧٨

## پێشەکی

### چوارچێوەی توێژینەوە و شیکردنەوەی سەرچاوەکان

کوردە ئەیوبییەکان ساڵی(٥٦٩ک/١١٧٣ز) لە هەڵمەتێکی سەربازی چوونە ناو یەمەنەوە، کە سوڵتان صەلاحەدین کوڕی ئەیوب بەسەرکردایەتی تۆرانشای برای ناردبووی، توانیان هێزی سیاسی دەوڵەتۆچەکانی یەمەن لەناوبەرن و دەوڵەتی ئەیوبی تێدا دروستبکەن، کە ماوەی زیاتر لە ٥٧ ساڵ حوکمی یەمەنیان کرد.

ئەم ڕووداوە بەرای هەندێ توێژەر و مێژوونووسان لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی موسڵمانان لە سەدەی ناوەڕاست دادەنرێت، بۆیەکەمجار میسر و یەمەن و وڵاتی شام و جەزیرە یەکخرا، هەروەها یەکێتی سیاسی وڵاتیان بەدیهێنا، ئەو یەکێتییە تا دوای دەسەڵاتی ئەیوبیەکانیش هەرمایەوە.

ژمارەیەک مەلیکی بنەماڵەی ئەیوبی حوکمی یەمەنیان کرد، ئاسایش و ئارامیان تێدا بەرقەرار کرد، جگە لە هەندێ ناوچەی سەروو نەبێت کە بەهۆی بوونی ئیمامەی زەیدی نەتوانرا ئارام بکرێتەوە، جگە لە هەندێ ماوەی حوکمڕانی مەلیک تورانشا و مەلیک موعزی کوڕی سیف الاسلام نەبێت، کە پەشێوی نائارامی و پەشێوی ململانیی و جەنگی بەخۆیەوە بینیوە، ئەگینا تەواوی ماوەی حوکمڕانیان ئارامی ئاسایشی یەخۆیەوە بینیووە.

مەلیکە ئەیوبیەکان ڕۆڵی گەورەیان لە بونیادی شارستانی و ئاوەدانی یەمەن گێڕاوە، شار و قەلا و قوللە و کۆشک و باخچە و بازاڕیان دروستکردووە، هەروەها گرنگیان بە لایەنی زانستی و کلتوری داوە، کاریان بۆ دامەزراندنی سەنتەری زانستی کردووە، وەک بونیادنانی قوتابخانە و مزگەوت، فەزڵی دروستکردنی یەکەم قوتابخانە لە مێژووی

یەمەن بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، هەروەها چاکسازی ئابووری و ئیداری و داراییان کردووە.

دوای کەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی و دامەزراندنی دەوڵەتی ڕەسوڵی (٦٢٦-٨٥٨ک/١٢٢٨-١٤٥٤ز) لە یەمەن مانەوە، کورد بەشدارییان لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ماوەی دەوڵەتی ڕەسوڵی کردووە، ژمارەیەک خانەوادە و کەسایەتی کوردی لەو سەردەمە دەرکەوتن، پۆستی ئیدارییان وەرگرت، ژمارەیەک هەرێمیان ئیدارەکردووە، سەرباری بەشداریان لە بونیادی شارستانی و ئاوەدانی یەمەن.

توێژەران باسی بابەتی کورد لە یەمەنیان نەکردووە، مێژوونووسان و توێژەران تا ئیستا ئەوەندە گرنگیان پێ نەداوە، بۆیە پێویست بوو ئەو بابەتە لە چوارچیوەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی گشتگیر باس بکرێت، باس لە ڕۆڵی سیاسی و شارستانی کورد بکرێت، سەرباری ئەوەی ویستوومە خزمەتیک و بەشدارییە پێشکەشی مێژووی کوردی بکەم، ئامانجم بووە ڕۆڵی کورد لە یەمەن لەو سەردەمە مێژووییە دەربخەم.

ئەو توێژینەوە بێ سەختی نەبووە، لەمیانەی نووسین و ئامادەمکردنی ئەم نامەیە بەهۆی کەمی سەرچاوەکان تووشی چەند سەختییەک بوومەوە، بەتایبەت لەو سەرچاوانە بەکەمی ئاماژە بە کورد کراوە، بەتایبەت لە ڕووی شارستانیەوە.

ئەم توێژینەوەیە پێشەکییەک و دەسپێکێک و سێ بەش و کۆتاییەک و چەند پاشکۆییەک دەگرێتە خۆی.

دەستپێک بۆ پێناسەی جوگرافیای وڵاتی یەمەن و ڕەوشی سیاسی بەر لە هاتنی کورد بە شێوەیەکی کورت، تەرخانکراوە. لە بەشی یەکەمدا، باسی کورد لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی ((٥٦٩-٦٢٦ک/١١٧٣-١٢٢٨ز)) کراوە، کە ژمارەیەک بابەتی وەک هۆکارەکانی هاتنی کورد بۆ یەمەن و دەسەڵاتی ممالیکە ئەیوبیەکانە کە لە مەلیک

تۆرانشاوە دەستپی دەکات و بە مردنی مەلیک مەسعودی کوڕی مەلیک کامل کۆتایی دێت، تا بە ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی دەگات.

بەشی دووەم، بۆ ڕۆڵی کورد لە دەوڵەتی ڕەسوڵی ((٦٢٦-٨٥٨ک/١٢٢٨-١٤٥٤ز)) تەرخانکراوە، کە باسی بنەچەی بەنی ڕەسوڵ و دەوڵەتی ڕەسوڵی و بەشداری کورد لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان و ئەو بزوتنەوانەی، کە کورد ئەنجامی داون و دیاریترین کەسایەتییە کوردییەکانی دەوڵەتی ڕەسوڵی کراوە.

هەرچی بەشی سێیەم و کۆتاییە بۆ بەشدارییە ژیارییەکانی کورد لە یەمەن ((٥٦٩-٨٥٨ک/١١٧٣-١٤٥٤ز)) تەرخانکراوە، باسی بوژاندنەوەی ژیاریی و ئاوەدانی کورد لە بونیادنانی شار و کۆشک و باخچە و قەڵا و قوللە و شورا و دامەزراوەی فیرکردن وەک قوتابخانە و مزگەوت و حەمام کراوە، سەرباری باسکردنی گرنگیدانی کورد بەلایەنی زانستی و ڕۆشنبیری، ئەمە جگە لە باسکردنی چاکسازییە ئیداری و ئابووری و داراییەکان.

سەبارەت بە گرنگترین ئەو سەرچاوەو ژیدەرانەی، کە بۆ نووسینی ئەو تویژینەوەیە پشتی پی بەستراوە، ئەوا سەرچاوەکان هەمەجۆرن، دەستنووسەکان لە پێشەوەی هەموویان دێت، پشتمان بە ژمارەیەک سەرچاوەی دەستنووس بەستووە، لە پێشەوەیان هەردوو دەستنووسی (**تاریخ دول و الاعیان**) و (**انسان العیون فی مشاهیر سادس القرون**) کە هی (**ابن ابی عذیبة (ت٨٥٦ک/١٤٥٢ز)** کە هەندێ زانیاری لەبارەی هەندێ لە مەلیکە ئەیوبییەکانی تێدایە، هەروەها ئەو توێژینەوەیە پشتی بە دەستنووسێکی نووسەر وونبوو بەناوی (**مختصر فی التاریخ**) بەستووە.

سەبارەت بە سەرچاوە چاپکراوەکان، ئەوا پشتمان بە ژمارەیەک سەرچاوە بەستووە، بەتایبەت ئەوانەی هاوسەردەمی ڕووداوەکانی نامەکەن، نووسەرانیان وەک شاهێدیک بەسەر گێڕانەوەکانن، لە پێشەوەیان ئەو سەرچاوانە دێن، کە تایبەتن بە مێژووی شارە یەمەنیەکان،

نامەکە ئەوانەی وەک سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتووە، لە پێشەوەیان (**عمارة اليمنى (ت٦٥٩ك/١١٧٣ز)** و کتێبی (**تاريخ اليمن**) کە تاکە سەرچاوەیە باس لە مێژوووی یەمەن بکات.

هەروەها کتێبی (**صفة بلاد اليمن المسمى تاريخ المستبصر**)ی (**ابن مجاور ت٦٩٠ك/١٤٩١ز)** بە تاکە سەرچاوەیەک دادەنرێت، کە تیشکی خستبێتە سەر چالاکی ئابووری شارە یەمەنیەکانی ئەو سەردەمە، باسی هەندێ کاری ژیاریی و ئاوەدانی چەند مەلیکێکی بەنی ئەیوب و چاکسازییە ئابوری و داراییەکانییانی کردووە، دەقی دەگمەنی وای تێیدا بوو، کە بۆ توێژینەوەکەمان زۆر بە سورد بووە.

ماوەتەوە کتێبی (**تاريخ اليمن**) کە بە (**بهجة الزمن**) ناسراوە، لە سەرچاوە هاوچەرخەکان لە پێشەوەیان دێت لە ڕووی گرنگی و گشتگیرییەوە، هی نووسەر (**تاج الدين اليماني (ت٧٤٣ك/١٣٤٣ز)**، زانیاری گرنگی لەبارەی مێژووی یەمەن و ئەو دەوڵەتانەی کە لە یەمەن دامەزراون و ئەو خانەوادە فەرمانڕەوایانەی یەمەن پێشکەشی کردووین، هەرچەندە بە کورتی باسی ڕووداوەکانی کردووە، بەڵام بۆ توێژینەوەکەمان زۆر بە سوود بوو، لە هەندێ شوێن ڕیوایەتی دەگمەنی هێناوەتەوە.

کتێبی (**تاريخ وصاب**)ی (**الوصابى**) لەو کتێبانەیە تایبەتە بە شارەکانی یەمەن، کە باسی جوگرافیا و مێژووی هەرێمەکان و شار و قەڵاکانی دەکات، پشتم پێ بەستاوە، چونکە زانیاری زۆر گرنگ و دەگمەنی لەبارەی ڕۆڵی ئەمیرە کوردەکان لەوانەی کاروباری ئەو ناوچانەی وەصابیان وەرگرتووە کردووە، سەرباری گێڕانەوەی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەی وەصاب.

هەردوو کتێبی (**العسجد المسبوك**) و کتێبی (**العقود اللؤلؤيه من تاريخ الدوله الرسولية**)ی (**خزرجى (ت٨١٢ك/١٤٠٩ز)** بەسەرچاوەی بنەڕەتی و گرنگی توێژنەوەکە دانراوە، کە بۆ بەشی دووەم سودی لێوەرگیراوە، هەردوو کتێبەکە تایبەتن بە مێژووی دەوڵەتی ڕەسوڵی.

مێژوونووسی یەمەنی (**ابن الدیبع** (ت٩٤٤ک/١٥٣٧ز) لە کتێبەکەی (**قرة العیون باخبار الیمن المیمون**) و کتێبی (**بغیة المستفید فی تاریخ مدینة زبید**) زانیاری گرنگمان لەبارەی لایەنی سیاسی و سەربازی و شارستانی یەمەنی ئەو سەردەمە دەداتی. ئەم دوو کتێبە بۆ هەموو توێژینەوەکە سودی لێوەرگیراوە.

کتێبی (**غایة الامانی فی اخبار القطر الیمانی**) ی (**یحیی ابن الحسین (ت١١٠٠ک/١٦٨٨ز)** لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ماوەی بابەتی توێژینەکە دایدەبڕێنێ، بەڵام زانیاری تەواوی لەبارەی مێژووی یەمەنی بەشێوەیەکی ورد دەدات بەدەستەوە، باسی ڕۆڵی کوردی لەو ماوەیە کردووە، بەشێوەی حەولی ڕووداوەکان دەگێرێتەوە، هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە کتێبی (**بلوغ المرام فی شرح مسک الختام من تولی ملک الیمن**)ی (**العرشی (ت١٣١٨ک/١٩٠٠ز)** بەستووە.

کتێبی (**شفاء الغرام باخبار البلد الحرام)**ی (الفاسی (ت٨٣٢ک/١٤٢٨ز) زانیاری گرنگمان لەبارەی مەککە و پەیوەتندی بە یەمەنەوە دەداتێ، سەرباری باسکردنی کارەکانی هەندێ سوڵتانی دەوڵەتی ئەیوبی.

سەبارەت بە سەرچاوە مێژووییە گشتیەکان کە گرنگیان بە مێژووی گشتی بە شێوەیەکی کورت داوە و جەختیان لەسەر ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی کردۆتەوە، هەندێ مێژوونووس شێوازی حەولیان لە بەرووخستنی بابەتی مێژوویی پەیڕەوکردووە، هەندێکی دیکە پەیڕەویان لە بەڕووخستنی بابەتی کردووە، واتا دابەشکردنی مێژوو بۆ ژمارەیەک دەوڵەت و میرنشین و بەروخستنی هەریەکەیان لەچوارچیوەی زەمان و شوێنی خۆی، پشتمان بە ژمارەیەک سەرچاوە بەستوە، لەوانە (**الکامل فی التاریخ**) ی (ابن اثیر ٦٣٠ک/١٢٣٢ز) لە پێشەوەی ئەو کتێبەدایە، کە باسی مەلیکەکانی بەنی ئەیوب لە یەمەن دەکات، هەروەها کتێبی (**المختصر فی اخبار البشر**) ی (**ابو الفداء ت٧٣٢ک/١٣٣١ز**) کە ئەوەی ئیبن ئەسیری کورتکردۆتەوە، هەروەها (**ابن الوردی ت٧٤٩ک/١٣٤٨ز**) کە مێژووەکەی بە

تەواوکەری مێژووەکەی (**ابی الفداء**)یە ، زانیاری گرنگ لەبارەی ئەیوبیەکانی یەمەن دەبەدەستەوەدەدات.

هەروەها هانامان بۆ کتێبی (**تاریخ ابن خلدون**) ی (**ابن خلدون (ت٨٠٨ک/١٤٠٥ز)** و کتێبی (**تاریخ ابن الفرات**) ی (**ابن فرات (ت٩٠٧ک/١٥٠١ز)** بردووە.

هەروەها پشتمان بە کتێبی (**تاریخ المنصوری**) ی (**الحموی ت٦٤٢ک/١٢٤٦ز)** کە زانیاری لەباری ڕۆڵی کرود لە دەوڵەتی ئەیوبی تێدا، ئەو زانیارییانە لە سەرچاوەی دیکەدا نەمبینیووە، کتێبی (**مفرج الکروب فی اخبار بنی ایوب**) ی (**ابن واصل (ت٥٩٧ک/١٢٩٧ز)** و کتێبی (**الروضتین فی اخبار الدولتین**)ی (**ابی شامة (ت٦٦٥ک/١٢٦٦ز)** و کتێبی (**شفاء القلوب فی مناقب بنی ایوب**)ی (حنبلی (ت٨٧٦ک/ ١٤٧١ز) بەکارهێناوە، ئەم کتێبانە هەواڵی بەنی ئەیوب و کارەکانیان لە یەمەن باس دەکات.

هەروەها کتێبە وەرگێڕدراوەکان و ژیاننامەش لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە، کە زانیاری لەبارەی هەندێ کەسایەتی پێشکەش دەکات، سەرباری پێشکەشکردنی زانیاری گرنگ لەبارەی لایەنی فیکری و شارستانی ئەو سەردەمەی ئەو کەسایەتیانەی تێیدا ژیاون، لە پێشەوەی ئەو کتێبانەس کتێبی (**طبقات فقهاء الیمن**)ی (**ابن سمره الجعدی (ت٥٨٦ک/١١٩٠ز)** دێت، کە مادەیەکی دەوڵەمەند لەبارەی ژیانی فیکری و پیاوانی ژیانی ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی و زانستی و کردەوەکانیان لە سەدەی شەشی کۆچی پێشکەش دەکات.

هەروەها کتێبی (**وفیات الأعیان**)ی (ابن خلکان (ت٦٨١ک/١٢٨٢ز) ژیننامەی هەندێ مەلیک و کەسایەتی ئەیوبی باس دەکات، هەروەها سودمان لە کتێبی (**تاریخ ثغر عدن**)ی (ابو مخرمه (ت٩٤٧ک/١٥٤٠ز) و کتێبی (**العبر فی خبر من غبر)ی (الذهبي (ت٧٤٨ک/١٥٣٨ز)** بینیووە.

سەبارەت بە کتێبەکانی وڵاتناسان و گەڕیدە موسلمانەکان، پشتمان بە زۆرێک لەوانە بەستووە، نامەکە بۆ ناسینی شار و قەڵاکانی یەمەنی

سودی لێوەرگرتوون، سەرباری پێشکەشکردنی زانیاری گرنگ لەبارەی لایەنی ئابووری و ئەدەبی، هەندێ لەو کتێبانە ڕیوایەتی مێژووی وای تێدایە لە سەرچاوە مێژووییەکانی دیکە نییە. لەدیارترین ئەو کتێبانەش کتێبی (**معجم البلدان**)ی (**یاقوت الحموی (ت٦٢٦ک/١٢٢٨ز)**.

هەروەها سودمان لە کتێبی (**منتخبات فی اخبار الیمن**) ی (حمیری (ت٥٧٣ک/١١٧٧ز) و کتێبی (**اثار البلاد فی اخبار العباد)ی (قزوینی (ت٦٨٢ک/١٢٨٣ز)** و کتێبی (**الروض المعطار)ی (حمیری (٧١٠ک/١٣١٠ز)** و کتێبی (**تقویم البلدان)ی (ابو الفداء (ت٧٣٢ک/١٣٣١ز) و کتێبی (رحلة ابن جبیر)ی(ابن جبیر (ت ٦١٤ک/١٢١٧ز)** بینیووە.

هەروەها توێژینەوەکە پشتی بە چەند سەرچاوەیەکی مەوسوعی بەستووە، کە پێناسەی زاراوە جۆرجۆرەکانی نامەکەی کردووە، سەرباری زانیاری مێژوویی، لەو کتێبتانەش، هەردوو کتێبی (**القلقشندی** (ت٨١٢ک/١٤١٨ز) (**صبح الأعشی)و (مأثر الأنافه**) و کتێبی (**مسالک الأبصار فی ممالک الأمصار**)، بەتایبەت بەشی تایبەت بەیەمەن، کە هی (عمری ت٧٤٩ک/١٣٤٩ز).

هەروەها نامەکە پشتی بە ژمارەیەک سەرچاوەی نوێ بەستووە، کە مەبەست لە بەکارهێنانی سودوەرگرتن بووە بۆ لایەنی شیکردنەوە بەسەرکردنەوەی بیروڕا نووسەرانی بووە، ئەو سەرچاوانەش گرنگ بوونە بەسەر بکرێنەوە، چونکە پشتیان بەسەرچاوەی وابەستووە ئیمە دەرفەتمان نەبووە، بیبینین، کە تایبەتە بە مێژووی یەمەن. لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەش کتێبی (**الیمن فی ظل الاسلام)ی (عصام الدین عبدالرؤوف الفقی) و** کتێبی **(المدارس الاسلامیة فی الیمن)ی(قاضي اسماعیل علی ابن علی الاکوع)** و کتێبی **(تاریخ الیمن السیاسی)ی(محمد یحیی الحداد)**.

سەرباری چەند سەرچاوەیەکی دیکە لە کۆتایی توێژینەوەکە نووسراون، هەروەها نامەکە سودی لە وتاری دکتۆر (ئەرسن موسی ڕەشید) بینیووە، کە لە گۆڤاری شانەدەر بەناوی ((کورد لە سەردەمی

دەوڵەتی ئەیوبیی) و (شارستانیی و بیناسازی کوردە ئەیوبیەکان لە یەمەن) بڵاوکراوەتەوە، گرنگییەکەی لەوەدایە بەیەکەم توێژینەوە لەبارەی کورد لە یەمەن دادەنرێت.

هەروەها ژمارەیەک تێزی زانکۆمان بەکارهێناوە، کە بڵاونەکراونەتەوە، لە ماجستێر و دکتۆرا، هەروەها نامەکە سەرچاوەی ئینگلیزیشی بۆ دەوڵەمەندکردن بەکارهێناوە.

# بەشی یەکەم

## یەمەن بەر لە چوونی کورد

## یەکەم: جوگرافیای وڵاتی یەمەن:

یەمەن هەر لەوەتەی سەدە کۆنەکانەوە بە وڵاتیکی عەرەبی دادەنرێت کە ڕۆڵیکی گەورەی گێڕاوە، ژیانی سیاسی و ئابووری و ژیاریی تێدا بوژاوەتەوە، لەماوەی چەند دەیەیەکی مێژووی کۆن و مێژووی ئیسلامی پێگەیەکی گەورەی لە ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبی گێڕاوە، ئەو وڵاتە بەهۆی پێگە جوگرافییەکەی بە کۆنترین بەشەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لەرووی شارستانی دادەنرێت، بووە بازنەیەکی بازرگانی لەگەڵ سەرجەم ناوچەکانی دیکە، هەندێ ڕەوشی جوگرافی وای لەو ناوچەیەکرد ببێتە کۆمەلگەیەکی شارستانی جیاواز، کەش و هەوای ناوچەکە بارانی وای هەبووە، ناوچەکە بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤەکان بەردەست بکات، بوونی ئاوهەوایەکی لەبار و بە پیتی زەوییەکەی وایکرد مرۆڤەکان بۆ چالاکی نواندن ڕوو لەو شوێنە بکەن[١]، کە لە ناوچەکەکانی دیکەی بادیە لە باکور جیابوو[٢]. لەبارەی ناوی یەمەنەوە مێژووناسان و وڵاتناسان ڕای جیاواز هەبووە، لەماوە جیاجیاکانی مێژوو یەمەن ناوی هەمەجۆری لینراوە، بەهۆی خێروبێری کشتوکاڵییەوە لەلایەن ڕۆم و یۆنانیەکان بە وڵاتی خۆشی عەرەبان ناونراوە (**Arabia Felixo**)[٣]. هەندێکی دیکە بە وڵاتی سەمەرەکان (**غرائب**) و کۆشک و وڵاتی باش، ناونراوە[٤].

---

١ – منذر عبدالكريم، دراسات فى تاريخ العرب قبل الاسلام، (البصره:١٩٨٠)، ص١٦٧.

٢ – جرجی زيدان، العرب قبل الاسلام، (بيروت:١٩٧٩)، ص١٣٩.

٣ – ئەم ناوە (Arabia felixo) بە هەڵە لەلایەن ئەروپییە کۆنەکان بۆ هەموو جەزیرە بەکار هاتووە، نەوەک تەنها یەمەن.

**PHILP. K.Hitti,History. of The Arabia, (London:1958);p.653.**

٤ – محمد الاكوع الحوالى، اليمن الخضراء، (مصر:١٩٧١)، ص٣٢؛

**SPULER,THE MUSLIM WORLD BERTOLD (LEBENIAN:1960)PT;1,P.67.**

هەروەها ناوی (**بغداد**)ی لێنراوە و بەهۆی زۆری (**البنیان**) ناونراوە بە وڵاتی (**جلیل**). هەروەها زانا و بازرگانیشی تێدابووە[١]، هەروەها بە وڵاتی (**المخالیف**) ناونراوە، واتا وڵاتی (**الرستاق و البساتین**[٢]).

هەروەها هەمەدانی یەمەنی بە (**الیمن الخضراء**) ناوبردووە و گوتی:" بۆیە ناونراوە یەمەنی سەوز لەبەر زۆری دارودرخت و بەروبووم و کشتوکاڵ و دەرەدانی بەدەریا لە ڕۆژهەڵاتییەوە تا باشوری"[٣].

وڵاتناسان و مێژوونوسان لەبارەی بنەچەی ناوی یەمەنەوە ناکۆکن، هەیانە وای دەبینێ کە ناوەکە بۆ (**یقطن ابن عابر ابن شالخ ابن ارفخشد ابن سالم ابن نوح**) دەگەڕێتەوە، کاتێ بە سێیەکی کوڕانی باوکی لە یەمەن نیشتەجێ بوون، عەرەب پێیانگوتن (**تیمن بنو یقطن**) بۆیە ناونرا یەمەن[٤]. (**القلقشندی**) باسی لەوە کردووە کە ناوەکەی لە (**تیمن بن قحطان**) هاتووە، گوتراوە کە خودی (**قحطان**)یش یەمەنی پێگوتراوە، هەروەها گوتراوە بەناوی (**منی کوڕی قیدار**) ناونراوە[٥]. هەندێکی دیکە لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوەکەی لەوەوە هاتووە، یەمەن کەتۆتە لای ڕاستی (**یمین**) کەعبەوە[٦].

وڵاتی یەمەن کەتۆتە لای باشوری دوورگەی عەرەبەوە، لە سنوری حیجاز و نەجد لە باکور تا دەریای عەرەبی لە باشور و دەریای سور و کەنداوی عەرەبی لە ڕۆژهەڵات درێژدەبێتەوە[٧]، وڵاتی یەمەن پێگەیەکی

---

١- المقدسی، احسن التقاسیم فی معرفه الاقالیم، (لیدن:١٩٠٢)، ص٨٤.

٢ – هەمان سەرچاوە، ل٨٨.

٣ – صفه الجزیره العرب، تحقیق محمد بن علی الاکوع، (صنعاء:١٩٨٣)، ص٩٠٠.

٤ – الهمذانی، مختصر کتاب البلدان، (لیدن:١٨٨٥)،٣٣.

٥ – صبح الاعشی فی صناعه الانشاء، شرحه و علق علیه، نبیل خالد خطیب، (بیروت:١٩٨٧)، ج٥، ص٤.

٦ – هەمان سەرچاوە؛ هەمان شوێن، هەروەها سەیری، ابو الفداء، تقویم البلدان، تصحیح رینورد ماک کوکین، (باریس:١٨٤٠)، ص٩١؛ منذر عبدالکریم، دراسات، ص٧٥.

٧ – عبدالله الثور، هذه هی الیمن،(بیروت:١٩٧٩)، ص٤.

جوگرافی و ستراتیراژی گرنگی هەیە، بەتایبەت لە ڕووی ئابووری بەهۆی ئەوە کەوتۆتە سەر دەروازەی باشوری دەریای سور، کە بەرامبەر جەمسەری دووەمی دەریاییەکە، کە خۆی لە کەناڵی سوێس دەبینێتەوە[١]. وڵاتی یەمەن لە (**تهامه**[٢] **و نجد الیمن و عمان**[٣] **و مهره**[٤] **و حضرمـــــوت**[٥] **و بلّاد صنعاء**) و تەواوی هەرێمەکانی یەمەن پێکهاتووە[٦].

## دووەم: ڕەوشی سیاسی یەمەن بەر لە هاتنی کورد:

وڵاتی یەمەن لەو سەردەمە، بەتایبەت باشورەکەی لەنێوان ژمارەیەک هێزی سیاسی جۆراجۆر دابەشکرابوو، کە خۆی لە ژمارەیەک

---

١ – السید مصطفی سالم، تکوین الیمن الحدیث، (القاهرة:١٩٧١)، ص١٧.

٢ – **تهامة**: بەهۆی گۆڕانکاری ئاو و هەواوە بە(**تهامه**) ناونراوە، بەشێکە لە یەمەن کە زنجیرە چیای وای تێدایە لە دەریای سورەوە درێژبۆتەوە، سنورەکەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای بە زنجیرەی چیایەوە بەیەکەوە بەستراوە، ابن حوقل، صورة الارض، (بیروت:١٩٧٩)، ص٤٣؛ الحمیری، الروض المعطار فی خبر الاقطار، تحقیق: احسان عباس (بیروت:١٩٨٤)، ص١٤١.

٣ – **عمان**: هەرێمێکە لەسەر کەناری دەریای یەمەن، لە ڕۆژڵاتی هەجر بە ( **عمان بن یغان بن ابراهیم علیه السلام**) ناونراوە. القزوینی، اثار البلاد و اخبار العباد، (بیروت:د.ت)، ص٥٦.

٤ – **مهرة**: هەرێمێکە لە هەرێمەکانی یەمەن، کە هی هۆزی (مهرة)یە کەوتۆتە نێوان (عمان و حضرموت). یاقوت الحموی، معجم البلدان، (بیروت:د.ت)، ج٥، ص٢٣٤.

٥ – **حضرموت** : شوێنێکی فراوانە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی (عدن) و لمی زۆرە بە (الاحقاق) ناسراوە. ابن حوقل. هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

٦ – ابو الفداء، هەمان سەرچاوە، ل٨٠.

دەوڵەتۆچکەی دەبینیەووە، ئەوانە حوکمی یەمەنیانکردووە، وەک (**بنی زریع**) لە عەدەن و (**بنی حاتم**) لە صەنعا و (**بنی مهدی**) لە زوبێد[١].

ئەو ماوەیە بە سەرهەڵدانی ململانی و ناکۆکی نێوان ئەو دەوڵەتۆچکانە لەپێناوی زاڵبوون بەسەر دەسەڵات و فراوانخوازی ناسراوە، هۆکاری ئابووری و سیاسی سەرباری ناکۆکی مەزهەبی لە پشت ئەو ناکۆکیانەوە بوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەشێوی و نائارامی یەمەن بگرێتەوە، دانیشتوانەکەی بەدەست جەنگ و وێرانکارییەوە دەیان ناڵاند.

ئیبن واصل بەمشێوەیە وەسفی یەمەنی کردووە:" هەر شوێنیک بۆخۆی خاکێکی سەربەخۆ بوو، وەک شاعیر لەبارەیەوە دەڵێت:

**و تفرقوا فرق فکل قبیلة فیها امیر المؤمنین و منبر"٢.**

هەرچی باکوری یەمەن بوو، ئەوا بەدەستی ئیمامە زەیدییەکانەوە بوو، (**العمری**) لەم دەقە وای باسکردووە:" یەمەن پارچەپارچەبوو، پارچەیەکی بەدەستی ئەشرافە گوێڕایەڵەکانی ئیمامی زەیدییەوە بوو، کە تەنها ملکەچی ئەو ئیمامەیان دەکرد، کە لە خۆیان بوو....."[٣]. ئەو هێز و دەوڵەتانە بە شێوەیەکی بەردەوام و گشتگیر نەیانتوانیووە، فەرمانڕەوایەتی یەمەن بکەن، بۆیە دەسەڵاتیان لەنێوان خۆیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە شوێنە جیاجیاکان دابەشکردووە[٤].

---

١- **زبید**: شارێکی گەورە و مەزنە، لە ناوچەی تەهامە لە یەمەن. الادریسی، نزهة المشتاق، (د.م،ت)، ص٢٩؛ ابن بطوطة، رحلة ابن بطوطه، تحفه الانظار في غرائب الامصار و عجائب الاسفار، تحقیق عبدالهادی التازی، (المغرب:١٩٩٧)،ج٢، ص١٠٣.

٢ - مفرج الکروب فی اخبار بنی ایوب ، تحقیق جمال الدین الشیال،(مصر: ١٩٥٣)، ج٢، ص٤٦٥.

٣ - مسالک الابصار فی ممالک الامصار، تحقیق ایمن فؤاد سید ( القاهرة:١٩٣٩)، ص٢٧.

٤ - محمد احمد نعمان، الاطراف المعنیه فی الیمن،(عدن:١٩٦٥)، ص٩٠.

## لەگرنگترین ئەو دەسەڵات و دەوڵەتانە:

**١- دەوڵەتی (بنی زریع) لە عەدەن (٤٧٠-٥٦٩ك/١٠٧٧-١١٧٣ز):-**

کە بە (**ال الذئب**) ناسراون و ڕەچەڵەکیان بۆ (**همدان**) دەگەڕێتەوە، کە نەوەی (**المکرم و الیامی**)ن[١].( **بنو معن**) بەر لە (**بنی زریع**) ئەمیری عەدەن بوونە، بەڵام ڕازی نەبوونە خەراج (**الخراج**) بە دەوڵەتی (**الصلیحیە ٤٣٩-٥٣٢ك/١٠٤٧-١١٣٧ز**) بدەن، بۆیە ئەمیر (**المکرم احمدی کوڕی علی الصلیحی**) فەتحی عەدەنی کرد و (**بنی معن**)ی دەرپەڕاند. ئیدارەی عەدەنی بە عەباس و مەسعود (کوڕانی موکەرەز) سپارد، بەمەرجێ خەراج بە شاژن (**اروی کچی احمد محمدی کوڕی موسی الصلیحی**) بدەن، چونکە کاتێ (**علی کوڕی محمدی الصلیحی**) ساڵی (**٤٥٨/١٠٦٥ز**) ئەروی بۆ کوڕەکەی خواست، خەراجی عەدەنی بۆ ئەو دانا، عەباس کاروباری (**حصن التعکر**[٢])ی لەسەر (**باب عدن**) بەدەستەوە گرت، مەسعودیش بەسەر (**حصن الخضراء**[٣]) دانرا. ڕەوشەکە بەمشێوەیە مایەوە، تا ئەوەی لە ساڵی (**٥٠٣ك/١١٠٩ز**) هەردووکیان لەمیانەی شەڕێک بۆ گێڕانەوەی شاری زەبیدە کرا، کوژران. دواتر کاروباری عەدەن بۆ (**ابی مسعود کوڕی زریع**) و (**ابی الغاراتی کوڕی مسعود**) گوازرایەوە[٤].

---

١ - العرشی، بلوغ المرام فی شرح مسک الختام فی من تولی ملک الیمن من ملک و امام، قام بنشره ماری الکرملی (القاهرة:١٩٣٩)، ص٢٧.

٢ - **التعکر**: قەڵایەکی قایمی یەمەنە، بەسەر (ذی جبلة) دەڕوانێت. یاقوت الحموی، ج٢، ص٣٤.

٣ - **الخضراء**: قەڵایەکە لەیەمەن، لە چیای ویصاب لە دەروبەری زەبید. ن. م، ص٣٧٦.

٤ - عماره الیمنی، تاریخ الیمن، تحقیق حسن سلیمان محمود، (مصر:د.ت)، ص،٨١؛ تاج الدین الیمانی، تاریخ الیمن المسمی بهجه الزمن، تحقیق مصطفی الحجازی، (بیروت:١٩٦٥)، ص٦٠؛ العرشی، بلوغ المرام، ص٢٧.

یەکەم پادشای یەمەن لە (**بنی زریع**) بەناوی (**سبأی کوڕی السعود**) بوو، دوای ئەوەیش کوڕەکانی دەسەڵاتیان وەرگرت، (**ابو الغارات**)ی ئامۆزای کە دەسەڵاتداری (**الزعازع**[1]) بوو، بەرەنگاری بووە و لە ساڵی (**٥٣٣ک/١١٣٨ز**) دوای زنجیرەیەک شەڕوپێکدادان دەستی بەسەر عەدەندا گرت، دوای ماوەیەکی کورت مرد، کوڕەکەی (**علی الاغر**)، کە خاوەنی (**حصن الدملوە**) بوو، شوێنی گرتەوە[2].

کاتێ (**الاغر**) لە ساڵی (**٥٣٤ک/١١٣٩ز**) کۆچی دواییکرد، دەسەڵاتی بۆ منداڵەکانی (**حاتم و عباس و منصور و فضل**) جێهێشت، کە بچووک بوون، هەروەها ڕایسپارد کە منداڵەکانی لەژێر چاودێری (**الانیس الحبشی و یحیی کوڕی علی**)بن، کە لە وەزیران و نووسەرانی خۆی بوون، هەرچی (**محمدی کوڕی سبأ**) بوو لەدەست براکەی ڕایکرد و پەنای بۆ (**الامیر منصور کوڕی ابی البرکات**) لە تەعز برد[3]، کاتێ براکەی مرد، بیلال پیاوانی نارده سەری و بۆ عەدەن گەڕاندیانەوە، لەوێ خەڵکی دەنگیان پێداو کچی بیلالی خواست و نازناوی (**الداعی المعظم المتوج و المبین و سیف امیر المؤمنین**) لێنرا[4].

کاتێ بیلال لە ساڵی (**٥٤٧ک/١١٥٢ز**) کۆچی دواییکرد، سامانێکی زۆری بەمیرات لەدوای خۆی جێهێشت، کە (**محمدی کوڕی سبأ**) بووە میراتگری، ئەویش بۆ کاری خێرخوازی بەسەر هەژاران و نەداران دابەشیکرد[5]،

---

١ – **الزعازع**: شارێکە لە یەمەن لە نزیک عەدەن. هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ج٣، ص١٤٠.

٢ – **الدملوە**: قەڵایەکی گەورەی یەمەنە کەوتۆتە باکوری عەدەن. ابو الفداء، التقویم البلدان، ص٩١؛ ابن عبدالحق، مراصد الاطلاع علی اسماء الامکنة و البقاع، تحقیق محمد علی البجاوی، (القاهرة:١٩٥٤)،ج٢، ص٥٤.

٣ – **تعز**: لە باشترین شارەکانی یەمەنە و لانەی پادشاکان بووە، کە بەسەر (التهائم) و (زبید) دەڕوانێت. ابو الفداء، تقویم البلدان، ص٩١؛ ابن بطوطە، رحلە ابن بطوطە،ج٢، ص١١٧.

٤ – عمارە، تاریخ الیمن، ص٨٧.

٥ – هەمان سەرچاوە، ل٩١.

لەرێگەی کڕینی چەند قوللەیەک دەستی بە فراوانکردنی دەوڵەتەکەی کرد، (**ذی جبله**[1]) و (**ذی اشرف**[2]) و (**اب**[3])ی کڕی. (**محمدی کوڕی سبأ**) لە ساڵی (**٥٤٨ک/١١٥٣ز**) کۆچی دواییکرد و (**عمرانی کوڕی محمدی کوڕی سبأ**) بەدەسەڵاتێکی بەهێز حوکمڕانی دەوڵەتی لەدوای ئەو کرد[4].

لەسەردەمی ئەودا هێرشەکانی (**بنی مهدی**) بۆ سەرناوچەکانی سەربە (**بنی زریع**) دەستی پێکرد، (**عبـــدالنبی کوڕی مهدی**[5]) هێرشی کردە سەر عەدەن و میخلاف جەعفەر، ئەمەش وای لە (**عمرانی کوڕی سبأ**) کرد داوای یارمەتی لە (**علی کوڕی حاتم)**ی خاوەنی صەنعا بکات، تاکو بتوانێ ڕووبەرووی مەترسیەکانی (**بنی مهدی**) ببێتەوە و سنورێک بۆ نیازە فراوانخوازییەکانی دابنیت، کە (**بنی مهدی**) بە دوژمنی هاوبەشی هەردووکیان دادەنرا، هەردوولاکە هێزێکی زۆریان ئامادەکرد و بۆ ناوچەکانی (**بنی مهدی**) ڕۆیشتن، تا گەیشتنە (**الجند**[6]). دوای ژمارەیەک شەڕ و پێکدادان هێزەکانی (**بنی مهدی**)یان ناچارکرد، بۆ شاری زەبید پاشەکشە بکەن و ژمارەیەک بنکەش لەدەست بدەن و زیانێکی زۆری

---

١ – **ذی جبلة**: شارێکە کەوتۆتە ژێر چیای صبرەی پێی دەگوترێت (**ذات النهرین**). یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٢، ص١٠٦.

٢ – **ذی اشرف**: شارێکی یەمەنییە لەنزیک (ذی جبلة). هەمان سەرچاوە، ج١، ص١٩٧.

٣ – **اب**: شارۆچکەیەکە لە یەمەن. اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیة عند یاقوت الحموی، (کویت:١٩٨٥)، ص١٥.

٤ – عمارة، هەمان سەرچاوە، ل٨٥؛ ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٤،ق٢، ص٤٦٢.

٥ – عبدالنبی بن مهدی: وهو عبدالنبی علی بن مهدی الحمیری صاحب زبید. الزرکلی، الاعلام، (بیروت:١٩٧٥)، ج٤، ص١٧١.

٦ – **الجند**: پایتەختی یەمەنی باشور بوو، کە شارێکە بە ٢٥ کم کەوتۆتە ڕۆژاوای تەعز.. اسماعیل بن علی الاکوع، هەمان سەرچاوە، ص٧٥.

مادیی و مرۆییان لێکەوت، (**عمرانی کوڕی سبأ**) لە دەسەڵات بەردەوام بوو تا ئەوەی لە ساڵی (**٥٦٠ک/١١٦٤ز**) لە (**الدملوه**) کۆچی دواییکرد[١].

هەرچی سێ کوڕەکەی (**محمد و منصور و ابو المسعود**) بوون، ئەوا لەلایەن (**ابو در الجوهر المعظمی**) چاودێریکران، تا ئەوەی لە ساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) تۆرانشاه هات و عەدەنی داگیرکرد و دەوڵەتی (**الزريعية**) ڕووخا[٢]. هەروەها (**یاسری کوڕی بیلال**) دوایین وەزیری (**بنی زريع**) لە ساڵی (**٥٧٠ک/١١٧١ز**) کوژرا[٣].

### ٢- دەوڵەتی (بنی حاتم) لە صەنعا(٤٩٢-٥٦٩ک/١٠٩٨-١١٧٣ز):

کاتێ ئەمیر (**سبأی کوڕی احمدی الصليحی**) لە ساڵی (**٤٩٢ک/١٠٩٨ز**) کۆچی دواییکرد، صەنعا لەژێر ڕکێفی (صلیحییەکان) دەرچوو، سوڵتان (**حاتمی کوڕی الغشم الهمدانی**) دەستی بەسەرداگرت، هۆزەکان هەمەدانیش ملکەچی خۆیان بۆ ڕاگەیاند[٤]، کاتێ لە ساڵی (**٥٠٤ ک/١١٠٨ز**) کۆچی دواییکرد، (**عبدالله**)ی کوڕی کاروباری دەوڵەتەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەدەستەوەگرت، ئەویش کۆچی دواییکرد، براکەی (**معن کوڕی حاتم**) شوێنی گرتەوە، کە کەسایەتییەکی لاواز هەبوو، لەتوانایدا نەبوو کاروباری وڵات ببات بەڕێوە، هۆزەکانی هەمەدان شۆڕشیان لەدژی بەرپاکرد، پەشێوی و نائارامی لەسەردەمی ئەودا بڵاوببووەوە، ئەمەش وایکرد، گەورە پیاوانی هەمەدان لە ساڵی (**٥١٠ک/١١١٦ز**) لەکورسی دەسەڵات

---

١ - محمد يحيى الحداد، تاريخ اليمن السياسی، (بيروت:١٩٨٦)، ص٦٧.

٢- عماره: تاريخ اليمن، ص٨٢؛ ابن خلدون، تاريخ ابن خلدون، مج٤، ص٤٦٧؛ العرشی ،بلوغ المرام، ص٢٩.

٣- العرشی، هەمان سەرچاوە، ل٢٨؛ حسن سليمان محمود، تاريخ اليمن السياسی، (بغداد:١٩٦٩)، ص٢٢٩.

٤ - يحيى بن الحسين، غايه الامانی فی اخبار القطر اليمانی، تحقيق سعيد عبدالفتاح عاشور، مرجعه محمد مصطفى زياده، (القاهرة:١٩٦٨)،ق١، ص٤٧٩؛ عبدالله الثور، هذه هی اليمن، ص٢٩٠.

بیهێننە خوارەوە، ئەو هۆزانە دەنگیان بە دوو کوڕەکەی (**القبیب هشام و حماس**) دا، ئەوانیش بەرەو صەنعا چوون و گەمارۆی سوڵتان (**معن**)نیان داو ناچاریانکرد، وڵات جیبهیلیت و بەرەو (**حصن براش**[1])چوو.

ڕەوشەکە بۆ (**بنی القبیب**) لەگەڵ هۆزەکانی هەمەدان تا ساڵی (**٥٢٧ک/١١٣٢ز**) ئارامی بەخۆیەوە بینی، تا ئەو کاتەی (**حماس**) کۆچی دواییکرد و (**هشان**)برای شوێنی گرتەوە، ئەمەی دوایی سوڵتانێکی بەهێز بوو، توانی زۆرێک لە ناوچەکانی وڵاتی (**جنب**[2]) بخاتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە. بەڵام دوای مردنی ئەویش دووبەرەکی کەوتە نێوان براکانی، ئەمەش وایکرد، لەدەسەڵات لابرێن[3]، لە ساڵی (**٥٣٣ک/١١٣٨ز**) هۆزەکانی هەمەدان کۆبوونەوە و داوایان لە (**حاتم الهمدانی**) کرد، کاروباری وڵات ببات بەرێوە، حاتەم خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و بەدەسەڵات بوو، توانی شەڕی (**الامام احمدی کوڕی سلیمان**) بکات، کاتێ هۆزەکانی یەمەنی لە وڵاتی صەعدە و نەجران و جەوف و حاشد لەدەوری کۆبوونە، بەهۆی ئەوانەوە ئیمام ئەحمەد توانی هێرش بۆسەر صەنعا بینێ و داگیری بکات، بەڵام هۆزەکانی یەمەنی زۆری پێنەچوو لە ئیمام ئەحمەد جیابوونەوە و ئەویش پاشەکشەی لە صەنعا کرد، سوڵتان حاتەمیش ئەمەی بە هەل زانی هێزەکانی بەرەو صەنعا بردو و دەستی بەسەر قوڵلەی (**ذی مرمر**[4]) و (**حصن بکر**) و (**عمر**)ی لە وڵاتی کوکبان[5] گرت. دواتر بۆ وڵاتی (**الظاهر**) و

---

١ – **حصن براش**: قوڵلەیەکە بەسەر شاری صەنعاوە دەڕوانێت. الحمیری، منتخبات فی اخبار الیمن، تصحیح عظیم الدین

٢ – **بلاد جنب**: هەرێمیکە لەیەمەن، هی هۆزەکانی (الحارث و العلی و سنعان و شمران وحفان و جنب ) بەو شەشەیان دەگوتریت (الجنب). یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٢، ص١٦٧.

٣ – یحی بن الحسین: غایە الامانی ،ق١، ص٩٤.

٤ – **ذي مرمر**: قوڵلەیەکی بەناوبانگە لەباکوڕی صەنعا، ئێستا تەنها گردۆڵکەیەکی لێماوەتەوە. اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیە، ص١١٤.

٥ – **کوکبان**: ناوچەیەکە کەوتۆتە باکوڕی صەنعا. هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤

ئینجا بۆ (**صعده**[1]) چوو. دوای ئەوەش بۆ صەنعا گەڕایەوە، سوڵتان حاتەم لە ساڵی (**٥٥٦ک/١١٦٠ز**) کۆچی دواییکرد و (**علی**)ی کوڕی لە شوێنی خۆی دانا و هۆزەکان دەنگیان بۆ دا[2].

لەسەردەمی ئەو چەند هۆزێک بە سەرکردایەتی پیاوێک لە (**ال القبیب**) کە ناوی (**علی کوڕی محمدی کوڕی حماس**) بوو شۆڕشیان کرد، سوڵتان عەلی کوڕی حاتەم توانی ئەو شۆڕشانە لەناوبەرێت و دەست بەسەر صەنعا دابگرێتەوە و ئارامی و هێمنی بۆ بگەڕێنیتەوە[3]، کاری بۆ فراوانکردنی دەوڵەتەکەی کرد و (**حصن ذی مرمر**) و (**کوکبان**) و (**العروس**) و شوێنانی دیکەی خستە سەردەوڵەتەکەی[4].

لەماوەی فەرمانرەوەایی ئەودا (**عبدالنبی کوڕی مهدی**) دەرکەوت، کە هێرشی بۆسەر موڵکەکانی دەوڵەتەکانی دیکە دەکرد، (**علی کوڕی حاتم**) لەگەڵ (**بنی زریع**) لە دژی (**بنی مهدی**) ڕێکەوتن و توانیان بەرپەرچی هێزەکانی بدەنەوە، دوای ئەوەی سەربازانی (**عبدالنبی کوڕی مهدی**) زۆر بەخراپی شکان، توانیان سەرجەم پێگەکانی هێزەکانی (**عبدالنبی**) لە (**الجند**) و (**اب**) و (**تعز**) بگرن، (**عبدالنبی کوڕی مهدی**) بۆ شاری زەبیدە پاشەکشەی کرد، لە ساڵی (**٥٧٠ک/١١٧٤ز**) مەلیک تۆرانشاە بە (**ذمار**[5]) گەیشت و دەستی بەسەر وڵاتی (**جنب**) داگرت. سوڵتان (**علی کوڕی حاتم**) زانی کە لەتوانایدا نیە ڕووبەرووی ببێتەوە، بۆیە دوای ڕووخاندنی

---

١ - **صعده:** شارێکی بازرگانییە دەکەوێتە باشوری صەنعاوە. الادریسی، نزهە المشتاق، ص٥٦؛ اسماعیل بن علی الاکوع، هەمان سەرچاوە، ل١١٦

٢ - محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص٧٤.

٣ - حسن سلیمان محمود، تاریخ الیمن السیاسی، ص٢٣٦.

٤ - عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمین فی ظل الاسلام، (کویت:١٩٨٢)، ص٢٠١.

٥ - **ذمار**: بەناوی (ذمار بن یعصب بن دهمان بن مالک بن عدی) ناونراوە، شارێکی گەورەیە لە دووری ٤٠ میلەوەیەوە لە صەنعاوە. الحمیری، منتخبات، ص٣٩؛ الحمیری، الروض المعطار، ص٢٥٦.

شواری صەنعا، هێزی ئامادەکرد و جبەخانەی هەڵگرت و بەرەو (**حصن براش**) بەرێکەوت، هەروەها (**بشر کوڕی حاتم**)ی براشی بۆ (**حصن عزان**[1]) هات، دوای ئەوە، هێزەکانی تۆرانشا هاتنە ناو صەنعاوە و دەسەڵاتی (**بنی حاتم**) لەناوبرد، تا ڕۆیشتنی تۆرانشا لە ساڵی (**٥٧١ک/١١٧٥ز**) ئینجا (**بنو حاتم**) جارێکی بۆ صەنعا گەڕانەوە[2].

**٣- دەوڵەتی (بنی مهدی) لە زەبید (-٥٦٩ک/١١٥٩-١١٧٣ز):**

ئەو دەوڵەتە بۆ (**علی کوڕی مهدی**[3])ی دەگەڕێتەوە، کە گۆشەگیر و خواپەرستی و نزیکبوونی لە زانایان لە حاجیەکانی عێراق و حیجاز و شام وەرگرتبوو، ئەوانەی لە وەرزی حەج حەجیان دەکرد، لەوانەوە زانیاری و وەعزی وەرگرت، دواتر بۆ یەمەن گەڕایەوە، لە ساڵی (**٥٣١ک/١١٣٦ز**) دەرکەوت، توانا و خەسڵەتی وای هەبوو، دەیتوانی کاریگەری بەسەر خەڵکەوە هەبێت، ئەو کەسێکی " باڵا بەرز و تیکچەقی بوو، دەنگی خۆشی بۆ وەعزدان و تەفسیر هەبوو، پەیڕەوی شێوازی صوفی دەکرد، وا قسەی بۆ خەڵک دەکرد وەک بڵێی لە داهاتوو دەزانێ، ئەمانەش ژمارەی لایەنگرانی زۆرکرد و دڵی خەڵکی بۆخۆی کێشکرد"[4].

هاوەڵانی بە (**المهللة**) ناویان دەبرد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆری تەهلیلە دەکرد[5]، لەسەر مەزهەبی خەواریج بوو[1].

---

١ - **حصن عزان**: لە قەڵایەکانی تەعزە، کە کەوتۆتە چیای صبرە. یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٤، ص١١٨.

٢ - حسن سلیمان محمود، هەمان سەرچاوە

٣ - **علی بن مهدی**: ناوی (علی بن مهدی الحمیری)یە لە گوندی العنبرەی نزیک زەبید نیشتەجێیە. الزرکلی، الاعلام، ج٥، ص٢٥.

٤ - عمارە، تاریخ الیمن، ص١٢١؛ تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٧٤؛الوصابی، تاریخ وصاب، تحقیق عبدالله محمد االحبشی،(صنعاء:١٩٧٩)،ج٢، ص١٠٥.

٥ - **تەهلیلە**:جۆرە زیکرێکە خودا پەرستان بە زمان لە هەموو کاتێکدا ئەنجامی دەدەن. و.ک.

کاتێ ساڵی (**٥٣٨ک/١١٤٣ز**) لەلایەن خەڵکی چیا بەیعەتی پێدرا و بوونە هاوپەیمانی، ویستی هێرش بۆ سەر (**الكدراء**[٢]) ببات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرامبەر هێزەکانی دەوڵەتی (**النجاحیە ٤١٢-٥٥٤ک/١٠٢١-١١٥٩ز**) شکستی هێنا، بۆ ناوچەی چیا گەڕایەوە، تا ساڵی (**٥٤١ک/١١٤٦ز**) تێیدا مایەوە، تا ئەو کاتەی داوای یارمەتی لە دایکی فاتک (**فاتک کوڕی منصور**) کرد، کە ئەوکات کاروباری زەبیدەی هەڵدەسوڕاند، بۆئەوەی بگەڕێتەوە، ئەویش ڕێگەی گەڕانەوەی پێدا، (**علی کوڕی مهدی**)یش مولکەکانی ئەوی بەکاردێنا، بەهۆیەوە پارەیەکی زۆری کۆکردەوە، بەم پارانەش دڵی خەڵکی بۆخۆی ڕادەکێشا، بەمەش لایەنگرانی زۆربوو[٣].

(**علی کوڕی مهدی**) بۆ چیا چوو، (**حصن الداسر**) لە وڵاتی (**وصاب**[٤]) وەرگرت، دواتر (**حصن الشرف**) برد و کردیە مەلبەندی نیشتەجێبوونی خۆی ناوی (**الانصار**) لێنرا، ئەوانەی لە (**تهامە**)مەوە لەگەڵی هاتبوون ناویان لێنرا (**المهاجرین**)، بۆ هەریەکێک لەم دوو دەستەیە نەقیبێکی دانا، ژمارەیەک هێرشی بۆ سەرناوچەکانی تەهامە برد، زۆرێک لە شار و قوڵلەی یەمەنی وێران و خاپورکرد[٥].

لەساڵی (**٥٥٤ک/١١٥٩ز**) توانی هێرشی بۆ زەبیدە بکات و (**ال النجاح**) لەنابەرێت، دوای ماوەیەکی کورت کۆچی دواییکرد، کوڕەکەی (**ابن مهدی**) دەسەڵاتی وەرگرت[٦].

---

١ - العرشی، بلوغ المراح، ص١٨.

٢ - **الكدراء**: شارێکی نزیک زەبیدە. یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٤، ص١٤٠.

٣ - عمارە، هەمان سەرچاوە، ص١٢٢؛ ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٤،ق٢، ص٤٦٨.

٤ - **وصاب**: چیاییەکە لەتەنیشت زەبید لە یەمەن. کە ژمارەیەک گوند و قەڵای تێدایە. اسماعیل بن علی الاكوع، البلدان الیمانیە، ص٢٨٦.

٥ - ابن الدیبع، قرە العیون باخبار الیمن المیمون، تحقیق محمد بن علی الاكوع، (القاهرة:١٩٦٢)، ج١، ص٣٦١؛ الوصابی، هەمان سەرچاوە،ج٢، ص١٠٦.

٦- عمارە، تاریخ الیمن،م، ص١٢٥؛ ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون،مج٤،ق٢، ص٤٦٧؛ یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٣١١.

ئیبن مەهدی لەسەر سیاسەتی باوکی لە فراوانخوازی سنوری دەوڵەتەکەی ڕۆیشت و هێرشی بۆسەر ناوچەکانی دیکەی دەوڵەتە یەمەنییەکان دەبرد. هێرشی بۆسەر ناوچەکانی (**لحج**[1]) و (**الجند**) برد، کە سەربە (**بنی زریع**) بوون[2]، ساڵی (**٥٥٨ک/١١٦٢ز**) ژمارەیەک زانا و فەقیهی کوشت و مزگەوتی (**الجند**) وێرانکرد. ساڵی (**٥٥٩ک/١١٦٣ز**) کوڕی مەهدی کۆچی دواییکرد و (**عبدالنبی**)برای لەشوێنی خۆی دانا[3].

(**عبدالنبی**) بە مەهدی ناونرابوو" ئاوریشمی حەڵاڵکرد و لە خوا هەڵگەڕایەوە[4]"، گوتراوە کە ئەو سەید و ئیمامی بەسەر زاری خەڵکەوە ناوە[5]، پارەیەکی زۆر و زەبەندی کۆکردۆتەوە، کە هی دەوڵەتەکانی (**النجاحیە و الصلیحیە**) بوون، گوتراوە موڵکی زیاتر لە بیست و پینج دەوڵەتی بردووە[6]، هێرشی بۆ سەر ناوچەکانی (**لحج و ابین و مخلاف السلیمانی**) بردووە و دژی دەوڵەتەکانی یەمەنی ژمارەیەک جەنگی هەلگیرساندوە[7].

دەوڵەتی بەنی مەهدی لەو دەوڵەتانە بووە، کە خەڵکی زۆریان بەدەستەوە ناڵاندووە، سیاسەتێکی ستەمارانەی دژ بەخەڵکی هەبووە و شەڕ و شۆڕێکی زۆری بەرپاکردووە.

---

١ – **لحج**: کەوتۆتە باشوری (ثغر عدن). اسماعیل بن علی الاکوع، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦.

٢ – محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص٨١.

٣- ابن الدیبع، بغیه المستفید فی تاریخ مدینه زبید، تحقیق عبدالله الحبشی، (صنعاء:١٩٧٩)، ص٦٥؛ العرشی، بلوغ المرام، ص١٧

٣- الذهبی، العبر فی خبر من غبر، تحقیق ابو هاجر محمد سعید، (بیروت:د.ت)،ج٣، ص٥٧؛ ابن العماد، شذرات الذهب، تحقیق محمود االارنؤوط، (بیروت:١٩٨٠)،مج٦، ص٣٨٦.

٥ – ابن سمره، طبقات فقهاء الیمن، تحقیق فؤاد سید، (القاهرة:١٩٥٧)، ص١٨٣.

٦ – عماره، هەمان سەرچاوە، ص١٢٥؛ ابن خلدون، هەمان سەرچاوە مج٤،ق٢، ص٤٧١.

٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو؛ ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

خەبەری بەنی مەهدی بە سوڵتان صەلاحەدین لە میسر گەیشتووە، ئەویش مەلیک تۆرانشای لە ساڵی (**٥٦٩هـ / ١١٧٣ز**) ناردووە و دەوڵەتی بەنی مەهەدی و سەرجەم دەوڵەتەکانی یەمەنی لەناوبردووە[١].

## ٤- ئیمامەتی زەیدی لە باکور:

بەهۆی ناوی (**زید کوڕی علی کوڕی الحسینی کوڕی علی کوڕی ابی طالب**) ناونراون زەیدی[٢]، ئەوانیش فیرقەیەکی شیعیین، ئیمامەت تەنها لە نەوەکانی فاتیمە پەسند دەکەن، بەڵام هەر فاتمییەکی زانا و خواپەرست دەتوانی ببێتە ئیمام، ئەو کاتەش ملکەچی بۆی واجب دەبێت، جا چ لەنەوەکانی ئیمامی حەسەن و حوسین بن یان نا[٣]. زەیدییە بۆ سێ فیرقە دابەش دەبن، ئەوانیش (**الجارودیە، السلیمانیە، و البتریە**)ن[٤].

زەیدییە لەناوچەکانی دەوروبەری حیجاز و عێراق دواتر یەمەن بڵاوبوونەتەوە[٥]، یەکەم کەس کە بانگەوازی بۆ کردووە (**یحیی کوڕی الحسینی کوڕی القاسم الرسی کوڕی طباطبا**) بووە، کە لە سەندەوە ئەو بانگەوازەی هێناوە، لە صەعدە ئیمام ئەو بانگەوازەی جاڕدا و نازناوی ئیمامی هادی هەلگرت[٦]، کاتێ لە صەنعا گیرسایەوە، خەڵکی بۆ شیعەبوون بانگکرد[٧].

---

١ - ابن سمره، طبقات الفقهاء، ص١٨٣؛ تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٧١؛ ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون،مج٤، ق٢، ص٤٧١ ؛ ابن الدیبع، قره العیون،ج١، ص٣٧٣.

٢ - الشهرستانی، الملل و النحل، (مصر:١٣١٧هـ)ص٢٠٧؛ السمعانی، الانساب، تحقیق الشیخ عبدالرحمن بن یحیی الیمانی، (بیروت:١٩٨٠)،ج٦، ص٣٣.

٣ - هەمان سەرچاوە

٤- الکرمانی، الفرق الاسلامیة، تحقیق سلیمه عبدالرسول، (بغداد:١٩٧٣)، ص ص٥٧-٥٩.

٥-عبدالرزاق محمد اسود، المدخل الی دراسة الادیان و المذاهب، (بیروت:١٩٨٠)،ج٣، ص٧٨.

٦ - العمری، مسالک الابصار، ص٥٩؛ ابن خلدون، هەمان سەرچاوە، ص٤٥٥.

٧ - ابن سمره، هەمان سەرچاوە، ص٧٩

هۆكاری بڵاوبوونەوەی زەیدیە لە یەمەن زۆربووە، لەوانەی لاوازی دەوڵەتی بەنی زیاد (**٢٠٥-٤٠٢ك/٨٢٠-١٠١١ز**) لەو سەردەمەدا، هەروەها نەبوونی یەکێتی سیاسی و لاوازی خەلافەتی عەباسی بەهۆی زاڵبوونی تورکەکان، زەیدییە ئەو ڕەوشەی قۆزتەوە و ناوچەکانی چیای بۆ سەرەتای بانگەوازەی دیاریکرد، بەهۆی دووری لە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، ئیمام هادی لە ساڵی (**٢٨٠ك/٨٩٣ز**) لە صەعدە دەستی بەکاری سوڵتانییەکەی کرد، شوێنکەوتووانی لە شوێنە جیاجیاکان بڵاوبوونەوە و دەستورێکیان دەرکرد، ئەو هۆزانەی بەلای شیعەبوون مەیلیان هەبوو، ملکەچی بوون، بەمەش زەیدییە بووە، گرنگترین فیرقە و بزووتنەوەکانی یەمەن[١].

ئەم ئیمامانە (**المؤيد بالله و المنصور بالله و المهدى بالله و المؤيد يحى کوڕی حمزە**) لە دیارترین ئیمامە بەناوبانگەکانیان بوون[٢].

ئیمام لەلایەن دەستەی (**السيدية**) هەڵدەبژێردرا، ئەوانیش نەوەی پێغەمبەرن لە فاتیمەی کچی پێغەمبەر[٣].

مێژووی ئیمامەتی زەیدی وەک تەواوی دەوڵەتەکانی دیکەی یەمەنی دەسەڵاتەکەی جێگیر نەبوو، هەندێ هۆزی یەمەنی وەک ئامرازیک بۆ بەدیهێنانی مەرامی خۆیان پاڵپشتیان لە ئیمامەکان کردووە، کاتێ وا هەبووە زیاتر لە ئیمامیک حوکمی کردووە و هەر ئیمامە و لایەنگرانی خۆی هەبووە، هەندێ ماوەش هەبووە، دەسەڵاتیان نەبووە[٤].

هەندێ ماوەش هەبووە، حوکمی ئیمام ئەوەندە زۆر دەبوو، تا دەیانتوانی دەست بەسەر شارە گەورەکانی وەک صەنعا و صەعدە زەبیدە بگرن، زۆرێک

---

١ - خالد يوسف صالح، الدوله النجاحيه فى اليمن، رساله ماجستير، جامعه الموصل،(الموصل:١٩٨٥)، ص٣١؛

٢ - العمرى، مسالک الابصار، ص٦٢.

**3 - H.B. SHARAB, covernment and politcs of the middle east in the twenteth century, (London:1962),p .15.**

٤ - عصام الدين الرؤوف الفقى، اليمن فى ظل الاسلام، ص١٢٦.

له دەستەکان لایەنگریان کردوون، (**العمری**) بەمشێوەیە وەسفیکردوون:" مەملەکەتی ئەشراف لە ژمارەیەک قوللەی قایم و وڵاتی بەهێز و هۆزی عەرەب و هاوپەیمانی کوردەکان ملکەچی ئەو ئەشرەفانە بوونە"[1].

پەیوەندییەکانی ئیمامەت بە دەوڵەتەکانی یەمەن و دەوڵەتی ئەیوبی و ڕەسوڵی ناجێگیربووە، جارێک پەیوەندییەکی دۆستانەبووە، جارێکیش دوژمنداری بووە، بەگوێرەی ڕەوشی سیاسییەکە، شەرێکی زۆر لەگەڵ ئەو هێزە سیاسیانە لە ئارادا بووە.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەبووە کە باری سیاسی وڵاتی یەمەن نالەبار بووە، دەسەڵاتی سیاسی دابەشببوو لەنێوان ئەو دەوڵەتۆچکانە لە باشور و ئیمامەتی زەیدی لە باکور.

وڵاتی یەمەن پێویستی بە حکومەتێک بووە، کە ڕیزەکانی دانیشتوان یەکبخات، کار بۆ باشترکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیان بکات، چونکە دابەش بوونی وڵات وایکرد ژیانی ئابووری داتەپێ، بەهۆی زۆری شەڕ و جەنگ و کێشمەکێشەکان، بەتایبەت ئەوانەی دەوڵەتی بەنی مەهدی بەرپای کردن، خەڵکی لە سایەی دەسەڵاتی ئەوان لە هەژاری و نەداری دەژیا.

لە ڕەوشێکی وادا وڵاتی یەمەن پێویستی بە یەکێتیەکی سیاسی بوو، کوردە ئەیوبییەکان توانیان ئەمەیان بۆ یەکەمجار لەمێژوو بۆ بەدیبهێنن، کاتێ لەساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) بەسەرکردایەتی تۆرانشاە کوڕی ئەیوبی هاتنە ناو یەمەن.

## یەکەم: فاکتەرەکانی هاتنی کورد بۆ یەمەن:

مێژوونووسەکان لەبارەی هۆکارەکانی هاتنی کورد بۆ یەمەن، جیابوون، ئاماژەیان بۆ ژمارەیەک هۆکارکردووە:

ئیبن ئەسیر باسی لەوەکردووە کە ترسی صەڵاحەدین لە نورەدین زەنگی دوای توندبوونەوەی ناکۆکییەکانیان هۆکارێک بووە لەو هۆکارانە،

---

١ - العمری، هەمان سەرچاوە، ل٦٤.

چونکە صەڵاحەدین ویستی ناوچەکەیەک یان وڵاتیکی هەبێت، لەبارێکدا تووشی مەترسی یان هێرش بووە لەلایەن نورەدینەوە، پەنای بۆ بەرێت. بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە: "صەڵاحەدین و خەڵکەکەی لە نورەدین مەحمود دەترسان لەوەی بێتە میسر و لەوانی زەوت بکات، بۆیە دەستیان بەدیاریکردنی شوێنیک کرد بۆی بچن و ببێتە مولکیان"[1]، هەندێ مێژوونووسی دیکەش ئەو ڕیوایەتەیان گوازتۆتەوە[2]. بەڵام ئیمە ترسی صەڵاحەدین لە نورەدین بەدوور دەزانین، چونکە صەڵاحەدین لەم سەردەمەلە هەلوێستێکی لاوازدا نەبووە، تاکو لە نورەدین بترسێت بەشێوەیەک توانی لەساڵی **(٥٦٧ک/١١٧١ز)** دەوڵەتی فاتمی لە میسر لەناوبەرێت و دەسەڵات وەربگرێت، هەروەها خاوەن سوپایەکی گەورە و بەهێز بوو[3]، ئەگەر ئەوەندە بترسابووایە، سوپاکەی نەدەکرد بەدوو بەشەوە، بەشێکی بۆ یەمەن نەدەنارد.

هەروەها پەیوەندی صەڵاحەدین لەگەڵ نورەدین بەمشێوەیە نەبووە، چونکە صەڵاحەدین کاتێ سوپای بۆ یەمەن نارد، مۆڵەتی لە خەلافەتی عەباسی و نورەدین وەرگرتووە، ئیبن ئەسیر خۆشی ئاماژەی بۆئەوە کردووە: "مۆڵەتیان لە نورەدین وەرگرت، لەبارەی چوونی سوپا بۆ یەمەن....ئەویش بۆ ئەمە ئیزنی دان"[4]. هەروەها سەبتی ئیبن جۆزییش باسی لەوەکردووە کە: "صەڵاحەدین نامەی بۆ نورەدین نووسیووە، لەبارەی ئەوەی

---

١ - الكامل فى التاريخ، (بيروت:١٩٨٤)،ج١١، ص٣٩٦.

٢ - ابن واصل، مفرج الكروب، ج١، ص٣٢٧؛ ابو الفداء، المختصر فى اخبار البشر، (مصر:د.ت)، ج٣، ص٥٣؛ ابن الوردى، تاريخ ابن الوردى، تحقيق احمد رفعت البدراوى، (بيروت:١٩٧٠)، ج٢، ص١٢؛ ابن خلدون،تاريخ ،مج٥،ق١، ص٦٣٠،المقريزى، السلوك لمعرفه الدول و الملوك، تحقيق عبدالقادر عطا، (يروت:١٩٧٧)، ج١، ص١٦١.

٣ - بۆ زیاتری زانیاری لەبارەی هێزی سوپاکەی صەلاحەدین سەیری: محسن محمد حسين، الجيش الايوبى فى عصر صلاح الدين، (بيروت:١٩٨٦)، ص ص١٠٢-١٠٤.

٤ - ابن الاثير، الكامل، ج١١، ص٣٩٦.

مۆڵەتی پێ بدات کە سوپا بۆ یەمەن بنێرێ، ئەویش ئیزنی داوە"[1]. سەرچاوەکان باسیان لەوەکردووە، کە نورەدین خۆی موژدەی فەتحی یەمەنی بە خەلیفەداوە:" کاتێ فەتحکرا، نورەدین موژدەکەی بە بەغدا گەیاند"[2].

زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەوە کۆکن کە هۆکاری سەرەکی هاتنی کورد بۆ یەمەن، بوونی (**عبدالنبی کوڕی مهدی**) و ئەنجامدانی کردەوەی ناکۆک بە شەریعەت و ستەمکاری و کوشت و بڕ و بە کۆیلەکردنی ئافەرەتان بوو، کە لەلایەن هەندێکەوە بە زەندیق (کافری ڕەها) وەسفکراوە، هەروەها خوتبەی هەینی بەناوی خەلیفەی عەباسییەوە نەدەکرد و بەناوی خۆیەوە دەیکرد، دوای ئەوەی خەڵکەکەی هانایان بۆ خەلافەتی عەباسی لە بەغدا و صەحەدین برد، صەڵاحەدین بەمەی زانی دەستپێشخەری کرد و براکەی بۆ یەمەن نارد[3]. گوتراوە کە :"**شریف قاسمی کوڕی غانم یحیی السلیمانی** لەلایەن خەلیفەیەکی بەنی عەباس سکاڵای لە کردەوەکانی (**عبدالنبی**) کردووە، لەوەی کە شەڕیفی برای و هاسی کوڕی غانمی کوشتووە و داوای سەرخستنی لەو کرد"[4]. ئیبن بەدیع باسی لەوە کردووە کە:" پیاوێک بەناوی (**ابن النساخ**[5]) نامەی بۆ خەلیفەی

---

١ – مرآه الزمان فی التاریخ الاعیان، (حیدر اباد:١٩٥١)،ج٨،ق١، ص٢٩٩.

٢ – ابو شامه، الروضتین فی اخبار الدولتین النوریه و الصلاحیه، (بیروت:د.ت)، ج١، ص٢١٨؛ الحنبلی، شفاء القلوب فی مناقب بنی ایوب، تحقیق ناظم رشید، (بغداد:١٩٧٩)، ص٥٣

٣ – ابن واصل، مفرج الکروب، ج١، ص٢٣٨؛ تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٧٤١؛ ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٣٧٤؛ بغیه المستفید، ص٦٩؛ شرفخانی بدلیسی ، الشرفنامه، ترجمه جمیل روزبیانی، (بغداد:١٩٥٣)، ص٨٣.

٤ – سبط ابن الجوزی، هەمان سەرچاوە، ص٣٧٠؛ ابو شامه، هەمان سەرچاوە، ص٢١٧؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٣٢٢.

٥ – **ابن النساخ**: ناوی (حسن بن محمد بن النساخ) ئەدیب و شاعیر بووە، لە کۆمەڵەی (المطرفیة) بووە لە یەمەن. یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە، ص٤٠٠.

بەغدا نووسیووە، گلەیی لە ئیبن مەهدی کردووە و باسی کردەوەکان و خراپی بیروباوەڕەکەی کردووە، خەلیفەش نێردراوی بۆ صەلاحەدین ناردوە و ئەویش براکەی ڕەوانەی یەمەن کردووە"[1].

هەندێ مێژوونووسی دیکە ئاماژە بە ڕۆڵی (**عمارة الیمنی**[2])ی شاعیر دەکەن، کە هانی مەلیک تۆرانشای داوە بێتە ناو یەمەنەوە، ئیبن ئەسیر باسی لەوە کردوە کە:" لە یەمەن شاعیرێک بەناوی عەمارە هەبووە، هانی (**شمس الدوله**)ی داوە بۆئەوەی بێتەناو یەمەنەوە، وەسفی وڵاتەکەی بۆکردووە و لەچاوی ئەوەی گەورەکردووە، ..."[3]، گوتراوە کە عەممارە وەسفی مەلیک تۆرانشای لە شیعرەکانی کردووە و بە زۆری سامانی یەمەن فریوی داوە[4]، کۆمەڵێ شیعری لە وەسفی مەلیک تۆرانشاە هەبووە، لەوانە:

**العلم منذ کان محتاج الی العلم و شفره السیف تستغنی عن القلم**

---

١ - قره العیون، ج١، ص٣٧٥، ئەم ریوایەتە ورد نییە، چونکە ئیبن نەساخ نامەیەکی بۆ خەلیفە ناصر ئەحمەد موستەزهیر نارد و داوای لێکرد شەڕی ئیمام عەبدوڵڵای کوری هەمزە بکات، نەوەک شەری مەهدی. هەمان سەرچاوە.

٢ - **عماره الیمنی**: ناوی (**عماره بن ابی الحسن علی زیدان الحکمی الیمنی**) بوو، شاعیر بووە، خاوەنی دیوانە شیعرێک و دوو کتێب بەناوەکانی (**النکت العصریه** ) و (**تاریخ الیمن**) بوو، ساڵی ٥٦٠ک لەلایەن صەلاحەدینەوە لە سێدارەدراوە، بەهۆی ئەوەی بەشداری لە پیلانگیرییەک لەدژی صەلاحەدین لە میسر کردووە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری: ابن الاثیر، الکامل،ج١، ص١٤٩؛ابن واصل، مفرج الکروب،ج١، ص٢٤٤؛ الذهبی، العبر،،ج٣، ص٥٨؛ المقریزی، درر العقود الفریده، تحقیق عدنان درویش و محمود مصری، (دمشق:١٩٩٥)، ج٢، ص٣٥٧؛ابن العماد، شذرات الذهب،مج٦، ص٣٨.

٣ - الکامل، ج١١، ص٣٩٦.

٤- ابن واصل، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٨؛ المقریزی، السلوک، ج١، ص١٦١.

**خیر خلیک ان صاحبت فی شرف عزم یفرق بین الـساق و القدم**[1]
لەوانە:
**امامک الفتح من شام و من یمن فلا ترد ڕؤس الخیـل باللجم**
**فاخلق لنفسک ملکا لاتضاف به الی سؤاک قرأ ور النار فی العلم**
هەروەها:
**ضاق الصعید علی جیادک بعدما ضمنت صعادک فتح کل صعید**[2]
هەروەها:
**و الغرب و الیمن القصیده اهله من خـوفهم فی قائم و حصید**
**و السیف یلمع فی الخواگر برقه بالسیف من عدن و ارض زبید**[3]

پێدەچێت ئامانج لەناردنی مەلیک تۆرانشا بۆ یەمەن، لاوازکردنی ئەو هێزەی میسر بووە، بۆئەوەی توانای بەرگری صەلیبییەکانی نەمێنێ، لەبارێکدا ئەگەر بۆ مەبەستی یارمەتیدانی فاتمییەکان بۆ گەڕانەوەی بۆ دەسەلات، هێرشییان بۆ میسر هێنا[4]، هەندێ مێژوونووسی دیکە باسیان لە هۆکاری دیکە کردووە، لەوانە، سولتان صەلاحەدین ویستوویەتی براکەی لە میسر دووربخاتەوە، چونکە کێشە و کیبرکی لەنێوان براکان لەسەر دەسەلات هەبوو، مەلیک تۆرانشاه خۆی بە ڕەواتر لە صەلاحەدین دەبینێ[5]، هەروەها باسییان لەوە کردوە، کە مەلیک تۆرانشاه کەسێکی

---

١- عماره الیمنی، النکت العصریه فی اخبار الوزراء المصریه، تصحیح هرتوبرغ درنبرغ، (القاهرة:١٩٩١)، ص ص ٣٥٢-٣٥٣؛ سبط ابن الجوزی، مرآه الزمان، ج٨،ق١، ص٣٠٣؛ المقریزی، الخطط المقریزی، المواعظ و الاعتبار بذکر الخطط و الاثار، (بیروت:د.ت)،ج٢، ص٣٧.
٢ – هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٩.
٣ – هەمان سەرچاوە، ل٢١٣
٤ – ابن الکثیر، البدایه و النهایه فی التاریخ، (بیروت:١٩٦٧)،ج١٢، ص٢٧٥.
٥ – سبط ابن الجوزی، مرأه الزمان،ج٨،ق١، ص٣٦٢؛ ابن تغری، النجوم الزاهرة فی ملوک مصر و القاهرة، (القاهرة:١٩٦٣)، ج٦، ص٨٧؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص٥٠.

دەست بڵاوبووە، داهاتەکانی بەشی نەکردووە، ویستوویەتی دەرەبەگایەتیەکەی زیاد بکات، بۆیە چۆتە یەمەن[١].

پێدەچێت ئەو هۆکارانە ورد نەبن، چونکە صەلاحەدین ڕێزی لە تۆرانشای برای دەنا، سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆکردوە:" زۆری پیا هەلدەدا و بەسەرخۆی فەرزی دەکرد"[٢]، هیچ کێشەیەک لەنێوانیان نەبووە، سەبارەت بەوەی داهاتەکانی بەشی نەکردووە بۆیە چۆتە یەمەن، بۆئەوەی پارەی زیاتری دەستکەویت، ئەمەش لە ڕاستی دوورە، مەعقول نییە تەنها لەبەر داهات ئەو هەریمە دوورە فەتح بکات، چونکە تۆرانشا دەرەبەگێکی (زەوی) زۆری لە میسر و ناوچەی قوص و ئەسوان و غیزان هەبوو، سەرباری زەوی دیکەی لە بۆش و جیزە و سەمنود و شوێنانی دیکە[٣]. بۆ ئەو ئاسان بوو داوای زەوی زیاتر بکات، بەتایبەت صەلاحەدین بەرامبەر خانەوادەکەی چاوتەنگ نەبوو[٤]، تۆرانشا یەکێک بووە لەو گەورە کەسایەتیانەی دەوڵەتی ئەیوبی کە موڵکێکی زۆر و فراوانی هەبوو[٥]، وەک دەبینین حەزی نەکردووە لە یەمەن نیشتەجێ ببێت، دوای ماوەیەکی کورت گەڕاوەتەوە میسر.

سەرباری ئەو هۆکارانەی کە مێژوونووسان باسیانکرد، بەلام ئیمە وای دەبینین، کە هۆکاری سەرەکی بۆ چوونی کورد بۆ یەمەن، خواستی صەلاحەدینی ئەیوبی بووە بۆ دابینکردن و فراوانکردنی سنوری دەوڵەتەکەی

---

١ - ابو شامه، الروضتین، ج١، ص٢١٦؛ المقریزی، السلوک، ج١، ص١٦٢.

٢- ابن خلکان، وفیات الاعیان و انباء الزمان، تحقیق احسان عباس، (بیروت:١٩٦٨)،ج١، ص٣٠٦؛ الصفدی، تحفه ذوی الالباب، تحقیق احسان بنت سعید خلصوی و زهیر حمدان الصمصام، (دمشق:١٩٩٢)،ق٢، ص٩٥.

٣ - هاملتون جیب، دراسات فی حضاره الاسلام، ترجمه احسان عباس و الاخرون، (بیروت:١٩٧٤)، ص٩٨.

٤ - علی بیومی، قیام الدوله الایوبیه فی مصر، (مصر:١٩٥٢)، ص١٨٧.

٥ - محسن محمد حسین، الجیش الایوبی، ص١٣٨.

لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە یەکخستنی هەرێمە ئیسلامییەکان بووە، لە پێناوی بەرگریکردن لە جیهانی ئیسلامی دژ بە هێرشەکانی صەلیبییەکان.

سەرەرای ئەوەش خواستی صەلاحەدین بۆ لەناوبردنی پەشێوی نالەباری کە بەهۆی بوونی بەنی مەهدییەوە لە یەمەن پەیدابىوو، بەتایبەت دوای ئەوەی دانیشتوانەکەی داوای یارمەتی بەهاناوەچوونی ئەویانکرد، لە ئارادابوو.

صەلاحەدین دەیویست بچێتە ناو هەموو ئەو دەوڵەت و وڵاتانەی کە سەربە میسر بوونە، چووە ناو هەموو ئەو شوێنانەی کە سەربە بە دەوڵەتی فاتمی بووە، جا چ ئەوەی لە یەمەن یان لە باکور ئەفریقیا یان لە حیجاز یان لە نەوبە بێت، بەڵام گرنگی زیاتر بە حیجاز و یەمەن دەدا، چونکە دەسەلاتدارانی فاتمی لەم دوو شوێنە زیاتر گردببوونەوە[١]، سەرباری ئەوەی دەیخواست پەیوەندی بازرگانی نێوان یەمەن و میسر باش بکات، بەهۆی گرنگی پێگەی بازرگانی یەمەنەوە[٢]، هەروەها صەلاحەدین سیاسەتێکی ستراتیژی و دیدگایەکی دووری هەبوو، بەدەستگرتن بەسەر یەمەن دەیویست، دەست بەسەر کلیلی دەریای سور دابگرێت و باڵادەستی خۆی بەسەر بەندەرەکانی بشکێنێ[٣] و بەرگری لە هەرێمە ئیسلامییەکان بەتایبەت حیجاز لەدژی هێرشی صەلیبییەکان بکات، کە ئەوان (صەلیبییەکان) گەیشتبوونە سەری دوورگەی عەقەبە و کەشتیەکانیان لە ئاوی دەریای سور بۆ هەڕەشەکردن لە هەردوو حەرەمە پیرۆزەکە (**الحرمين الشريفين**) و تەواوی کەنارەکانی ئەو دەریایە دابەزاندبوو[٤].

---

١ – احمد شلبی، موسوعه التاريخ الاسلامي، (القاهرة:١٩٧٧)،ج٧، ص٤٥٨.

٢ – کاهن، ماده الايوبين، دائره المعارف الاسلامية، (القاهرة:د.ت)،مج٥، ص٤٥٣.

٣ – کارل بروکمان، تاريخ الشعوب الاسلامية، ترجمه بثينه امين فار، القاهرة:١٩٦٧)؛ محسن محمد حسين، الجيش الايوبی، ص١٣٧

٤ – السيد بازل العرينی، الشرق الادنی فی العصور الوسطی، دار النهضة العربية، بروت:١٩٦٧, ص ١٥٦.

# بەشی دووەم

## کورد لەسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی

## (٥٦٩-٦٢٦ک/١١٧٣-١٤٥٤ز)

## دەسەڵاتی مەلیکە کوردە ئەیوبییەکان لە یەمەن

## (هەڵمەتەکەی تۆرانشاە و حوکمڕانی لە یەمەن (٥٦٩-٥٧١ک/١١٧٣-١١٧٥ز):

دوای ئەوەی صەلاحەدین ڕەزامەندی خەلافەتی عەباسی و نورەدین مەحمودی وەرگرت، هەڵمەتێکی گەورەی بەسەرکردایەتی براکەی (تۆرانشاە) بۆ چوونە ناو یەمەن ئامادەکرد، لە مانگی ڕەجەبی ساڵی **(٥٦٩ک/١١٧٣ز)** بەرەو یەمەن بەرێکەوت، **(یحیی کوڕی الحسین)** بەمشێوەیە ئەو هەڵمەتەی وەسفکردوە:" هەواڵی هاتنی مەلیک موعەزەم شەمسودەولە تۆرانشای کوڕی ئەیوبی کوردی لە وڵاتی میسرەوە بۆ یەمەن بە سێ هەزار فارس گەیشت.."[١].

بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە زۆربەی جەنگاوەرانی ئەو هەڵمەتە لە کوردەکان بوونە، سەرباری بەشداری هەندێ تورکمان و عەرەب، سەرچاوە مێژووییەکان باسیان لەوەکردووە کە ساڵی **(٥٦٨ک/١١٧٢ز)** تۆرانشاە بەرەو وڵاتی **(النوبة)** چووە، دەستی بەسەر قەڵای (ابریم) گرت و کەسێکی کوردی بەسەرەوە دانا، زۆربەی هێزەکەی لە کوردەکان بوو، دواتر بۆ میسر گەڕایەوە[٢]، ئینجا صەلاحەدین هەڵمەتێکی لەم هێزە و هێزەکانی میسر ئامادەکرد، کە زۆربەیان کوردبوون، جا چ فیرقەی ئەسەدی بێت یان فیرقەی صەلاحی بێت، چونکە زۆربەی هێزەکان تورکمان لە میسر پاشەکشەیان کرد و بۆ لای نورەدین مەحمود گەڕانەوە، ئەوکاتەی صەلاحەدین لە ساڵی

---

١ – هاملتون: بیروت:١٩٦٧، ص١٥٦

٢- جیب، دراسات ، ص٩٧؛ سعید عبد الفتاح عاشور، البنیه البشریه لجیوش صلاح الدین، مجله العربیه للعلوم الانسانیه، (کویت:١٩٩٠)،مج١٠،عدد٣٧، ص١٨.

(**٥٦٤ك/١١٦٨ز**) دوای شێرکۆی مامی پۆستی وەزارەتی لە میسر وەرگرت، صەلاحەدین سوپایەکی نوێی بەناوی صەلاحییە پێکهێنا، زۆربەیان کوڕانی تیرەکەی و نەتەوەکەی بوون، بەهۆی ئەوەی شارەزا و لیهاتووبوون لە جەنگان[١]،" سوپایەکی لە کوردەکان پێکهێنا، بووە سێبەری دەوڵەتی ئەیوبی"[٢]، ئەو کوردانە بەشداریان لەو هەڵمەتە کرد.

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بە بەکارهێنانی کورد و گۆرینی بە وانەی کە لە نەتەوەکەی بوون، کردووە، بەتایبەت دوای ئەوەی دەوڵەتی فاتمی لە میسر لە ساڵی (**٥٦٧ك/١١٧١ز**) لەناوبرد، مەقریزی بەمشێوەیە ئاماژەی بۆ کردووە:" کاتێ دەوڵەتی فاتمی لەسەر دەستی سوڵتان ناصر صەلاحەدین لەناوچوو، سەربازانی میسر لە کۆیلە و ڕەشپێست و ئەمیرەکانی میسر و عەربان و ئەرمەن و ئەوانی دیکە نەمان، سەربازانی کورد و تورکان شوێنیان گرتەوە[٣].

ئیبن ئەیاس باسی لەوە کردووە کە:" کاتێ صەلاحەدین خۆی بەتەنیا بووە خاوەنی وڵاتی میسر و شام، جەنگاوەرە داهێنراوەکانی هەڵوەشاندووە، کە لەوانە پێکهاتبوو: صەقالبە[٤] و کەدانە و موصامیدە[٥] وئەرمەن و خانەوادەی عرەبی شەنتیرە و کۆیلە و رەش پێستان لە شوێنی جەنگاوەری تایبەتی کوردی دامەزراند، کە ژمارەیان ١٢هەزار سوارچاکی ئازا بوو، لەوانەی لە جەنگ ماندوو نابن"[٦]. ئاماژەی دیکەش جەخت لەوە دەکات کە زۆربەی هێزەکانی لە کورد بوون، لەمەشدا پشت بە قسەیەکی تۆرانشا بەستراوە:"

---

١ – قاهرە:١٩٦٧ ،ج٤، ص٣٦٧.

٢ – حمد کریم ابراهیم، عدن دراسه فی احوالها الاقتصادیه و السیاسیه

٣– بصرە:١٩٨٥)، ص٢٢٠.

٤ - بەو کۆیلانە دەگوترا، کە سەربە نەتەوەکانی  رووس و صرب و بولگاریی بوون.

٥ – گرۆپێکی گەورەی هۆزێکی ئەمازیغین.

٦– ابن الجوزی، مرآه الزمان، ج١،ق١، ص ص٣٠٠-٣٠١؛الحنبلی،شفاء القلوب، ص٥١

شەڕ لەسەر خۆتان بکەن، ئەگینا عەرەب دەتانپیچیتەوە"[1]. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە هێزەکەی لە جەنگاوەرانی ناعەرەب بووە. هەڵمەتەکەی تۆرانشا لە مانگی ڕەجەبی ساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) بەرێکەوت و ڕێگەی نیل تا قوصی گرتەبەر، دواتر ڕێگەی دەریا تا (**عیذاب**)ی گرتەبەر، دواتر لە ڕێگەی دەریا بەردەوام بوو تا بە جەدە گەیشت، ئینجا ڕێگەی (**البرمده**)ی گرتەبەر تا بە مەککە گەیشت، وەک ئاشکرایە هەڵمەتەکەی ڕێگەی وشکانی و دەریایی گرتووە[2].

تۆرانشا چووە ناو مەککەوە، خاوەنەکەی ڕایکرد و کلیلی کەعبەی لەگەڵ خۆی برد، تۆرانشا بەسەر دەرگای کەعبە کەوتوو گوتی:" خودایە وەک دەزانی من بۆیە هاتوومە ئەو وڵاتەوە، بۆئەوەی چاکی بکەم، کردنەوەی دەرگاکەم بۆ ئاسان بکە"، دەگوترێت قفلەکەی بەدەستەوە گرتووە، دەرگاکە بۆتەوە، دوای ئەوە خاوەنی مەککە دابەزیووە[3]، ئینجا بەرەو یەمەن چوو، لەلایەن (**الامیر قاسمی کوڕی غانم السلیمانی**)ەوە پێشوازی لێکرا، کە هاتبووە ناوچەی (**حرض**) و سکاڵای لە (**ابن مهدی**) و کردەوەکانی کرد، لە پاڵ تۆرانشا بەرەو شاری زەبیدە ڕۆیشتن و دوای ژمارەیەک شەڕ بەشارەکە گەیشتن[4] کە تێیدا هێزەکانی سەربە (**عبدالنبی کوڕی مهدی**) شکستیان خوارد و خۆیان لە شارەکە قایمکرد، هێزەکانی تۆرانشا لە بەرەوپێشچوون بەردەوام بوون، گەمارۆی هێزەکەی کوڕی

---

١- ابن واصل، مفرج الکرب،ج٢، ص٤٦٥.

٢ - ابن الاثیر، الکامل،ج١١، ص٣٩٧؛ تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٧٥؛ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون،مج٥،ق٩، ص٦٣٠.

٣ - بن کامل بن علی بن مقلد بن نصر بن منقذ الکنانی الملقب بالسیف الدوله ولد سنه ٥٢٦ هـ بقلعه شیزر و توفی بالقاهرة سنه

٥٨٩هـ وهو من الامراء الدوله الصلاحیه و نائب عن الملک تورانشاه فی زبید. ابن خلکان،وفیات الاعیان، ج٢، ص١٤٦.

٤ - الزرکلی، الاعلام، ج٥، ص٢٧١.

مەهدییان داو بە پەیژە بەسەر شورای شارەکە سەرکەوتن و دوای ڕووبەڕووبوونەوە ژمارەیەکیان لێکوشتن و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و (**عبدالنبی**) و ژنە ئازادەکەیان بەدیل گرت[1] و ڕادەستی (**الامیر مبارکی کوڕی منقذ**)ی کرد[2]، دواشی لێکرد پارە شاراوەکانی دەربهێنیت، (**الامیر منقذ**)یش کۆمەڵێ خەزینەی دەرهێناو دەستی بەسەراگرت[3]، گوتراوە کە (**عبدالنبي**) لە دیلیدا مردوە، یان کوژراوە[4]، گوتراوە کە (**الامیر منقذ**) دوای ئەوەی زانیاری لەبارەی خەزینەکانی لێوەرگرت، کوشتوویەتی.

کاتێ ڕەوشەکە لە ( **زەبید و تەهامە** بۆ تۆرانشا ئارام بوو، بۆ ناوچەی (**الجند**) چوو، دەستی بەسەر قوللەی (**تعز**)دا گرت و شەڕی لەگەڵ خەڵکی (**صبر و ذخز**) کرد، ئینجا بەرەو عەدەن چوو[5]، گوتراوە کە هێزەکانی بە کەشتی جەنگی هاتوون، بەو کەشتیانەیان گوتووە (**الشوانی**)[6]، ئەوکات (**بلالی کوڕی یاسر)ی** جێگری ( **ال الزریع**) لە عەدەن بوو، شەڕی لەگەڵ هێزەکە کرد، بەڵام شکستی هێنا، دواتریش بەدیل گیرا و کوژرا، ئینجا هێزەکانی تۆرانشا دەستیان بەسەر عەدەن بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆدا گرت، سەربازان ویستیان کردەوە دزی و تالانی بکەن، بەڵام تۆرانشا

---

١ – ابن واصل، مفرج الكروب،ج١، ص٢٤١

٢ – الامير مبارك بن منقذ: ناوی موبارەکی کوری کاملی کوڕی عەلی کوری مقلدی کوری نەصری کوری مونقیزی کەنانییە، نازناوی (سيف الدولة)ی ساڵی ٥٢٦ک، لە قەڵای شیزەر لەدایکبووە، لە ساڵی ٥٨٩ک لە قاهیرە مردووە، ئەو یەکێک بووە لە ئەمیرانی دەولەی صەلاحی و جێگری مەلیک تۆرانشا بووە لە زەبید، ابن خلكان،وفيات الاعيان، ج٢، ص١٤٦؛ الزركلي، الاعلام، ج٥، ص٢٧١.

٣– تاج الدين اليماني، هەمان سەرچاوە، ل٧٤

٤– سيد علي الحريري، الاخبار السنية في الحروب الصليبية، (مصر:١٣٢٩هـ)، ص١٦٠

٥ – يحيى بن الحسين، غاية الاماني ،ق١، ص٣٢٣،

٦ - الشواني: الشيني، گرنگترین بەشی کەشتی بوو، کەزۆر درێژ و ١٤٣ کەس سەوەڵیان لێدەدا.

ڕێگری لێکردن و گوتی:" بۆ ئەوە نەهاتووین وڵاتەکە وێران بکەین، بەڵکو بۆئەوە هاتووین بیکەینە هی خۆمان و ئاوەدانی بکەینەوە"[1].

له ساڵی (**٥٧٠ک/١١٧٤ز**) بۆ هەرێمی (**دوران**[2]) چوو، خاوەی دۆران (**عبدالله ی کوڕی یحیی کوڕی الجینی**) بەرگری کرد، سوڵحی لەگەڵ کرد و بەرەو هەرێمی (**المصنعة**[3]) چوو، دەستی بەسەراگرت، ئینجا بۆ (**ذمار**) چوو، لەلایەن خەڵکی (جنب) له شوێنێک (**الرحمه شرق ذمار**)ی پی دەگوترێت، ڕووبەرووی بەرگرییەکی توند بووە، دوای شەرێکی گەرم توانی دەست بەسەر (**ذمار**) بگرێت، ئینجا بەرەو صەنعا چوو، له میانەی چوونی بۆ صەنعا لەرێگەدا هێزەکانی لەگەڵ خەڵکی (**جنب**) پێکیانددادا، خەڵکی (جنب) زۆر به توندی شەڕیان دەکرد، که وای له هێزەکەی تۆرانشا کرد. پاشەکشه بکات، ئەمەش وای له تۆرانشا کرد، هانی سەربازانی بدات و دوای لێکردن شەڕ بەردەوام بکەن و گوتی:" بۆ خۆتان شەڕ بکەن، ئەگینا عەرەب دەتاپیچیتەوە، ئێوە له کوێوەی وڵاتی میسرن". بۆیه هێزەکەی تا سەرکەوتن شەڕیانکرد و ژمارەیەکیان له خەڵکی (الجنب) کوشت، ئەوانی دیکەش بۆ ناوچەی (**هران**) ڕایانکرد[4].

دوای ئەوەی سوڵتان (**علی کوڕی حاتم**)ی خاوەنی صەنعا ئەوەی بەسەر خەڵکی (جنب)دا هاتووە، زانی، تێگەیشت که ناتوانێ بەرگری بکات، بۆیه دوای ئەوەی شورای شارەکەی وێرانکرد و خەزینەکانی کۆکردەوە صەنعای جێهێشت و بەرەو قەڵای (**براشت**) ڕۆیشت. هەروەها براکەشی

---

١ – تاج الدين اليماني، هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.

٢ – دۆران: گوندێکی ذمارە له یەمەن. القزويني، اثار البلاد، ص٣٨.

٣ – قەڵایەکی شاری زمارە له یەمەن. ياقوت الحموي، معجم البلدان،ج٥، ص١٤٤.

٤– هەران: قەڵایەکی شاری زمارە، له یەمەن. اسماعيل بن علي الاكوع، البلدان اليمانية، ص٢٩٠.

بۆ (عزان) ڕایکرد، لە ساڵی (**٥٧٠ک/١١٧٤ز**) سوپاکەی تۆرانشا هاتە شارەکەوە و بە گەرمی لەلایەن دانیشتوانەکەی پێشوازی کرا[١].

مەلیک تۆرانشا ماوەیەک لە صەنعا مایەوە و دواتر بۆ (**تهامە**) گەڕایەوە و ئینجا لە زەبید گیرسایەوە، دوای ئەوە بۆ (الجند) چوو و دەستی بەسەراگرت، دواتریش دەستی بەسەر ژمارەیەک قوللە و قەڵای (**المعافر و یمین و مینف و سمدان**) داگرت، دواتر بۆ (**ذی جبلة**) چوو، ماوەیەک تێیدا مایەوە، دواتر بۆ (زەبید) گەڕایەوە[٢]، دەگوترێت زیاتر لە ٨٠ قەڵای و شاری لە یەمەن و دەرووبەری وەرگرتووە[٣].

کاتێ ڕەوشەکە لەیەمەن جێگیربوو، خوتبەدانی بەناوی خەلافەتی عەباسی گەڕاندەوە، دواتر خوتبە بەناوی تۆرانشاوە کراو بە (**الملک المعظم**) ناونرا، ئەو هەواڵەی بۆ صەلاحەدین نارد و ئەویش لەلای خۆیەوە هەواڵەکەی بۆ مەلیک عادل نارد، مەلیک عادلیش خەبەرەکەی بە خەلیفە (**المستضیء**) لە بەغدا نارد[٤]، دەگوترێت کە نورەدین موژدەی فەتحی یەمەنی بە خەلیفە داوە[٥].

هەروەها صەلاحەدین نامەیەکی نارد، کە لەنامەکەدا خەباتمکردنی لەدژی فەرەنجەکان و فەتحی ژمارەیەک ناوچەی لە میسر و یەمەن و نوبە و هەرێمەکانی مەغریب تێدابوو، ئەو نامەیەی بە (**الخطیب شمس الدین**)ی وەزیردا نارد، لەبارەی یەمەنەوە دەڵێت:" لە یەمەن کەسێک بەناوی (**ابن مهدی**) گومڕا و یاخی بەهۆیەوە ئیسلام و پیغەمبەر (ص) ناشرین ببوو، چونکە ئەو هەتکی ناموس و ئافرەتانی دوێن پاکی دەکرد و بە نرخێکی کەم لە بازارەکان دەیفرۆشتن، ئەو ئافرەتانەی بە حەڵال زانی

---

١ – ابو شامة الروضتين، ج١، ص٢١٨

٢ – الروضتين، ج١، ص٢١٨؛ الحنبلي، شفاء القلوب، ص٥٢.

٣ – شفاء القلوب، ص٥٢.

٤ – المقريزى، السلوک،ج١، ص١٦٢

٥ – ابو شامه، الروضتين، ج١، ص٢١٨.

که ئیسلام بڕیاری لێنەداوە، بیدعەکاری کرد و گۆڕی باوکی کردە نزارگە و ناوی کەعبەی لێنا، پارەی لە ڕەعیەت دەستاند، حەرامی حەڵالکرد، بۆیە دوای ئەوەی تێچوونێکی زۆر و چەک و جبەخانەمان بۆ ئامادەکرد، براکەمان بە لەشکرێکەوە بۆ نارد، ئەو هەرێمەمان لیسەندەوە سوپاس بۆخودا کارەکە ئامانجی خۆی پێکا[1]".

خەلیفەش دانانی بە دەسەڵاتی صەلاحەدین بەسەر ئەو شوێنە فەتحکراوانە نا، نووسراوی خەلیفە بەمشێوەیە هاتبوو:" بیروڕا و ڕێککەوتن لەسەر ئەوە بوو کە ماف و حوکمی دەسەڵات بەوە بدرێت کە ئەو وڵات و شوێنانەی لە میسر و مەغریب و یەمەن فەتح کردووە[2]". بەمەش دەوڵەتەکەی صەلاحەدین لە یەمەن و حیجاز تا شام و مەککە و مەدینە میسر درێژبووەوە[3].

خەڵکی ناوچەکە پێشوازیان لە کوردە ئەیوبییەکان و دەستگرتن بەسەر وڵات کرد، بەهۆی ئەوەی ئەوان هێزە سیاسییە خێڵەکییەکانیان لەناوبرد، کە بەدەستیان دەیان ناڵاند، بەدەست شەڕەکانییان بێزاربوون، وڵاتیان وێرانکردبوو، سەرباری ئەوەش دەسەڵاتی ئەیوبییەکان سەلماندی کە دەسەڵاتێکە لە پێناوی بونیادنانی شارستانی کاردەکات[4]، بە فەزڵی کوردە ئەیوبییەکان بووە، یەکێتی سیاسی خاکی یەمەن بۆ یەکەمجار لە مێژووی ناوەڕاستی عەرەبی هاتەدی، یەمەن و میسر و سوریە و وڵاتی جەزیرە ڕوویدا[5]، هەروەها یەکێتی سیاسی دەریای سور بۆ یەکەمجار هاتە کایەوە،

---

١- ابو شامه، الروضتين،ج١، ص٢٤٢.

٢- القلشقندی، صبح الاعشی،ج١٠، ص ص١٤٥-١٥٢.

٣- الاسدی، التيسير و الاعتبار و التحرير و الاختيار، تحقيق عبدالقادر احمد طليمات، (مصر:١٩٦٧)، ص٦٨.

٤- محمود ياسين التكريتی، الايوبين فی اليمن، مجله الرافدين، (الموصل:١٩٨٠)، عدد١٢، ص١١٦.

٥ – حسن ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام،ج٤، ص٢١٤.

تێبینی دەکرێت کە دەسەڵاتی فاتمییەکان بەسەر یەمەنەوە تەنها دەسەڵاتێکی ڕوحی بووە، بەڵام دەسەڵاتی کورد، دەسەڵاتێکی سیاسی ڕاستەوخۆ بووە[1]، سەروەری بەسەر دەریای سورەوە بەخشی و بەشی گەورەی بە بازرگانە هێندییەکان دا[2]، ئەو یەکێتی سیاسیەی یەمەن تا دوای دەسەڵاتی کوردیش هەرمایەوە[3].

## جێهێشتنی یەمەن لەلایەن تۆرانشاوە:

کاتێ ڕەوشەکە بۆ تۆرانشا لە یەمەن جێگیربوو، هەرچەندە ماوەی حوکمڕانییەکەی کەم بوو، بەڵام ماوەی دەسەڵاتەکەی ڕەوشی سیاسی ئارامی بەخۆیەوە بینی و خەڵکی بە دادپەروەرانە و بە باشی حوکم دەکران: "تۆرانشا خۆی کەسێکی کەریم و سەخی و بە ئەخڵاق بوو[4]".

بەڵام لەمە زیاتر حەزی نەدەکرد لە یەمەن بمێنێتەوە، بۆ میسر و وڵاتی شام و براکەی (صەلاحەدین) بە پەرۆش بوو، چونکە وڵاتی یەمەن بۆ تۆرانشا وڵاتێکی نامۆ و لە میسر و شام دوور بوو، کاتێ صەلاحەدین نامەی بۆ نارد، لەبارەی مردنی نورەدین و دەستگرتنی بەسەر وڵاتی شام ئاگاداری کردەوە[5]، تۆرانشاش نامەیەکی بۆ نارد و داوای لێکرد ڕازی

---

١ - سيد مصطفى سالم، الفتح العثمانى الاول لليمن، ص٣١.

**2 - j.Sounder, A History of Medievalislam, (London;1978),p.166.**

٣ - دائره المعراف الاسلامية،مج٥، ص٤٦١.

٤ - ابن الاثير، الكامل، ج١١، ص٣٩٨؛ ابن شداد، النوادر السلطانيه و المحاسن اليوسيفيه، تحقيق جمال الدين الشيال،(القاهرة:١٩٦٢)، ص٤٦؛ الاصفهانى، البرق الشامى، تحقيق مصطفى الحيارى، (الاردن،١٩٨٧)،ج٣، ص١٥٣؛ ابن واصل، مفرج الكروب، ج١، ص٢٤٣؛ ابن تغرى، النجوم الزاهره،ج٦، ص٨٧.

٥ - ابن خلكان، وفيات الاعيان،ج١، ص٣٠٧؛ تاج الدين يمانى، بهجه الزمن، ص٧٦؛ ابن الديبع، قره العيون،ج١، ص٣٨٠.

لەسەر گەڕانەوە، بەهۆی ئەوەی دامەزراوەی پێویست بۆ پێویستییەکان بوونی نییە، نامەکەی نووسی و ئەم دێرە هۆنراوەشی نووسی:

**لولا محلک فی قلبی و افکـاری ما ڕتح الشوق اعطا فی و تذکاری**
**ولا التفت الی مصر و ســـاکنها وقد تعوضت عن مصر بأمصار**
**یا بارق الشام ما الاوطان من یمن اوطان شجوی ولا الاوطار اوطاری**
**ما الدار الا دمشق و المنا حلب و السوڵ مصر و فی الزوراء مزداری**
**تلک المنازل لا لحج و لاعدن و لا زبید و ڵا اکناف تعشار**[1]

صەڵاحەدین نێردراوێکی بۆ نارد، ئەو نێردراوە داوای لە تۆرانشا کرد لە یەمەن بمێنێتەوە و باسی خێر و بێر و سامانی ئەوی بۆ کرد[2]، بەڵام پێدەچێت تۆرانشا بەمە باوەڕی نەهاتبی، دووبارە نامەی بۆ صەڵاحەدین نووسی و هەندێ دێرە شیعری (**المنجم**[3])ی شاعیر تێدانووسی:

**و الی صلاح الدین اشکو اننی من بعده مضنی الجوانح مؤلم**
**جزعا لبعد الدار منه و لم اکن لولا هواه لبعد دار اجـــزع**[4]

کاتێ سووربوونی لەسەر گەڕانەوە پێشاندا، صەڵاحەدین ڕازی بوو بگەڕێتەوە، داوای لە (الکاتب **العماد**[5])کرد ئەو دێرە شیعرەی بۆ بنووسی:

---

١ – ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە؛ العبدلی،هدیه الزمان فی اخبار ملوک لحج و عدن، (بیروت:١٩٨٠)، ص ص٦٧–٦٨.

٢ – ابن الدیبع ،قره العیون،ج١، ص٣٨١؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٣٢٥.

٣ – الشاعر المنجم: وهو الشاعرنشو الدوله علی بن مفرج المنجم توفی سنه ٦٣٠هـ الحنبلی، شفاء القلوب، ص٥٤.

٤ – ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص١٣٢؛ هەمان سەرچاوە، ل٢٦٤.

٥ – الکاتب العماد: ناوی (**عبدالله محمد بن صفی الدین**)یە بە (**عماد الکاتب الاصفهانی**) نازناوی دەرکردووە، لە ساڵی ٥١٩ک لە ئەصفەهان لەدایکبووە، لە

**مولای شمس الدوله الملک الذی　　شمس السیاده من سناه تطلع**
**للنصر ان اقبلت نمو مقبل　　و الیمن ان اسرعت نحوی مسرع**[1]

کاتێ نامەکە بە تۆرانشا گەیشت، لە ساڵی (**٥٧١ک/١١٧٥**) لە گەڕانەوەی بۆ وڵاتی شام پەلەی کرد، بەر لەوەی وڵاتی یەمەن بەجێبهێڵێت، کاروباری وڵاتی ڕێکخست، جێگرەکانی لە هەرێمەکانی دانان، (**سـیف الدولة مبارک کوڕی منقذ**) بەسەر (**زبید**) دانا و (**عثمان الزنجبیلی**[2]) بەسەر (**عدن**) دانا و (**یاقوت التعـزی**) بەسەر (تعز) و (**مظفر الدین قایماز**)ی بەسەر (**ذی جبلة**[3]) دانا، هەروەها (**الامیر هارون الکوردی**) بە والی ناوچەی (**حضرموت**[4]) دامەزراند، بەڵام (**الامیر منقذ**) ڕەمەزامەندی مەلیک تۆرانشای لەسەر دامەزراندنی (**خطاب کوڕی منقذ**[5])ی برای لە زەبید بەدەستهێنا، دوای ئەوکارانە بۆ میسر گەڕایەوە، گوتراوە صەلاحەدین دەستی بەسەر

---

ساڵی ٥٩٧ک لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. نووسەر و شاعیر هەردوو دەوڵەتی نورییە و صلاحیە بووە. ابو الشامە، تراجم رجال القرنین السادس و السابع المعروف بذیل علی الروضتین، تصحیح محمد زاهد الحسن الکوثری و مراجعە عزت العطار الحسینی، (بیروت:١٩٧٤)؛ ابن خلکان، وفیات الاعیان، ج٥، ص١٥٢؛ الصفدی، الوافی بالوفیات، (المانیا: ١٩٦١)، ج١، ص١٣٢ .

١ – ابو الشامە، الروضتین، ج١، ص٢٦٢.

٢ – عثمان الزنجبیلی: ناوی (ابو عمر عثمان علی الزنجبیلی) کە زەنجەبیلی بۆ ناوی گوندی (زنجبیلە ) دەگەڕێتەوە، کە گوندێکی دیمەشقە، یەکێک بوو لەو ئەمیرانەی کە لەگەڵ تۆرانشا بۆ یەمەن هاتووە، نازناوی (عز الدولة)ی بوو. ابو مخزمە، تاریخ ثغر عدن، (لیدن:١٩٣٦)، ج٢، ص١٣١.

٣ – ابن واصل، مفرج الکروب، ج١، ص٤٩٦؛ ابو مخرمە، ن. م، ص٦٩؛ تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٧٧؛ یحیی بن الحسین، غایە الامانی، ق١، ص٣٢٦.

٤– ابو الشامە، الروضتین،ج١، ص٢٦؛ سید علی الحریری، الاخبار السنیە، ص١٧٩

٥– ناوی( خطاب ) لە هەندێ سەرچاوە هاتووە.

پارەوپولەکانی داگرتەوە، لەبری ئەوەی تۆرانشا دەستی بەسەر پارەوپولی (**بنی مهدی**)[1]داگرت، لە ساڵی (**٥٧١ک/١١٧٥ز**) مەلیک تۆرانشا گەیشتە دیمەشق، کاتێ صەلاحە بەهەواڵی گەیشتنەکەی زانی، زۆر دڵی خۆش بوو، نامەیەکی بۆ نارد، ئەمە لە سەرەتای نووسرابوو:" من یوسف و ئەوەش برامە خوا بۆمانی گەڕاندۆتەوە[2]"، کردیە والی دیمەشق و دواتر بۆ میسر چوو، کاروباری شاری ئەسکەندەرییە لە ساڵی (**٥٧٤ک/١١٧٨ز**) بەدەستەوە گرت، جێگرەکانی لە یەمەن خەراجیان لە هەرێمەکانی یەمەن بۆ میسر دەهێنا، سەرباری ئەوەش بە بری ٢٠٠ هەزار دینار قەرزدار بوو، صەلاحەدین لەجیاتی ئەو قەرزەکانی دا[3]. مەلیک تۆرانشا لە ساڵی (**٥٧٦ک/١١٨٠ز**)[4] لە ئەسکەندەرییە کۆچی دواییکرد، خاتوو (ست الشام[5])ی خوشکی بۆ دیمەشق گواستیەوە، لەو قوتابخانەیەی کە لە دەرووبەری دیمەشق بونیادی نابوو، ناشتی[6].

---

١- ابن الدیبع، قره العیون،ج١، ص٣٨٦.

٢- ابو الشامە، هەمان سەرچاوە، ص٢٥٩.

٣- الذهبی، العبر، ج٣، ص٧١؛ الغسانی، العسجد المسبوک و الجوهر المحکوک، تحقیق شاکر محمود عبدالمنعم، (بغداد:١٩٧٥)،ج٢، ص١٨١، القلقشندی، صبح الاعشی،ج٥، ص٢٨؛ ابن العماد، شذارت الذهب، مج٥، ص٤٢.

٤- ابن العبری، تاریخ مختصر الدول، (د. م، ت)، ص٢١٨؛ یحیی بن الحسین، ن. م، ص٣٢٧.

٥ - **ست الشام:** ناوی ( زمرد خاتونی کچی ایوب شادی)یە، مێردی بە (ناصر الدین ابن عمها اسد الدین شێرکۆ) کرد، ژنێکی چاک بوو زۆر خێر و نوێژ و چاکەی دەکرد، لە شام ژمارەیەک قوتابخانەی دروستکرد. لە ساڵی ٦١٦ک کۆچی دواییکرد، لە مەدرسەی شامیە لە دیمەشق نێژرا. الحنبلی، شفاء القلوب، ص٢٢٩، الصغدی، تحفە ذوی الالباب، ق٢، ص٩٦؛ النعیمی، الدارس فی التاریخ المدارس، اعد فهارسە ابراهیم شمس الدین، (بیروت:١٩٩٠)،ج١، ص٢٠٨.

٦- ابن خلکان، وفیات الاعیان،ج١، ص٣٠٧؛ ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ل٣٨٣.

## یەمەن دوای ڕۆیشتنی مەلیک تۆرانشا:

کاتێ ساڵی (**٥٧١ک/١١٧٥ز**) مەلیک تۆرانشا یەمەنی بەجێهێشت، بۆشاییەکەی سیاسی لە دەسەڵات کەوتووە، هەرچەندە نوێنەرانی لە هەرێمەکانیش دامەزراندبوو، ئەوانە بەناوی ئەوەوە حوکمیان دەکرد، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، و خەراجیان بەو دەدا.

ئەو ماوەیە ناکۆکی و ململانیی نێوان جێگرەکانی بەخۆیەوە بینی، هەریەکەیان دەیویست هەرێمەکەی سەربەخۆ بکات، پەشێوی و نائارامی بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسیەتی هێز و ستەم دژ بە دانیشتوان بڵاوببووەوە، بەتایبەت دوای مردنی تۆرانشا لە ساڵی (**٥٧٦ک/١١٨٠ز**)، هەر جێگرەو و خۆی بە مەلیک ناساند و سکەی بەناوی خۆیەوە لێدا[١].

(**عثمان الزنجبیلی**) والی عەدەن بەهێزترین ئەمیرەکان بوو، توانی زۆرێک لە ناوچەکان بخاتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە، توانی دەسەڵاتی (**مظفرالدین قایماز**)ی والی (**ذی جبلة**) لەناوبەرێت و سەرکردایەتی ژمارەیەک هەڵمەتی بۆ سەر (**حضرموت**) کرد، ململانێکەی لەگەڵ کێبرکێکارە بەهێزەکەی (**الامیر خطابی کوڕی منقذ**)ی والی زەبید توند بووەوە[٢].

ئەمیر هارونی کوردی، لە (**حضرموت**) جێگر بووە و (شبام[٣])ی کردووە بارەگای خۆی، دواتر دەسەڵات بۆ خێڵەکان گوزرایە، (**عثمان الزنجبیلی**) هەڵمەتیکی گەورەی لە ساڵی (**٥٧٥ک/١١٧٩ز**) بۆ ناوچەکە سازکرد، هێزەکەی

---

١- تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٧٧؛ یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٣٢٧؛ العرشی ، بلوغ المرام، ص٧٣.

٢ - ابن واصل، مفرج الکروب،ج٢، ص١٠٤.

٣ - **شبام**: قەڵایەکی حصن قاییم بوو لە سەر لوتکەی چیای (حضرموت). الادریسی، نزهە المشتاق، ص٦٠؛ و شبام اسم مدینە ایضا بحضرموت، الحمیری، منتخبات، ص٥٣.

به حەوت کەشتی گەیشتنەجی و دەستیان بەسەر شاری (**الشحر**) گرت[١]، کە (ئال فارس) و (ئال اقبال) کە کیندی بوون، بەرگرییەکی توندی هێزەکانی (**الزنجبیلی**) کرد، بەڵام توانی بەسەریان زاڵ ببێت و بەرەو شاری (تریز) بچێت[٢]، هەریەکە لە ئەمیرەکانی ئەوێ (**عبدالله ی کوڕی ڕاشد**) و (**اخوێتە**) دەستبەسەر کردوو لە بەندخانەی پەستان، هەروەها ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکەشی کوشت، بەتایبەت زانا و فوقەهاکان، دواتر بۆ عەدەن گەڕایەوە و کارمەندی بەسەر ئەو وڵاتانەوە دامەزراند[٣].

هەروەها ساڵی (**٥٧٦ک/١١٨٠ز**) (**سوید الزنجبیلی**)ی برای بەسەرکردایەتی سوپایەکی گەورە بۆ (**حضرموت**) نارد و ژمارەیەک خەڵکی ئەوی کوشت، کە ئەمیر (**یحیی کوڕی سالز**) و ئەمیر (**احمد الکدر**) لەنێوایاندا بوون، بەهۆی ستەم و زوڵمی خانەوادەی (**الزنجبیلی**) دانیشتووانی ناوچەکە لەدژیان ڕاپەرین، دەسەڵاتی ناوچەکەیان بۆ خێڵەکان گەڕاندەوە و دەستیان بەسەر (**الشحر**) داگرت و ئەمیرە دەستگیرکراوەکانیان ئازادکرد، ڕەوشەکە بەمشێوەیە ماوەیەوە تا ئەو کاتەی مەلیک (**سیف الاسلام طغتکین**) لە ساڵی (**٥٧٩ک/١١٨٣ز**) بۆ هەرێمەکە هات[٤].

کاتێ سوڵتان صەلاحەدین بەو ڕەفتارانەی جێگرەکانی زانی لەوەی پەشێوی و نائارامیان بڵاوکردۆتەوە، لەوە ترسا وڵاتەکەی لەدەست بچێت، بۆیە ساڵی (**٥٧٧ک/١١٨١ز**)، (**صارم الدین خطلبا**)ی والی میسری لەگەڵ

---

١ – الشحر: ناوی شارێکە کەوتۆتە نێوان عەدەن و عەممان، لەسەر دەریا. المقدسی، احسن التقاسیم، ص٨٧؛ القزوینی،اثار البلاد، ص٤٧.

٢ – تریم: شارێکی حضرموتە. الحمیری، هەمان سەرچاوە، ل١٤.

٣– محمد بن علی بن عوض سعید بن زاکن، جواهر تاریخ الاحقاف، مراجعە حسن جاد الحق،(مکە المکرمە:١٩٦٣)، ج١، ص٩٤.

٤– هەمان سەرچاوە، ل٩٦؛ صالح الحامد العلوی، تاریخ حضرموت، (جدە:١٩٦٨)،ج٢، ص ص٠ ٤٣–٤٣١.

ژمارەیەک ئەمیر بەسەرکردایەتی سوپایەک بۆ یەمەن نارد[1]، کە (**باخل الحمیدی**[2])ی ئەمیری کوردیشیان لەگەڵ دا بوو، کە نامەیەکی لەگەڵ ناردبوو، تێیدا فەرمانی بە ئەمیرەکان دەکرد، یارمەتی بدەن، لە ڕێگای دەریاوە بە عەدەن گەیشت، ئەمیر(**عثمان الزنجبیلی**) لە پێشوازی دابوو، بەرەو (الجند) چوو، هەریەکە لە (**یاقوت التعزی و مظفر الدین قایماز**) هاتن و پەیوەندیان پێوەکرد و بەرەو (زەبید) چوون، کاتێ (**حطاب کوڕی منقذ**) بەمەی زانی بۆ قەڵای (**قواریر**[3]) لە دەرەوەی شار ڕایکرد[4].

**صارم الدین خطلبا** هاتە ناو شارەکە و هەموو کاروبارێکی خستە ژێردەستی خۆیەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم نەخۆشکەوت و بەهۆیەوە مرد[5]، (**حطاب**)یش بۆ شارەکە گەڕایەوە، گوتراوە کە **خطلبا** بەر لە مردنی داوای لێکردووە لە شوێنی ئەو کاروباری شارەکە بگرتە دەست، بەمەش پێگەی بەهێز بوو، خەڵکی زەبید ملکەچی بوون و توانی هەموو ئەمیرەکان دەربکات و بۆ هەرێمەکانیان گەڕانەوە، ملمڵانێکانی لەگەڵ (**عثمان الزنجبیلی**) نوێکردەوە، **زەنجەبیلی** سوپایەکی ئامادەکرد و هێرشی بۆسەر زەبید دەستپێکرد، بەڵام سەرکەوتو نەبوو، بۆ عەدەن گەڕایەوە، ڕەوشەکە بەمشێوەیە مایەوە تا هاتنی (**سیف الاسلام طغتکن**) لە ساڵی (**٥٧٩ک/١١٨٣ز**) کە توانی دەسەڵات و هەژموونی ئەو ئەمیرانە لە یەمەن لەناوبەرێت[6].

---

١- ابو شامه، الروضتین، ج٢، ص٢٦؛ ابن واصل، مفرج الكروب،ج٢، ص١٠٤؛ القلقشندی، ماثر الانافه فی معالم الخلافه، تحقیق عبدالستار احمد فراج، (بیروت:١٩٨٧)، ج٢، ص٦٨؛ المقریزی، السلوک،ج١، ص١٨٧.

٢ – المقریزی، هەمان سەرچاوە، ل١٨٧.

٣ – قواریر: لە قەڵاکانی زەبیدە لە یەمەن. ابن علی الاكوع، البلدان الیمانیه، ص٢٢٧.

٤ – ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص٧٠.

٥ – ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص١٣٨.

٦ – ابن الاثیر، ج١١، ص٤٧٢؛ الاصفهانی، البرق الشامی، ج٥، ص١٥٥؛ ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٥،ق٩، ص٦١٨؛ ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٣٨٦.

## دەسەڵاتی مەلیک سەیوفولئیسلام بەسەر یەمەنەوە
## (٥٧٩-٥٩٣ک/١١٨٣-١١٩٦ز)

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە**(سیف الاسلام)** دوای مردنی مەلیک تۆرانشای برای، حەزی بەوە کردوە، کە ئیدارەی وڵاتی یەمەن وەربگرێت[١].

کاتێ ناکۆکییەکانی نێوان ئەمیری هەرێمەکانی دوای مردنی (**خطلبا**) توندبووەوە، **سیف الاسلام** لەلایەن صەڵاحەدینەوە هەلبژێردرا، کە بەرەو یەمەن بچێت، بۆئەوەی دووبارە ئارامی بۆی بگەڕێنێتەوە[٢]. سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لەساڵی **(٥٧٨ک/١١٨٢ز)** بەرەو یەمەن چووە[٣]، (**تاج الدین الیمانی**) باسی لەوەکردووە کە:" مەلیک ناصری براکەی و هەزار پینجسەد سواری شاخاوی ناردووە و لە ساڵی (**٥٧٩هـ**) چووە ناو مەککەوە[٤]". لەلایەن ئەمیر (**مکثر**)ی خاوەنی مەککەوە پێشوازی

١ – ابو شامه، الروضتین، ج٢، ص٢٦.

٢ – ابن شاهنشاه، مضمار الحقائق و سر الخلائق، تحقیق حسن حبشی، (القاهرة:١٩٦٨)، ص٦٦.

٣ – ابن الاثیر، الکامل،ج١١، ص٤٨؛ ابن العبری، تاریخ مختصر الدول، ص٢١٨؛ السبکی، طبقات الشافعیه،ج٧، ص٣٦٩.

٤ – بهجه الزمن، ص٧٨.

لیکرا، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە ژن و پیاو لە پێشوازی دابوون، دوای ئەوەی ڕێورەسمی حەج و نوێژی کرد، بەرەو یەمەن بەرێکەوت[1].

کاتێ بە شاری (زبید) گەیشت، (**حطاب کوڕی منقذ**) لەیەکێک لە قەڵاکان خۆی قایم کرد، (**سیف الاسلام**) دەستیکرد بە سەرنجراکێشان و پێشاندانی سەڵامەتی و داوای لێکرد، لە قەڵاکە بێتە خواری، ئەویش هاتە خواری و داوای لێکرد یەمەن جێبهێڵێت و بەرەو شام بچێت، کاتێ خۆی بۆ سەفەر ئامادەکرد بوو، هەموو خەزینە و پارەکانی کۆکردبووەوە، سیف الاسلام دەستگیریکرد و دەستی گرت بەسەر هەموو پارەوپولەکانی. گوتراوە لە بەندیخانە مردووە، سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ ئەووەکردووە، کە ئەو پارانەی دەستی بەسەراگیراوە گەیشتۆتە حەفتا زەرفی پڕ لە زێڕ، هەرچی (**عثمان الزنجبیلی**) بوو، کاتێ زانی چی بەسەر (**الحطاب**) هاتووە، لە خۆی ترسان پارەکانی کۆکردەوە و بەرەو شام چوو، لە ڕێگادا تووشی کاروانێک هات، کە هاوەڵانی سیف الاسلامیان تێدابوو، هەرچی لای بوو، بردیان. کاتێ دەسەڵاتی ئەو دوو ئەمیرە کۆتایی پێهات، ئەمیر سیف الاسلام دەستی بەسەر زەبید و عەدەن گرت و ڕەوشەکە ئارام بووە[2].

هەرچی (**یاقوت التعزی**) بوو، ئەوا قوللەی (**تعز**) و دەروبەری پێدرا. سیف الاسلام هاوەڵانی بۆلای (**مظفر الدین قایماز**) نارد و هەرێمی (**جبلة و مخالف**)یان لیوەرگرتەوە[3]، هەروەها توانی دەستبەسەر قەڵای (**وصاب**) و دەروبەری بگرێت و لە ساڵی (**٥٨١ك/١١٨٥ز**) دەستی بەسەر قەڵای (**ریمە**) دا گرت[4].

---

١ - للمزید ینظر: ابن جبیر، رحله ابن جبیر، تحقیق حسین نصار، (القاهرة:١٩٥٠)، ص ص ١٢٧-١٣٠.

٢ - ابن الاثیر، ج١١، ص٤٨٠،ابو الفداء، المختصر فی اخبار البشر،ج٣، ص٦٤؛ ابن الوردی،تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص١٣٩؛ ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٥،ق٢، ص٦٢٩؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص١٩٨.

٣ - تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٧٨.

٤ - ابن سمره، طبقات فقهاء الیمن، ص٢٢٩.

له ساڵی (**٥٨١ك/١١٨٥ز**) بۆ حەج چوو، له بەیتولحەرام لێنەگەڕا به (**حی علی خیر العمل**) بانگ بدرێت، ژمارەیەک لەو کۆیلانەشی کوشت که حاجیانیان ئازار دەدا، ئەمیرەکەشی بۆ قەڵای (**ابو قبیس**[١]) ڕایکرد، کاتێ ڕەوشەکه له مەککه جێگیربوو، بۆ یەمەن گەڕایەوه[٢]، دوای گەڕانەوەی له حەج گرنگی به لەناوبردنی جولانەوه یاخییگەڕییەکان دا، له ساڵی (**٥٨٢ك/١١٨٦ز**) دەستی بەسەر قوللەی (**حب**[٣]) داگرت، ئینجا بەرەو وڵاتی (**العلیا**)چوو و دەستی بەسەر قوللەی (**هران**)داگرت و قوللەی (**ذروان**[٤])یشی گەمارۆداو دەستی بەسەراگرت، خێلەکان بەڵێنی ملکەچیان بۆدا[٥].

دواتر سەربازانی بەرەو (**ذمار**) برد، ڕووبەرووی خیلی (**جنب**) بووەوه، توانی ملکەچیان بکات و دەستبەسەر (مهران) بگرێت[٦]، ساڵی (**٥٨٣ك/١١٨٧ز**) چووه ناو (**ذمار**)ەوه، (**علی کوڕی حاتم**) خۆی له قوللەی (**براش**) قایمکرد، فەرمانی به شوێنکەوتووانی کرد کۆشکی (**غمدان**) و شورای صەنعایان وێرانکرد[٧]، دوای ئەوەی نەیتوانی بەرگری بکات، سوڵح لەنێوان هەردووڵا سازکرا[٨].

---

١ – **ابو قبیس**: چیایەکه دەروانیته سەر مزگەوتی مەککه.. یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٤، ص٣٠٨.

٢ – الفاسی، شفاء الغرام باخبار بلد الحرام، (بیروت:د.ت)، ص٢١٤.

٣ – **حصن حب**: قوللەیەکی بەناوبانگی دەرووبەری سەبەئه له یەمەن. اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیه، ص٨١.

٤ – **ذروان**: گوندێکی ذماره. القزوینی، اثار البلاد، ص٣٨.

٥ – ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص١٠١.

٦ – **مهران**: شارۆچکەیەکه له نەجد، له نزیک خەزرەمەوت. یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٥، ص٢٣٢.

٧ – قصر غمدان: کۆشکێکه له صەنعا، مالی مەلیکەکانی (حمیر)بووه. الحمیری، منتخبات، ص٨١.

٨ – محمود یاسین التکریتی، الایوبیون فی الیمن، ص١١٩.

سیف الاسلام بۆ یەمەنی خواروو گەڕایەوە و ئەمیر (**مظفر الدین قایماز**) بەسەر (**ذمار**)ەوە دامەزراند، لەمیانەی گەڕانەوەی سیف الاسلام، شێخ (**زیدان عمر الجنبی**) بەسەرکردایەتی سوپایەک هێرشی دەستپێکرد، کاتێ سیف الاسلام بەمەی زانی لە (**ذی جبلة**) گەڕایەوە و لەگەڵ خەڵکی (**الجنب**) جەنگا و ئارامی و ئاسایشی گەڕاندەوە، لە ساڵی (**٥٨٤ک/١١٨٨ز**) ئابلۆقە (**الدملوة**)دا، کە (**جوهر المعظمی**) مەولای (**بن زریع**)ی تێدا بوو، ئابلۆقەکەی لەسەری توندکردەوە، تا لەسەر سوڵح بەهۆی کرینی قوڵلەکە بە دە هەزار دینار ڕازی بوو[١].

لە ساڵی (**٥٨٥ک/١١٨٩ز**) بۆ صەنعا هات و تێیدا ئارامی گرت، سەربازانیشی بۆ (**ذمرمر**) و قوللەی (**عران**) نارد، توانیان بەسەرئەو ناوە زاڵبن، دواتر ئابلۆقەی (**کوکبان**) دا و (**عمر کوڕی حاتم**)ی والی، داوای سوڵحی کرد، ئەویش ڕازی بوو، بەمەش کوکبان خرایە سەردەوڵەتەکەی، دواتر بۆ (**ذمرمر**) کە سوڵتان (**علی کوڕی حاتم**) تێدابوو، ئابلۆقەی دا، هەردوولا دانوستانیان لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت عەلی کوڕی حاتەم برێک پارە سالانە بە سیف الاسلام بدات، لەبەرامبەر ئەوەی بەنی حاتەم کاروباری بەشێک لە هەرێمی (**ذی مرمر**) بەڕێوەبەرن[٢].

لەساڵی (**٥٨٦ک/١١٩٠ز**) سیف الاسلام هێزەکان بۆ صەعدە برد، دەستی بەسەر ناوچەکانی دەروبەری صەعدەدا گرت، دواتر بەرەو (**بلاد الشرق**) و چیاکانی یەمەن چوو، دەستی بەسەر قوللە و قەڵاکانی صەعدەدا گرت، لە ساڵی (**٥٨٣ک/١١٨٧**) ڕووبەرووی ئیمامەی زەیدی (**الامامة الزیدیة**) بووە، کە ژمارەیەک شەڕوشۆر و جەنگی لەگەڵ (**الامام عبدالله کوڕی حمزة**) هەبووە، دوای ئەوە ڕەوشەکەی بۆ ئارام بووە، نوێنەرانی خۆی بەسەر ئەو هەرێمانە دامەزراند[٣].

---

١– ابن الدیبع، قره العیون،ج١، ص٣٩١؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی، ق١، ص٣٣١.

٢ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢١٢.

٣ – یحیی بن الحسین، غایه الامانی، ت، ص٣٣٥.

هەروەها کە ساڵی (**٥٨٧ک/١١٩١ز**) چووە هەرێمی (**حضرموت**) توانی مل بە هۆزەکانی ئەوی کەچ بکات، چوە شاری (**تریم**) و (**شبام**)ەوە، دواتر بۆ (تعز) گەڕایەوە، ویلایەتی ولاتی (کوکبان) و (**الظاهر**)ی بە باوکی (**المعز**) سپارد، بەلام دەست و پێوەندەکانی لە هەرێمی (**حضرموت**) خراپەکاریان بەرامبەر دانیشتوانەکەی نواند، ئەمەش وایکرد لەناوچەکە دەربکرین، دووبارە هەرێمەکە لەژێر ڕکیفی ئەیوبییەکان هاتەدەری[١]. ئەمەش وای لە سیف الاسلام کرد لە ساڵی (**٥٩٠ک/١١٩٣ز**) دووبارە بەرەو (**حضرموت**) بچێت و بەسەر کاروبارەکانی ئەوی زاڵ بێت، خێڵەکان ملکەچ بکات و بۆ یەمەن بگەڕێتەوە[٢].

سەردەمی سیف الاسلام بە زۆری جەنگ و شەڕ دەناسرایەوە، چونکە ئامانج لەناردنی سیف الاسلام بۆ یەمەن بۆ لەناوبردنی دەسەلاتی ئەمیرەکان و گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بوو بۆ یەمەن، سەرباری زۆری ڕووبەڕووبوونەوە ناوەخۆییەکان (وەک شوێنکەوتووانی (**بنی الزریع و بنی حاتـم و الصلیحین و قـوة الامـامة الزیدیه**) کە ناچاری کرد چەندی جەنگ لەدژیان بەرپا بکات، ئازایەتی پێشاندا و دەسەلاتی زۆریان لەناوبرد.

سەرباری ئەوەی سیف الاسلام بە جەنگەوە سەرقال بوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا چاکسازی ئیداری و شارستانی گەورەشی هەبوو[٣]، زۆرێک لە مێژوونووسان ئاماژەیان بە سیاسەتی دەوڵەتەکەی کردووە[٤]، کە زیاتر لە ١٥ ساڵی خایەند[٥]، مێژوونووسانی یەمەنی ستایشی سیاسەت و دەسەلاتەکەی کردووە، (**ابن الدیبع**) وای وەسفکردووە:" کەسێکی جوامێر و ئازا بوو، حەزی

---

١ – هەمان سەرچاوە، ل٣٢٢.

٢ – صالح الحامد العلوی، تاریخ حضرموت،ج٢، ص٤٣٢.

٣ – بۆ رۆڵە شارستانییەکەی مەلیک سیف الاسلام سەیری بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوە بکە.

٤ – ابن ابی عذیبه، انسان العیون فی مشاهیر سادس القرون، مخطوط، دار صدام للمخطوطات، بغداد، رقم (٤٠٠٥٧)، ورقه ٦٦-٦٧.

٥ – محمود یاسین التکریتی، الایوبیون فی الیمن، ص١٢١.

به شەڕ نەدەکرد، کەسێکی دادپەروەربوو، .....[1]"، هەروەها (**الوصابی**)یش وای وەسفکردوە:" سیف الاسلام کەسێکی بەدین و زانا و بە مەعریفەت بوو، خەڵکی لەسەردەمی ئەو لە خۆشترین بار دەژیان[2]". (**الیافعی**)یش دەڵێت:" کەسێکی ئازا و بە قەناعەت بوو، بەباشە باسکراوە، سیاسەتێکی باش و بە ئامانجی لە وڵات پەیرەو کردووە،..."[3].

لەلایەکی دیکەوە هەندێ مێژوونووسی دیکە بە پیچەوانە باسیانکردووە:" بە توند و بی حەوسەڵە، پارەی بازرگانی بۆخۆی دەکری و بە ئارەزووی خۆی دەیفرۆشتەوە، بە هەزاران هەزار پارە کۆکردەوە، زیری دەتاواندەوە لە شێوەی قالب هەلی دەگرت[4]".

پێدەچێت ئەو وەسفەی ئەو مێژوونووسانەوە لەوەوە هاتبێت، کاتێ سیف الاسلام پەیرەوەی لە هەندێ ڕیوشوێنی ئیداری کرد، بەتایبەت کاتێ ویستی هەموو زەوییەکانی یەمەن بگرێتەوە، ئامانجی لەمە ئەوەبوو کە هەموو زەوییەکانی ببێتە مولکی دەوڵەت، ئەوەی بیویستبا بی کیڵابوایە، دەبووە کرێگرتەی دەوڵەت[5]، دانیشتوانی یەمەن ئەمەیان پی سەیربوو، بە ستەمیان بۆسەرخۆیان زانی.

مەلیک سیف الاسلام لە شاری (**المنصورە**[6]) لە ساڵی (**٥٩٣ک/١١٩٦ز**) کۆچی دواییکرد، مەلیک (**المعز اسماعیل**)کوڕی کاروباری دەوڵەتی لەدوای ئەو گرتە دەست[1].

---

١ – قره العیون،ج١، ص٣٩٥.

٢ – تاریخ الوصاب،ج٢، ص١١٠.

٣ – مرآه الجنان و عبره الیقظان فی معرفة ما یعتبر من حوادث الزمان، وضع حاشیته خلیل المنصور، (بیروت:١٩٩٧)،ج٣، ص٣٦٠.

٤ – ابو الفدا، المختصر فی اخبار البشر،ج٣، ص٩٣؛ الحنبلی،شفاء القلوب، ص١٩٩.

٥ – ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص١٠٤.

٦ – **المنصورە**: شارۆچکەیەکە لە یەمەن لەنێوان (الجند و نقیل الحمراء) یەکەمجار لەلایەن (سیف الاسلام طغتکین بن ایوب) دروستکراوە. یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٥، ص٢١٢؛ اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیه، ص٢٦٤.

## مەلیک موعیز ئیسماعیلی کوڕی سیف الاسلام
## (٥٩٣-٥٩٨ک/١١٩٦-١٢٠١ز)

موعز گەورەترین کورەکانی سیف الاسلام بوو، باوکی زۆر لە کارەکانی پشتی پیدەبەست، بەڵام پەیرەوەی لە مەزهەبی (**الاسماعیلیه**[٢]) کرد، باوکی دەریکرد، چونکە ئەیوبییەکان پاڵپشتی مەزهەبی سوننە بوون و کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی لە یەمەن دەکرد[٣]، ویستی بۆ بەغدا یان بۆ لای مامەکانی لە میسر بچێت، لە ڕێگای چوونی لە ساڵی (**٥٩٣ک/١١٩٦ز**) هەواڵی مردنی باوکی زانی[٤]، گوتراوە کە (**الامیر جمال الدین کافور**) پیاوانی خۆی کە بریتی بوون لە (**یاقوت العجمی ویاقوت الجمالی و محمود السیروان و الاسعد کوڕی المالک**) بەدوای ناردووە، هەواڵی مردنی باوکیان پیراگەیاندووە و داوایان لێکردووە بۆ زەبید بگەڕێتەوە، ئەوانیش لەگەڵ خۆیان هێناویانە بۆ زەبید و دواتر بۆ تەعز[٥].

مەلیک موعز لەسەرەتای دەسەڵاتدارییەکەی تووشی زۆر گرفت بۆتەوە، ڕووبەرووی بەرهەڵستکاری بەهێزی وەک ئیمام مەنصور بیڵا بۆتەوە کە ساڵی (**٥٩٣ک/١١٩٦ز**) بانگەوازەکەی نوێکردۆتەوە و لەلایەن

---

١ – هەمان سەرچاوەس؛ الزبیدی، ترویح القلوب فی ذکر الملوک بنی ایوب، تحقیق صلاح الدین المنجد، (دمشق:١٩٧١)، ص٥٧.

٢ – ابن الدیبع، قره العیون،ج١، ص٤٠٠؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٣٤٠.

**3 - D.G. HOCARth, Arabia, (oxford:1922), p.90.**

٤ – هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٥ – الحموی، التاریخ المنصوری، تلخیص الکشف البیان فی حوادث الزمان، نشره بطرس غریازینوج،(موسکو:١٩٦٠)، ص٢٣٥.

خێڵەکانەوە بەیعەتیان پێداوە، هەروەها دەسەڵاتی بەنی حاتەم لەم ماوەیە زیادی کرد، کاتێک ژمارەیەک قەڵا و قوللەیان لە جێگرانی سیف الاسلام لە (**کوکبان و بکر و الظفر**) کری، کە هاوپەیمانی لەنێوان هەردوولا بە دژی مەلیک موعز سازکرا[1].

مەلیک موعز ساڵی (**٥٩٤ک/١١٩٧ز**) بۆ صەنعا چوو، مەملوکی باوکی بەناوی (**انوریا**)یان گوشت، ئەمیر (**شهاب الدین الجزری**) لە شوێنی دانا، بەدوای (**علی کوڕی حاتم**) نارد و داوای لێکرد، ملکەچی بێت لەبەرامبەر پێدانی ویلایەتی صەنعا، ئەویش ڕازی بوو، براکانی بۆ مەلیک موعز نارد، بەڵام خیانەتی لێکردن و بەندیکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەنی حاتەم لەگەڵ ئیمام دژ بە موعز هاوپەیمانی بکەن[2].

بەڵام مەلیک موعز توانی دەسەڵاتی بەنی خاتەم و بەرهەڵستکارییەکەیان لەناوبرد، ئەمیر (بشر کوڕی حاتم)ی دەستگیرکرد و لە بەندیخانەیەکی قەڵای (**التعکر**) بەندیکرد، هەرچی (**علی کوڕی حاتم**) بوو، ئەوا هاوپەیمانییەکەی زۆر بەردەوام نەبوو، بەهۆی ئەوەی ئیمام لە مەرجەکان پاشەکشەی کرد، (**علی کوڕی حاتم**)یش لە قوللەی (**ذمرمر**) مایەوە، تا ئەوەی ساڵی (**٥٩٧ک/١٢٠٠ز**) کۆچی دواییکرد[3]، هەروەها مەلیک موعز بۆ سوڵح لەگەڵ بەنی حاتەم دەستپێشخەری کرد، قوللەی کوکبانی لەبەرامبەر ئازادکردنی (**بشر کوڕی حاتم**) وەرگرت[4].

هەرچی ئیمام بوو، ئەوا پێگەی بەهێز بوو، بەتایبەت کاتێ زۆرێک لە سەرکردەکانی مەلیک موعز بەلای ئەودا شکانەوە، بەتایبەت **سیف الدین حەکوی کوڕی محمدی الکردی** دوای ئەوەی لەگەڵ ئەمیر (**شهاب الدین**

---

١ - یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە، ل٣٤١.

٢ - تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٧٩؛ ابن الدیبع، قره العیون،ج١، ص٤٠٠؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ت١، ص٣٤١.

٣ - محمود یاسین التکریتی، الایوبیون فی الیمن، ص١٢٣.

٤ - هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.

**الجزری)** کەوتە ناکۆکییەوە، مەلیک موعز وەک باوکی ئازا بوو، بەڵام سیاسەتەکەی لە ئاستی پێویست نەبوو، هەروەها شارەزایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی سوپاکەی و گەورە سەرکردەکانی نەبوو، بۆیە بڕیارەکانی سەرکێشانەبوو، کە وایکرد زۆرێک لە سەرکردەکانی بۆ بەرەی ئیمام بچن، وەک (**الامیر هشام الکوردی**) و (**شمس الخواص**)، سەربارى (**الامیر حەکوی الکوردی**) و ئەوانی دیکە[1]. سەرباری ئەوەش مەلیک موعز توانی لەیەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەدژی ئیمام، هێزەکەی لە ناوچەی (**الحقل**[2]) شکست پێبێنێ، کاتێ شەڕ دەستپێکرد، (**الامیر حەکوی الکوردی**) هاتە پاڵ هێزەکەی مەلیک موعز، کە کەسێکی ئازا بوو، کە ئەمەش هۆکاری شکستی هێزەکەی ئیمام بوو، (**الامیر حەکوی الکوردی**) ڕۆڵێکی دیاری لە شەڕەکە هەبوو، تا کوژرانی لەشەڕکردن بەردەوام بوو، مەلیک موعز بەسەرکەوتووییەوە هاتە ناو صەنعاوە، بەمەش دەسەڵاتی ئەیوبی بۆ صەنعا گەڕایەوە[3].

ئیمامەش دوای ئەوە توشی لاوازی بوو، بەتایبەت کاتێ ناکۆکی کەوتە نێوان ئیمام و ئەمیر (**یحیی کوڕی الامام احمد کوڕی سلیمان**)ەوە ژمارەیەک شەڕوشۆڕ لەنێوان هەریەکە لە (**ابن الامام عماد الدین کوڕی یحیی کوڕی حمزە**) و (**الامیر یحیی کوڕی حمزە**) ڕوویدا، ئەمەش وایکرد لایەنگری خێڵەکان لەدەست بدات، هەروەها (**شریف علی کوڕی یحیی**) شاندێکی بۆ لای مەلیک موعز نارد، بەڵێنی دا بەرەی شامی ڕادەست بکات، خەڵکی نەجران لە دژ ئیمام ڕاپەرین و ئیمام بۆ صەعدە چوو، دواتر لە ساڵی (**٥٧٩ک/١١٨٣ز**) لە ناوچەی (برقە) گیرسایەوە، هەروەها

---

١ – یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە، ل٣٤٤؛ سالم احمد محل، فرست مرعی الدهوکی، الدول الدویلات المستقلە و شبە المستقلە فی الیمن، (د.م.ت)، ص ص١١٦–١٢٠.

٢ – **الحقل**: ناوچەیەکی دەوروبەری صەعدەیە لە وڵاتی خولان. ابن عبدالحق ، مراصد الاطلاع،ج١، ص٤١٥.

٣ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٨٠؛ ابن الدیبع، قرە العیون،ج١، ص٤٠١.

هەڵمەتێکی بە سەرکردایەتی (**الامیر سلیمان کوڕی حمزە**) نارد، توانی ناوچەی (**مأرب**[1]) بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، کاتێ نەیتوانی دەستبەسەر (**بیجان**[2])دابگرێت، ئیمام بەخۆی بەشداری کرد و توانی خەڵکی بۆ خۆی ملکەچ پێ بکات، تیێیدا گیرسایەوە، دواتر بۆ وڵاتی (**الظاهر**) چوو و وڵاتی (حجە)ی ملکەچکرد[3].

هەرچی مەلیک موعز بوو، ئەوا لە سیاسەتی زاڵبوونی بەسەر وڵاتی یەمەن بەردەوام بوو، لە ساڵی (**٥٩٦ک/١١٩٩ز**)، بۆ (**صبیا**[4]) چوو ودوای کوشتنی ژمارەیەک خەڵکی دانیشتووانی ئەوێ توانی دەستی بەسەرادا بگرێت[5].

لەساڵی (**٥٩٨ک/١٢٠١ز**) ئەمیر (**ورد سار**) جێگری موعز لە عەدەن لە موعز جیابووە و دەنگی بە ئیمام دا و بۆ صەعدە چوو، ئیمام زۆر ڕێزی لێنا، بەڵام موعز توانی وا لە ئیمام بکات دەست بەسەر وڵاتی (حجە)دا نەگرێت، بەهۆی ئەوەی لە هەمان ساڵدا هەلەمەتێکی گەورەی ئامادەکرد و چووە ناو وڵاتی حجەوە و چاوی بە ئەمیر (**هندو الکوردی**) کەوت و ئیدارەی وڵاتی (**حرض**) ڕادەستکرد، بەمەش ئەو ناوچەیە لە دەستی ئیمام دەرچوو[6]، لە ساڵی (**٥٩٨ک/١٢٠١ز**) مەلیک موعز بانگی خەلافەتیدا و خۆی بە قورەیشی لە ڕەچەڵەکی بەنی ئومەییە ناوزەد کرد، کەسکی بەستا و

---

١ – **مأرب**: پایتەختی بەناوبانکی سەبەئە، کەوتۆتە رۆژهەڵاتی صەنعاوە لە دووری ١٧٠ کم. اسماعیل بن علی

٢ – **بیجان**: دۆڵ و چیایەکە لە ناوچەی عسیر کەند و زراعەتێکی زۆری لێیە. هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

٣ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص ص٢١٨-٢١٩.

٤ – **صبیا**: گوندێکی (عثر)ە لەیەمەن. اسماعیل بن علی الاکوع، هەمان سەرچاوە، ل١٦٢.

٥ – هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٦ – یحیی بن الحسین، غایە الامانی، ق١، ص٣٥٦.

خۆی بە (**بالامام الهادی بنور الله المعز الدین الله امیر المؤمنین**) ناساند[١]، وتاری هەینی بەناوی بەنی عەباسەوە ڕاگرت و سوربوو بچێتە ناو مەککەوە[٢]، گوتراوە بانگەشەی پیغەمبەرایەتی کردووە[٣]. شاعیران بەمشێوە لە شیعرەکانیان ستایشیانکردووە:

**وانی انا الهادی الخلیفه و الذي ادوس ڕقاب الغلب بالضمر الجرد**
**ولأبد من بغداد اطوی ڕبوعها و انشرها نشر السماسر للبرد**
**و انصب اعلأمی شر فاتها و احی بهـا ما کان اسسه جدی**
**یخطب لی فیها علی کل منبر و اظهر دین الله فی الغور و النجد**[٤]

کاتێ مەلیک عادل و خانەوادی ئەیوبی لە میسر بەمەیان زانی، نکۆڵیان لێکرد و مەلیک عادل گوتی:" ئیسماعیل درۆی کرد، ئیمە لە ڕەچەڵەکی بەنی ئومەییە نین[٥]"، گوتراوە کە مەلیک (**الامجد تقی الدین**) گوتی:" ئەگەر صەڵاحەدینی مامم قورەیشی بێت، ئەوا خەلافەتی وەردەگرت، چونکە هەموو مەرجەکانی تێداکۆبۆتەوە، جگە لە ڕەچەڵەک نەبێت[٦]".

هەروەها خەلافەتی عەباسیش لە مەلیک موعز پەست بوو و گوتی:" کە هەڵمەتێکی بە سەرکردایەتی (**نصرالدین ناصر کوڕی مهدی**) و (**الامیر طاشکین**) سوربووە لەسەر ئەوەی کە بەرەو یەمەن بچێت، بۆئەوەی لەدژ

---

١ - تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٨٠، ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی، ج٢، ص١٧٨؛ الناصر الدین، الفوائد الجلیله فی الفوائد الناصریه، تقدیم صلاح الدین المنجد، فی رسائل و النصوص، (بیروت:١٩٨٧)، ص٤٧.

٢ - المقریزی، السلوک، ج١، ص٢٥٥.

٣ - الغسانی، العسجد المسبوک،ج٢، ص٢٧٤؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص٢٧٢.

٤ - الصفدی، الوافی الوفیات، ج٩، ص١٢٥؛ ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص٣٠.

٥ - ابن واصل، مفرج الکروب، ج١، ص٣٩.

٦ - الیونینی، ذیل مرآه الجنان، (الهند:١٩٥٤)، ص٣٩.

مەلیک موعز بجەنگن، لەبەرئەوەی بانگەشی ئەمەوی بوونی کردوە و خۆی بە خەلیفە ناساندوە[1]".

بەمەش مەلیک موعز هەژموونی لەدەستدا و ناوی بەخراپە لەنیو سەربازانی ڕۆیشت[2]، ئازوقەی سەربازانی بری و پارەی بۆ ڕابواردن و شاعیران خەرج دەکرد[3]، ئەمیرەکان لێی یاخیبوون، ئەتابەکی سنقر (**الاتابک سنقر**) لە دەسەڵاتی دەرچوون و دەستیان بەسەر ناوچەی (**المهجم**) و ئەو پارەی ئەوی گرت، موعز بۆیان هاتە دەری و بە (**الکدراء**) گەیشت، دواتر بۆ (زبید) گەڕایەوە، هەرچی سنقر بوو، ئەوا بەرەو (**الکدراء**) چوو، دەستی بەسەر پارەی و جبەخانەی ئەوی گرت، هەرچی موعزبوو، ئەوا دەسەڵاتەکەی لاواز بوو، تەنها کوردی لەگەڵ مایەوە، لەوانەی کە زۆربەی سوپاکەیان پێکدینا[4]، باری وڵات پەشێوەی بەخۆیەوە بینی و سەربازان لێی یاخی بوون و لەدژی هاوپەیمانیان بەست:" زۆربەی سەربازانی کوردبوون، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بیکوژن[5]"، سەرۆکی سەربازان بەناوی (**الامیر هندۆ الکوردی**[6]) لەگەڵ ژمارەیەک ئەمیری کوردی دیکەی وەک (**شمس الدین الرفیق**) و (**عبدالله**)ی برای و (**جمال الدین**)ی برازای و سەرباری (**برکات**) و (**شمس الدین**) و (**نجد**) و (**روبک**)ی برای هیندۆ کوردی و (**باخل الکوردی الحمیدی**) هاوپەیمانیان بەست، لەم هاوپەیمانیە

---

١ – ابن الساعی، الجامع المختصر، فی عنوان التواریخ و عیون السیر، تعلیق مصطفی جواد، (بغداد:١٩٣٤)ج٩، ص ٤٧.

٢ – ابن خلکان، وفیات الاعیان،ج٢، ص٥٢٥.

٣ – ابو مخرمە، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص٣٠.

٤ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٨٠؛ ابن الدیبع، بغیە المستفید، ص٧٦؛ یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٣٥٦.

٥ – ابن الدیبع، قرە العیون،ج١، ص٤٠٤.

٦ – ابو مخرمە، هەمان سەرچاوە.

تورکمانیش بەشداریکرد وەک (**الامیر شمس الدین الغرابلی**) و کوڕان و ئەوانی دیکە لە سەربازانی کورد[١].

مێژوونووسان باس لەوەدەکەن، کە هۆکاری یاخیبوونی کورد لە مەلیک موعز بۆ بانگەشەی خەلافەت دەگەڕێتەوە، بۆیە کوشتیان[٢].

بەڵام پێدەچێت هۆکاری سەرەکی کوشتنەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نکۆلی لە بنەچەی نەتەوەیی کردووە و لەگەڵ مەزهەبی باپیرانی ناتەبا بووە، ڕووبەرووی بەرهەڵستییەکی توندی سەربازانی کوردی یەمەن و خانەوادەی ئەیوبی لە میسر و شام بووە، گوتراوە ڕۆژێک لە زەبیدەوە بۆ ناوچەی (**القویر**) دەرچووە، لەلایەن سەربازانی کوردەوە هێرشی کراوەتەسەر و دوای سەعاتێک شەڕ مەلیک موعز لە ڕەجەبی ساڵی (**٥٩٨ک/١٢٠١ز**) کوژرا، لە ڕۆژهەڵاتی زەبیدە لە قوبەی خەلیفە نێژرا، دوای ئەوەی ماوەی پێنج ساڵ حوکمی یەمەنی کرد[٣] .

---

١ – الحموی، التاریخ المنصوری، ص٢٤٠؛ ابن الفرات، تاریخ ابن الفرات، تحقیق حسن محمد الشماع، مج٤،ج٢،(بصره:١٩٦٩)، ص٢٣٢.

٢ – تاج الدین یمانی، هەمان سەرچاوە، ل؛ ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ل.

٣ – ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ل٥؛یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە، ل٣٥٧.

## مەلیک الناصر کوڕی سیف الاسلام

## (٥٩٨-٦١١ک/١٢٠١-١٢١٤ز)

دوای کوشتنی مەلیک موعز لەساڵی **(٥٩٨ک/١٢٠١ز)** کورد توانی کۆنترۆلی شاری زەبید بکات، ئەمیر باخلی کوردیان بۆ سنقر نارد و ڕێککەوتن سەرئەوەی کە مەلیک ناصر کاروباری وڵات بگرێتە دەست و سنقریش وەک ئەتابەک دابمەزرێنێ، سنقر لە وڵاتی **(حجه)** گەڕایەوە و هاتە زەبید ماوەی سی ڕۆژ تێیدا مایەوە، (ورد سار)ی کردە والی بەسەر صەنعاوە و ئەمیر (حیسامەدین یەکمەتریشی) کردە والی بەسەر تهامە[1].

سنقر ویستی کورد تورە بکات، کاتێ داوای لێکرد بڕی هەزار دینار لەبری دانیشتوانی زەبید بدات، بەڵام داواکەی بەتوندی ڕەتکردەوە، بەڵام سنقر کەزانی ناتوانێ کوردەکان لە شارەکە دەربکات، لەبەرئەوەی ئەوان هێزی سەرەکی شارەکەیان پێکدێنا، بۆیە سەرکێشی زیاتری نەکرد[2].

دوای ئەوەی سنقر دەسەڵاتی زیاد بوو، لایەنگرانی کۆکردەوە داوای لە کورد کرد، پارە بدەن، ئەمەش وایکرد ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان هەردوولاکە مۆرکرابوو، هەبوەشێتەوە، لە ساڵی **(٥٩٩ک/١٠٢٢ز)** سوپای کۆکردەوە و زەبیدی ئابلۆقەدا[3]، داوای لە (ورد سار)کرد شەڕی کوردان

---

١ – الحموی، التاریخ المنصوری، ص٢٤١؛ ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٤٠٥؛ بغیه المستفید، ص٧٦.

٢ – هەمان سەرچاوە.

٣ – یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٣٨٠.

بکات، هەردوولاکە لە ناوچەی (**القرتب**[1]) پێکیپیاندادا، دوای بەرپابوونی شەڕی لەنێوانیان سنقر شکستی هێنا، ئەمەش وایکرد لەگەڵ ئیمام دژ بە کورد هاوپەیمانی بکات، داواشی لە ورد سار کرد، هاوپەیمانی لەگەڵ ئیمام بکات، ئەویش ئەمەی کرد، بە سوپایەکی گەورەوە لە صەنعا دەرچوو، لە ناوچەی (**الزریبە**[2]) بە هێزە کوردیەکە گەیشت. دوای ڕووبەڕووبوونەوەیان ئەمجارەیان کورد شکا و دەستیان بەسەر زەبید داگرت و هاتنە ناو شارەکە، فەرمانیان بە سنقر کرد، قوتابخانەی (المعز) دابخات و فەقیهە شافعییەکان دەربکات[3]، هەرچی هێزە کوردییەکە بوو، بۆ ناوچەی (**الحصبی**) چوون و لای پیاوێک بەناوی (**علی الکنانی**) بوونە میوان، شەڕابی نەخلیان خواردەوە و سەرخۆش بوون، کاتێ شەو داهات کەلەپچەی کردن و دەستگیریانی کرد و ڕادەستی سنقریانی کردەوە، ئەویش (**علی الکنانی**) لە سیدارەدا و پێی گوت:" خودا ناشرینیتان کات، غەدرتان لە میوانی خۆتان کردووە"، کوردەکانی بردو بەندی کردن[4].

کاتێ سنقر دەستی بەسەر (**زبید و التهائم**)داگرت، ویستی دەست لە کوردان بوەشینی، بەهۆی ئەوەی هێزیکی گەورەی ترسناکیان پێکدێنا، دەیویست دەسەڵاتە بەهێزەکەیان لەناوبەرێت.

سەرەتا بە ئامادەبوونی مەلیک ناصر بە تۆمەتی کوشتنی مەلیک موعز دادگاییکرد، کە ژمارەیەکی زۆریانی کوشت، لە دیارترین ئەوانەی کوشتنی ئەمیر (**شمس الدین الرفیق**)و (**عبدالله**)ی برای و (**هندو روندورند ورودیک**) و (**عیسی الزرزاری**) و حەوت لە براکانی و (**نظام ابن عیسی الجزری**) و

---

١ – القرتب: گوندێکە دۆڵی زەبیدە. یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٤، ص٣٢٠.

٢ – الزریبە: گوندێکە لەسەرەتای یەمەنە لە زەبید. ابن عبدالحق، مراصد الاطلاع، ج١، ص٦٦٢.

٣ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٨٠؛ ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٤.

٤ – الحموی، تاریخ المنصوری، ص٢٤٤.

تاقمەکەی بوون[١]، دواتر هەریەکە لە ئەمیر باخلی کوردی و ئیبن بەرەکاتی ئازادکرد، لە تورکەکانیش ئەمیر (**شمس الدین الغرابلی**) و کورەکانی ئازادکرد[٢]، لەم کاتەدا ئیمام مەنصور بیلای زەیدی ئەو پەشێوییە سیاسیانەی قۆزتەوە و توانی دەست بەسەر زۆربەی شار و قەڵاکان بگرێت، زۆربەی خێڵەکان بەیعەتیان پێدا و هاوپەیمانی لەگەڵ بەنی حاتەم کرد، تاکو لەدژی حاکمە ئەیوبییەکان بجەنگن، هەروەها دەسەڵاتی ئیمامەی زەیدی دوای ئەوەی ژمارەیەک ئەمیری کورد وەک (**شهاب الدین الجزری**) چوونە پاڵی، زیاتر بوو، هەروەها دوای ئەوەی ئەمیر کوکبان شارەکەی ڕادەست کرد، لە ساڵی (**٦٠٠ک/١٢٠٣ز**) ملکەچیان بۆ ئیمام ڕاگەیاند[٣]، هەروەها ئەمیری دیکەش هەبوون بەرهەڵستی ئیمامیان دەکرد، وەک ئەمیر (**محمدی کوڕی موسی الکوردی**[٤])، هەروەها ئەمیر (**بأبی العشائر**) توانی هێزەکانی ئیمام لە ساڵی (**٥٩٩ک/١٢٠٢ز**) لەناوچەی (**الجنات**) تێکبشکێنێ، (**یحیی کوڕی الحسین**) بەمشێوەیە وەسفیکردوە:" سەرکردەیەکی ئازای کوردان بوو[٥]"، کاتێ ئیمامە لەگەڵ ورد سار هاوپەیمانی بەست لەسەر شەڕی کوردان لە زەبید، بەڵێنشکێنی تێکەوت، ژمارەیەک شەڕیان لەنێوانیان ڕوویدا، دواتر لە ساڵی (**٦٠٨ک/١٢١١ز**) سوڵحیانکرد[٦].

ڕێکەوتن و سوڵحی نێوان ئەمیر و مەلیکەکانی ئەیوبی ڕەوشی تایبەت دەیسەپاند، ئەگەر یەکێکیان پێویستی بە ماوەیەک بۆ ئاشتی هەبووایە، تاکو لەم ماوەیە خۆی ئامادە بکاتەوە، یان لایەنگر پەیدا بکات، یان هۆزێک بۆلای خۆی کێش بکات، ئەوا دەستپێشخەری ئاشتی و سوڵحی دەکرد، هەر کاتێ

---

١ – **الزرزاری**، بۆ ناوی هۆزێکی کوردی دەگەڕێتەوە.

٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤٦؛ ابن الفرات، مج٤،ج٢، ص٢٣٤.

٣ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٣٢٤.

٤ – یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٣٩١.

٥ – غایە الامانی، ق١، ص٣٧١.

٦ – هەمان سەرچاوە، ص٣٨٠.

پێگەی بەهێز بووایە و شوێنکەوتووانی زۆربووایە، دەستپێشخەری جەنگ و هەڵمەتی بۆ سەر لایەنەکەی دیکە دەکرد[١].

له ساڵی (**٦٠٨ک/١٢١١ز**) شوێنکەوتووانی ئیمام و کۆمەڵێ له ئەشراف بەرەو (**المهجم**) چوون و چەند هێرشیکیان کردەسەر (**المحالب**) له (**تهامه**)، جەنگاوەرانی ئەیوبی بەرپەرچیان دایەوە، جەنگێک لەنێوانیان بەرپابوو، هەروەها ئەمیر سنقر چووە صەنعا، سوڵح لەنێوان هەردوولاکە بۆماوەی دوو ساڵ مۆرکرا، دواتر بۆ (**تهامه**) چوو و له (**زبيد**) گیرسایەوە و توانی (**شهاب الدين الجزری**) دەستگیر بکات و له بەندخانەی (**التعکر**) بەندی بکات، دواتر بەرەو تەعز چوو، بەلام له ساڵی (**٦٠٨ک/١٢١١ز**) کۆچی دواییکرد[٢].

بەمردنی هەل لەبەردەم مەلیک ناصر ئاوەلابوو، تاکو بەتەنها دەسەلات لەیەمەن بەدەستەوە بگرێت، هەرچەندە تەمەنیشی کەم بوو، کاروباری دەوڵەتەکەی بە ئەمیر وردسار سپارد، کە توانی شەڕی ئیمامەی زەیدی بکات و دەسەلاتی ئەیوبی لە یەمەن بپاریزیت[٣]، کە بەمەجی بەم کارە ڕازی بوو، کە (**شهاب الدين الجزری**) ڕادەستی ئەو بکەن، مەلیک ناصر لەسەر ئەو مەرجە ڕازی بوو، ئەویش (**شهاب الدين الجزری**) کوشت، مەلیک ناصر، غازی جبریلی بە ڕاپەرێنەری کارەکانی و ڕێکخەری کاروباری وڵاتەکەی دامەزراند و پشتی بە جێگرەکانی وەک ئەمیر (**الحسن کوڕی علی ڕسول**) خاوەنی (ریمە) و ئەمیر (**الامير ابی بکر کوڕی علی ڕسول**) خاوەنی (وصاب) بەست[٤].

مەلیک ناصر لەسەر کۆنترۆلکردنی ڕەوشەکە و لەناوبردنی ئاشوب و یاخیبوونی هەرێمەکان سوربوو، لە ساڵی (**٦٠٩ک/١٢١٢ز**) لەگەڵ ئەمیر (وردسار) بۆ وڵاتی (حجه) چوون، کە ئەمیر (**بکتيمر السيفی**)ی لێبوو، کە ناوبانگی خراپی هەبوو، پەشێوی لەناوچەکە نابووەوە، بەلام مەلیک ناصر

---

١ - عصام الدين عبدالرؤوف الفقی، اليمن فی ظل الاسلام، ص٣٢٥.

٢ - هەمان سەرچاوە، ل ل٣٩٤-٣٩٥.

٣ - محمود ياسين التكريتی، الايوبين فی اليمن، ص١٣٠.

٤ - هەمان سەرچاوە، ل٣٩٥.

توانی ملکەچی بکات، تاکو یەمەن جێبهێڵێت و بەرەو شام چوو، بەمەش ڕەوەشەکە ئارام بووەوە[١]، لە ساڵی (**٦٠٩ک/١٢١٢ز**) ئەمیر (وردسار) کۆچی دواییکرد[٢]، هەروەها مەلیک ناصر توانی ڕووبەرووی دەسەڵاتی ئیمامەی زەیدی ببێتەوە، گوتراوە کە ئەو ئیمامی لە صەنعا دەرکردووە، بەڵام لە ساڵی (**٦١١ک/١٢١٤ز**) کۆچی دواییکردووە[٣]، ئەمیر (**غازی جبریل**)یش بە کوشتنی تۆمەتبارکراوە، کە ژنی دایکی ناصری هێنابوو، ئەتابەکی خۆی دامەزراندبوو، گوتراوە ناصر لە (**کوز فقاع**[٤]) ژەهر خواردکردووە، تاکو دەسەڵات بەتەنها بۆخۆی بێت[٥].

ئەمیر غازی کاروباری وڵاتی بەتها بەڕێوەبردووە، خوتبە و سکەی بەناوی خۆیەوە کردوە[٦]، بۆ بەدەسەتهێنانی لایەنگیریان پارەی بەسەر سەرکردەکان دابەشکرد و بەڵێنی ملکەچی لێوەرگرتن، گوتراوە نازناوی (مەلیک موزەفەر)ی لەخۆی ناوە، بەڵام مەمالیک و سەربازانی ئەیوبی وەک مەلیک دانیان پێنەنا، دایکی ناصر سەربازانی بۆ کوشتنی هاندا و بە کوشتنی مەلیک ناصر تۆمەتباری کرد[٧].

دوای ماوەیەک لە حوکمڕانی، لەلایەن گروپێکی عەرەب لە وڵاتی (حمیر) و (خولان) و (**بنو عبدالوهاب**)ەوە کوژرا، لەسەر قەڵاوە فرێیاندا خوارەوە، بەمەش یەمەن بێ سوڵتان مایەوە[٨].

---

١ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٢٦.

٢ – محمود یاسین التکریتی، الایوبیون فی الیمن، ص١٣٠.

٣ – تاج الدین الیمانی، بجهه الزمن، ص٨١.

٤ – **کوز فقاع**: جۆرە شەرابێکە، لە جۆ دروست دەکرێت. الحنبلی، شفاء القلوب، ص٢٧٢.

٥ – الحموی، تاریخ المنصوری، ص٢٤٧؛ابو الفدا، المختصر فی اخبار البشر، ص١٥٢؛ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص١٧٨

٦ – تاج الدین الیمانی، هەمان سەرچاوە

٧ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، هەمان سەرچاوە، ل٢٢٦

٨ – ابن واصل، مفرج الکروب ، ج٣، ص١٣٨؛ ابن الفرات، تاریخ ابن الفرات،مج٤،ج٢، ص٢٣٥.

(**الامام المنصور بالله**) ئەو هەلەی قۆزتەوە، سەرکردایەتی هەڵمەتێکی بۆ صەنعا کرد، دوای شەرێک لەگەڵ جەنگاوەرانی ئەیوبی توانی ساڵی (**٦١١ک/١٢١٤ز**) بێتە ناشارەکە و دەستی بەسەر صەنعادا بگرێت، سەربازانی ئەیوبی بۆ قوللەی (براش) پاشەکشەیانکرد، دواتر بەرەو (**ذمار**) چوون، کە لەوێ ژمارەیەک ئەمیر و سەربازانی هەبوون، وەک ئەمیر (**محمدی کوڕی موسی الکردی**) و ئەمیر (**حسین کوڕی محمد الکبکاری**)، ئەو دوو ئەمیرە لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵ یان بوون، هانایان بۆ (هران) و (دار خولان) برد، لەوێ ئیمام ئابلۆقەی دان، سولْح لەنێوانیان کرا، ئیمام هاتە ناو (**ذمار**)ەوە جێگرانی خۆی لە هەرێمەکان دامەزراند، شەڕیف (**محمدی کوڕی العلوی**) بەسەر صەنعا بەسەر ذماریشەوە (**سلیمان کوڕی موسی**) دامەزراند[1].

شوێنکەوتووانی ئیمامەی زەیدی ڕاوەدووی شوێنکەوتووانی (**المطرفیە**) نا و ژمارەیەک مزگەوتیان خاپورکرد، ئەمەش وای لە (**ابن النساخ**) کرد، نامە بۆ خەلیفە (**الناصـر احمد المستظهر**) لە بەغدا بنووسی و داوای لێ بکات جەنگ لەدژی ئیمام بەرپا بکات، ئەوەشی ڕوونکردبووەوە کە شوێنکەوتووانی ئیمام لە هەرێمەکانی یەمەن، خراپەکاریان کردووە، هەروەها ئیمام شەڕی لەگەڵ خەڵکی (کوکبان) کردووە دەستی بەسەراگرت[2]، لە زەبید داکی ناصر دەستی بەسەر کاروباری ئەوێ داگرت، هیچ کەسایەتیەکی بەنی ئەیوب لەوێ نەمابوو، تاکو دەسەڵات وەربگرێت، چاوەریی هاتنی کەسێکی بەنی ئەیوبی دەکرد، پارەکان لای ئەو کۆکرانەوە، لە وەرزی حەج پیاوێک بۆ مەککە نارد، تاکو هەواڵی میسر و وڵاتی شام بزانێ، سلیمانی کوڕی شاهەنشای بینی، خەبەری یەمەنی پێ ڕاگەیاند و داوای لێکرد، بۆ یەمەن لەگەڵی بێت، ئەویش هات[3].

---

١ - یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٣٩٥.

٢ - هەمان سەرچاوە، ص٤٠٠.

٣ - هەمان سەرچاوە ل ١٣٩؛ ابو الفدا، المختصر فی اخبار البشر،ج٣، ص١٠٢؛ ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی، ج٢، ص١٧٩؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص٤٠٩.

## مەلیک سلیمان کوڕی شاهنشاه کوڕی ایوب

## (٦١١-٦١٢ک/١٢١٤-١٢١٥ز)

کاتێ لە ساڵی (**٦١١ک/١٢١٤ز**) گەیشتە یەمەن، دایکی ناصر و کچەکانی داوایان لێکرد، کاروباری پادشایەتی وەربگرێت و کاروباری وڵات ببات بەڕێوە، گوتراوە سەرەتا ئەو داوایەی ڕەتکردۆتەوە[١]، پییانگوت:" ئیمە لەوە دەترسین عەرەب چاومان تێببڕن، ئیمەش ئافرەتین، هیچمان لەدەست نایەت، خودا تۆی بۆ ناردووین، موڵکی ئامۆزات بەڕێوەبەر و دەست بەسەر یەمەندا بگرە"، ئینجا ڕازی بوو، ئەوکات لە تەعزبوون، جەنگاوەران پەیمانیان پێدا و لەسەر تەخت دانیشت و دایکی ناصری خواست[٢].

کاتێ دەسەڵاتی وەرگرت (**الاتابک المجاهد**) لێی ترسا، کە کاروباری دایکی ناصر و کچەکانی دەبردەریوە، بۆیە لەگەڵ دەستەیەک سەرباز بۆ قەڵای (سمدان) ڕایکرد، دواتر مەلیک سلیمانی توانی دەستگیری بکات، دوای ئەوەی بە نهێنی مەلیک سلیمان هاتبووە ناو شاری تەعزەوە، ئەویش دەستگیرێکرد و دواتر کوشتی[٣].

مەلیک سلیمان نوێنەرانی خۆی بەسەر هەرێمەکانەوە دامەزراند، ئەمیر (**ابی شامە**) بەسەر صەنعا و ئەمیر و (**صالح کوڕی هاشم**) بەسەر ذمار،

---

١ - يحيى بن الحسين، غايه الاماني،ق٢، ص٤٠٢

٢ - ابن الديبع، قره العيون،ج١، ص٤١١؛ بغيه المستفيد، ص٧٨.

٣ - هەمان سەرچاوە.

ئەمیرانی مەلیک سلیمان ژمارەیەک هێرشیان بۆ سەر خەڵکی (صبر) برد و دەستیانبەسەرداگرت[1].

مەلیک سلیمان شارەزایی لە کاروباری دەوڵەتداری زۆر نەبوو، مامەلەی خراپ بوو، مافی ژنەکەی پێشیلکرد، بە ڕابواردن و ژن و خۆشیەوە سەرقاڵ بوو، یەمەنی پڕ ستەم و زۆرداری کرد[2]، "کاروبارەکانی لاوازبوو"[3]، هەروەها لەگەڵ خەڵکەکەش خراپ بوو، ئەمەش وای لە دانیشتوانی (زبید) کرد نامە بۆ ئیمام بنێرن و داوای لیبکەن بێتەناو شارەکەیان و بەیعەتیان پێدا، ئەمیر (**یحیی کوڕی حمزه الشریف**)یان ناردرا سەر، هەروەها ئەمیر (**سلیمان کوڕی موسی**) لە ذمارەوە هێرشیکردە سەر (لحج) و (ابین)، لەنێوان(**طغتکین کوڕی محمد**)ی نوێنەری ئەیوبییەکان ئەوان ژمارەیەک جەنگ ڕوویدا[4].

مەلیک سلیمان پاڵپشتی و لایەنگری خانەوادەی ئەیوبی لە میسر و شام بەتایبەت لای مەلیک عادل لەدەستدا، بەهۆی ئەو هەلسوکەوت و کردەوانەی، جارێکیان نامەیەکی بۆ مەلیک عادل نارد، تێیدا نووسیبووی:" ئەوە لە سلیمانەوەیە، بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، مەلیک عادل زانی کە یەمەن پێویستی بە مەلیکێکی بەهێزە کە توانای ئەوەی هەبێت کاروباری وڵات بەڕێوەببات[5].

بنەماڵەی ئەیوبی دوای کوژرانی مەلیک موعز لە ساڵی (**٥٩٨ک/١٢٠١ز**) ئاگاداری ڕووداوەکانی یەمەن بوون، ساڵی (**٥٩٩ک/١٢٠٢ز**) خاوەنی حەما

---

١ – هەمان سەرچاوە.

٢ – ابو الفدا، المختصر فی اخبار البشر، ج٣، ص١٠٢؛ ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی، ج٢، ص١٧٩

٣ – تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٨٢.

٤ – یحیی بن الحسین، غایه الامانی، ص٤٠٣.

٥ – ابو الفدا، المختصر فی اخبار الشر، ج٣، ص١٠٣؛ ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی، ج٢، ص١٧٩؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص١٣٩.

نووسراوێکی له والی (البر) بۆ مەلیک مەنصور هێنا، که له حەج بوو، لەبارەی کوشتنی مەلیک موعز ئاگاداری کردەوە[1]، له نووسراوەکەدا هاتووە:" هەرچی خەبەری یەمەنە، ئەوا کوڕی ( **سیف الاسلام)** لەلایەن کۆمەڵێ کوردەوە کوژراوە، وڵاتی شێواوە، هەر کەسەو ئەوەی لەدەستیدایە، بۆ خۆیەتی، وڵات پێویستی بەکەسێکە بیپارێزێت[2]".

بەهۆی ڕەفتارە خراپەکانی و سەرقالبوونی بە ڕابواردن و زۆربوونی دەسەڵاتی ئیمامەی زەیدی ڕەوشی سیاسی لەسەردەمی مەلیک سلیمان شێوابوو، ئیمامەی زەیدی دەستی بەسەر صەنعا و کوکبان و دخل داگرتبوو، ئەمیرەکانیش چووبوونە پاڵی. سەرباری ئەوەی خانەوادەی ئەیوبی ئاگادری ڕەوشی خراپی یەمەن بوون، بەڵام سەرقاڵیان بە شەڕی صەڵیبییەکان لە میسر وشام لەلایەک و دووبەرەکێی ناوەخۆیی لەلایەکی دیکەوە، وای کرد گرنگی بە کاروباری یەمەن لەم ماوەیە نەدەن.

کاتێ ڕەوشەکەیان بۆ ئارام و جێگیر بوو، خانەوادەی ئەیوبی ویستیان دەست بەسەر یەمەن دابگرنەوە و پەشێوی نا ئارامی ئەوی لەناوبەرن[3]، مەلیک عادل هەر زوو نەوەی خۆی مەلیک کامل مەسعودی بۆ یەمەن نارد[4]، دوای ئەوەی مەلیک عادل لە میسر جێگیر بوو، کورەکانی بەسەر هەرێمەکان دامەزراند، میسر بەر کوڕەکەی مەلیک کامل کەوت، داوای لە کوڕەکەی مەسعود کرد، خۆی بۆ یەمەن ئامادە بکات[5].

---

١ – ابن واصل، مفرج الكروب،ج٣، ص٦٣٥.

٢ – هەمان سەرچاوە، ل٤١٢؛ ابن الفرات، تاريخ ابن الفرات، مج٤،ج٢، ص٢٣٢؛ محمد ماهر حماده، الوثائق السياسيه و الاداريه ،(بيروت:١٩٨٠)، ص١٤٢.

٣ – عصام الدين عبدالرؤوف الفقى، اليمن فى ظل الاسلام، ص٢٢٨؛ محمود ياسين التكريتى، الايوبيون فى اليمن، ص١٣٢.

٤ – ابن الديبع، قره العيون،ج١، ص٤١٢.

٥ – محمود ياسين التكريتى، الايوبيون فى اليمن، ص١٣٢.

مێژوونووسان لەبارەی ناردنی مەسعود بۆ یەمەن ناکۆکن، هەیانە باسی لەوە کردەووە کە نامەکەی (**ابن النساخ**) یەکێک لەو هۆکارانەیە وەک پێشتر باسمانکرد[1]، هەشە دەڵێت کاتێ مەلیک سلیمان لە بەڕێوەبردنی وڵاتی یەمەن سەرکەوتوو نەبوو، دایکی مەلیک ناصر لەوە ترسا ئەمە ببێتە هۆی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان، بۆیە نامەیەکی بۆ مەلیک کامل نارد و لە ئەگەر مەترسی ئیمامەی زەیدی هۆشداریکردەوە[2].

مەلیک کامل لەو ساڵی (**٦١١ک/١٢١٤ز**) مەلیک مەسعودی بۆ یەمەن ئامادەکرد، لە مانگی ڕەمەزان قاهیرەی بەجێهێشت و بەخۆی بە هەزار سوار لە جەندرمە و پینجشەد ڕم هاویژ بەرەو مەککە کەوتنەڕێ[3].

مەلیک مەسعود کەم تەمەن بوو، (**جمال الدین فلبت**)ی ئەتابەکی لەگەڵ بوو، چووە ناو مەککەوە و چاوی بە شەڕیف (**قتادە کوڕی ادریس**[4])، لیباسی پاداشایی پێداو ڕێزی لێگرت، ماوەی شەش مانگ لەمەککە مایەوە[5].

کاتێ هەواڵی هاتنی مەلیک مەسعود بە مەلیک سلیمان گەیشت بۆ زەبید ڕایکرد، مەلیک مەسعود بەبێ شەڕ ساڵی (**٦١٢ک/١٢١٥ز**) هاتە ناو یەمەنەوە، هەریەکە لە ئەمیر (**حسن کوڕی علی ڕسول**) و (**نورالدین**)ی برای ڕاوەدویان نا و لە قەڵای تەعز ئابلۆقەی مەلیک سلیمانیان دا، مەلیک مەسعود ویستی ئاشتی لەگەڵ بکات و بۆڵای خۆی ڕایبکێشێ، بەڵێنی پێدا

---

١ – یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٤٠٣.

٢ – هەمان سەرچاوە.

٣ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٨٢.

٤ – **قتادە بن ادریس**: ناوی (شریف ابو عزیز ابن الامیر ادریس العلوی)یە خاوەنی مەککە بوو، ساڵی ٦١٧ک کۆچی کردووە، گوتراوە کە حوسێنی کوڕی کوشتوویەتی. الذهبی، تاریخ الاسلام و وفیات المشاهیر و الاعلام، تحقیق: بشار عواد و اخرون، (بیروت:١٩٨٨)، ط٦٢، ص٣٢٤؛ الغسانی، العسجد المسبوک، ج٢، ص٣٩٠.

٥ – الحنبیلی، شفاء القلوب، ص٣٦٢.

هەرێمی چیا و (**التهائم**)ی پێ بدات، بەڵام ئەمیر (**حسن کوڕی علی ڕسول**) پێیگوت:" تۆ لە چیادا هیچ کەس نادۆزیتەوە ڕووبەرووت ببێتەوە، واباشترە نامە بۆ مەمالیک بنووسی، کە سلیمانت ڕادەست بکەن"، فەرمانی کرد، دەستگیربکرێت و لەگەڵ ژنەکەی بۆ میسر ڕەوانە بکرێت[١]، لەلای مەلیک کامل مانەوە و زۆری ڕێز لێنان، بەڵام ساڵی (**٦٤٧ک/١٢٤٩ز**) بۆ مەنصورە چوو، بە شەهیدی کوژرا[٢]، مەلیک مەسعود ساڵی (**٦١٢ک/١٢١٥ز**) چووە ناو تەعزەوە، لەم مێژووەوە دەسەڵاتی بەسەر یەمەنەوە هەبووە[٣].

---

١ - الذهبی، هەمان سەرچاوە، ل٩؛ يحيى بن الحسين، غايه الامانى، ق١، ص٤٠٤.

٢ - ابن واصل، مفرج الكروب، ج٣، ص٢٢٧؛ ابن الفرات، مج٤، ص٣٢٧؛ هەمان سەرچاوە، ل ٤٠٩.

٣ - محمود سياسين التكريتى، الايوبيين فى اليمن، ص١٣٥.

## مەلیک مەسعودی کوڕی کاملی کوڕی ئەیوب

## (٦١٢-٦٢٦ک/١٢١٥-١٢٢٨ز)

ناوی تەواوی (**الملک المسعود کوڕی الملک کوڕی الکامل کوڕی العادل کوڕی ایوب ناسراو بە اقسیس**)[١]، لەساڵی (**٦١٢ک/١٢١٥ز**) مەلیکی یەمەن بووە، کاتێ ڕەوشەکە لە زەبید جێگیربوو، یارمەتی سەربازی لە قاهیرەوە بەردەوام بۆی دەهات، سوپاکەی و پێگەی بەهێز بوو، دوای دەستگرتن بەسەر تەعز کاری بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ئەیوبی بۆ سەرجەم ناوچەکانی یەمەن دەکرد، فەرمانی بە (جمال الدین) ئەتابەک کرد، هێزەکانی بۆ هەرێمەکان یەمەنی خواری بنێرێ و دەستی بەسەرابگرێت، دواتر سوپای بەرەو یەمەن برد و ڕەوشەکەی جێگیرکرد، دواتر شاندی هۆزەکان لەهەموو لایەکەوە دەهاتن لە سنجان و بەنی شهاب، ملکەچی خۆیان بۆ مەلیک مسعود نواند[٢]، مەلیک مەسعود جەختی لەسەر شەڕکردن لەدژی ئیمام عبداللە ی کوڕی حەمزە و گەڕاندنەوەی ئەو هەرێمانەی کە دەستی بەسەرداگرتووە کردووە، صەنعا و کوکبان بەدەستی ئیمامەی زەیدییەوە بوو، سوپای ئەیوبییش بەسەر (انعز)

---

١ - **اقسیس**: وشەیەکی تورکییە، بۆیە وا ناونراوە چونکە باوکی مەلیک الکامل کوڕی خۆی نەبووە، کاتێ مەلیک مەسعودی بوو بە مەلیک، هەندێ تورکی وڵاتی خۆمان گوتیان ئەگەر مرۆڤ کوڕی بۆ نەمێنێتەوە، پێی دەڵێن (اچسیس). ئەو وشەیە لەسەر زمان قورس بوو بۆ (اقسیس) گوڕا. ابن تغری، نجوم الزاهره، ج٦، ص٢١٠.

٢ - یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٤٠٣.

زاڵبوون و بەرەو شبام چوون، لەسەر دەستی ئەمیر محمدی کوڕی حاتەم لەگەڵ ئیمام سوڵحکرا، فەلیتیش بۆ صەنعا گەڕایەوە دوای ئەوەی (**جمال دوله کونج**) بەسەر صنعاوە دانرا ، فەلیت بۆ تەعز چوو[1].

ئەو سوڵحە لەنێوان زۆری نەخایەند، لە ساڵی (**٦١٤ک/١٢١٧ز**) دوای ئەوەی ئیمام لە (**ظفار**) بۆ (کوکبان) چوو بۆ شەڕی فەلیت، شەڕ لەنێوانیان نوێ بووەوە، بەڵام نەخۆش کەوت و لە کوکبان کۆچی دواییکرد، هەروەها (**جمال الدین فلیت**)یش لە هەمان ساڵ کۆچی دواییکرد[2]، بە مردنیشی مەلیک مەسعود سەرکردەیەکی بەوەفا و بەهێزی لەدەست، کە هەموو هەوڵی بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی ئەیوبیی بەسەر هەرێمەکانی یەمەن بەکاردێنا، مەلیک مەسعود کاروباری بەخۆی بەدەستەوە گرت، بۆ قوللەی (براش) چوو و دەستی بەسەراگرت و بەرەو کوکبان چوو، دەسەڵاتی ئەیوبی گەڕاندەوە، لەگەڵ ئەشرافەکان بە سوڵح گەیشتن، لە ساڵی (**٦١٥ک/١٢١٨ز**) بۆ صەنعا گەڕایەوە[3]، لەو ساڵەدا لەمیانەی ئابلۆقەی صەلیبییەکان بۆ (**دمیاط**) سەربازانی مەلیک کامل لە میسر یاخیبوون، ڕەوشەکە شڵەژا، گوتراوە ویستوویەتی میسر بەجێبهێڵێت و بەرەو یەمەن بچێت[4]، بەڵام دوای ئەوەی براکانی مەلیک **المعظم عیسا** و ئەشرەف بەهێزەکانی بۆ میسر بۆ یارمەتی هاتن، ڕای خۆی گۆری، توانیان یاخیبوونەکە لەناوبرن و (دمیاط) لە ساڵی (**٦١٨ک/١٢٢١ز**) لە دەستی صەلیبییەکان دەربهێنن[5].

---

١ – یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە ص٤٠٥.

٢ – تاج الدین الیمانی،بهجه الزمن، ص٨٣.

٣ – تاج الیمانی،بهجه الزمن، ص٨٣؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٤٠٥.

٤ – ابن ابی عذیبه، تاریخ دول الاعیان، مخطوط، دار صدام للمخطوطات، بغداد، ج٥، رقم (٩٢٠٢)، ورقه ٣١٣.

٥ – مؤلف مجهول، مختصر فی التاریخ،مخطوطه، ورقه (١٠٣).

مەلیک مەسعود لە ملکەچ پێکردنی ناوچەکان بەردەوام بوو، ساڵی (**٦١٨ک/١٢٢١ز**) بۆ قوللەی (بکر) چوو و دەستی بەسەراگرت، ئینجا بەرەو یەمەنی سەروو چوو و لەگەڵ حوسییەکان جەنگا، زۆری لێکوشتن و شارەکەیانی وێرانکرد، لە نزیک (**الظفار**) بەرگری ئەشرافەکانی کرد، بەڵام توانی بەسەریان زاڵ بێت، دواتر بەرەو (ریدە) و یەمەنی خواروو چوو، بەم گەشتانەی مەلیک مەسعود توانی لایەنگری ئەو ناوچانە بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە[١].

کاتێ ئەشرافی بەنی قەتادە لە مەککە ملکەچیان بۆ مەلیک مەسعود کۆتایی پیهێنا، ساڵی (**٦١٩ک/١٢٢٢ز**) بە سوپایەکەوە بۆ شەڕی قەتادە بەرێکەوت و شکستی بە شەڕیفی کوڕی قەتادە هێنا و چووە ناو مەککەوە، خەڵکی لە ماڵ و گیان و موڵکیان دڵنیابوون و شەڕیفیش لابرا[٢]، **شەریف حسن قتادە** و کوڕەکەی مەککەیان جێهێشت، مەلیک مەسعودیش لەگەڵ سوپاکەی لە چیای (ملبین) مانەوە و حەجی بە خەڵکی کرد، سەربازانی خەلیفە ڕێگەیان نەدا ئالای خەلیفە (**الناصر لدین الله**[٣]) بەرز بکەنەوە، (**ابن ابی فراس**) پیاوێکی پیر نارد و داوای لێکرد، ملکەچی خەلیفە بن، گوتراوە لە دەمەو ئێوارە ڕێگەی بە بەرزکردنەوەی ئالای خەلیفەدا[٤]، کاتێ خەلیفەی عەباسی بەمەی زانی، نامەی بۆ باوکی نووسی گازاندەی ئەمەی لێکرد، مەلیک کامل نامەی بۆ مەلیک مەسعود نووسی و پێی گوت:" ئەی پیسکە لە عادل بێبەری، ئەگەر سوێند نەخۆی، ئەوا دین و دونیایەت

---

١ – تاج الدین الیمانی، هەمان سەرچاوەص٨٤؛ یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە.

٢ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٣٢.

٣ – ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص٢١٣؛ الفاسی، شفاء الغرام، ص٢١٥؛ المقریزی، السلوک، ج١، ص٣٣٣.

٤ – الفاسی، شفاء الغرام، ص٢١٥.

لەدوای جێ دەمێنێت، **لاحول و لا قوة الا بالله** [1]"، مەلیک کامل داوای لێبووردنی لە خەلیفەی عەباسی کرد و ئەویش داواکەی قبوڵکرد[2].

مێژوونووسان باسیان لەوەکردووە، کە مەلیک مەسعود کردەوەی سەیری هەبووە، بەتایبەت دوای ئەوەی ساڵی (**٦١٩ک/١٢٢٢ز**) چووە ناو مەککەوە، تا ڕۆژئاوابوون کوسەی[3] لێدەدا، سەربازانی بە (**البندق**[4]) لە حەمامی مەککەیان داوە، بە شمشێریش لە خەڵکیان داوە[5].

زەهەبی دەڵێت:" دەستگیرکردن لە مەککە زۆر بوو، بەهۆی ئەو ترسەی هەیبوو، شەڕانگیزەکان کەمبوونەتەوە و ڕێگاکان ئارام بوون"[6]. دوای ئەوەی ئەمیر (**نورالدین عمر کوڕی ڕسول**) داوای لێکرد شوێنی بگرێتەوە، بۆ مەککە گەڕایەوە[7].

لە ساڵی (**٦٢٠ک/١٢٢٣ز**) بۆئەوەی شام لە مەلیک (**المعظم عیسی**) مامی کە خاوەنی دیمەشق بوو، وەربگرێت، یەمەنی بەرەو میسر جێهێشت، دیارییەکی زۆری لەگەڵ خۆی بۆ مەلیک کاملی باوکی بردوو[8]، بەڵام زۆر لە میسر نەمایەوە، لە یەمەن توشی گەلیک کێشە بوو، دیاریترینیان

---

١ – ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٥،ق٥، ص١٠٨٧؛ محمد ماهر حمادە، الوثائق السیاسیە و الاداریە، ص٤٠٧.

٢ – ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص٢١٣.

٣ – الکوسات: ئامێرێکی مسە، سەرەکەی نیمچە خرە، بە سەرێکی لە لاکەی دیکە دەدرێت و دەنگێکی تایبەتی لێ دەردەچێت. قلقشندی، صبح الاعشی،ج٤، ص٩.

٤ – **البندق**: تۆپەلەی خڕن، لە قوڕ یان بەرد یان قورقوشم دروستدەکرین، سەربازان دەیهاوێژن. جرجی زیدان، تاریخ التمدن الاسلامي، (القاهرة:د.ت)،ج٥، ص١٥٣.

٥ – الفاسی، هەمان سەرچاوە؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص٣٦٣.

٦– تاریخ الاسلام، ط٦٢، ص٥٧.

٧ – المقریزی، السلوک،ج١، ص٣٣٣.

٨ – الحموی، التاریخ المنصوری، ص٢٩٥؛ هەمان سەرچاوە ،ط٦٣، ص٧؛ الحنبلی، هەمان سەرچاوە ، ص٣٦٤.

شۆڕشەکەی (**مرغم الصوفی**) بوو، کە ئامادەنەبوونی مەلیک مەسعودی قۆزتبووە و شۆڕشی لە وڵات (**یریم و زعم الداعی و الامام الحق**) جاردابوو، بەرگیکی موقەدەسی پۆشی بوو، خەڵکی لەدەورەی خۆی کۆکردبووە و شوێنکەوتووانی لە دەرووبەری ناوچەکانی (**عنسی**) زۆربوو، بەڵام ئەمیر (**نورالدین عمر کوڕی ڕسول**) توانی شۆڕشەکەیان لەناوبەرێت و ئارامی ئاسایش بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە[1].

هەروەها (**الامام عزالدین محمدی کوڕی المنصور بالله**) ژمارەیەک هێرشی کردە سەرناوچەکانی دەروبەری صەنعا، چەندین شەڕو پێکدادان لەنێوان ئەو هێزانە و ئەیوبییەکان ڕوویدا، لە بەناوبانگترین ئەو شەڕانەش، شەڕی (**عصر**)ە کە لە نێوان ئەمیر (**بدرالدین حسین کوڕی ڕسول**)ی خاوەنی صەنعا و ئیمام لە ساڵی (**٦١٣ک/١٢١٦ز**) ڕوویدا[2]، کە ئەمیرانی بەنی ڕەسوڵ توانیان کۆمەڵێ هێرش و هەڵمەت دژی ئیمامەی زەیدی ئەنجام بدەن و لە زۆر شوێندا تێکیان بشکێنن و پەرتوبڵاویان بکەن، هەوڵەکانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ دەسەڵات شکست پێبێنن[3].

ساڵی (**٦٢٥ک/١٢٢٧ز**) مەلیک مەسعود لە وڵاتی میسر گەڕایەوە، بۆ ماوەیەک لە یەمەن مایەوە، بەڵام کاتێ خەبەری مردنی مەلیک موعەزەمی مامی پێگەیشت بڕیاریدا بەیەکجاری یەمەن جێبهێڵێت، باوکی نامەی بۆ نووسی داوای لێکرد، بگەڕێتەوە تاکو دیمەشقی پێ بدات[4]، داوای لە (**الامیر المنصور کوڕی ڕسول**) کرد، شوێنی ئەو بگرێتەوە، ئەمیریش ڕازی بوو، ئەمیر داوا لە مەلیک مەسعود کرد، براکانی لێ دوور بخاتەوە، مەلیک

---

١ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٣٢.

٢ – تاج الدین الیمانی،بهجە الزمن، ص٨٥.

٣ – هەمان سەرچاوە س ، ص٢٣٣.

٤ – الذهبی، تاریخ الاسلام،ط٦٣، ص٧؛ الخزرجی، العقود اللؤلؤیە فی تاریخ الدولە الرسولیە، تحقیق محمد بن الاکوع، (بیروت:١٩٨٣)، ج١، ص٤٧؛ الحنبلی، شفاء القلوب، ص٣٦٤.

مەسعودیش هەریەکە لە (**بدرالدین و شرف الدین و فخرالدین**)ی دەستگیرکرد و بەدەریا ڕەوانەی میسری کردن[1].

مەلیک مەسعود بەرەو میسر چوو، ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٨ز**) بە مەککە گەیشت، بەڵام نەخۆش کەوت و لەوێ مرد، شێخ (**صدیق الاربلی**[2]) سەرپەرشتی ڕێورەسمی ناشتنەکەی کرد، لە (**المعلی**) نێژرا[3]، خەبەری مردنەکە بە باوکی گەیشت، کە لە ئابلۆقەدانی دیمەشق بوو، تازەیەکەی لەوێ بۆدانا، مەسعود کوڕێکی بەناوی یوسف لەدوای خۆی جێهێشت[4]. بەمردنیشی کۆتایی بە دەوڵەتی ئەیوبی لە یەمەن هات، ئەو دوایین مەلیکی ئەیوبییەکان بوو[5]، کە ئەو خانەوادەیە تا ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٧ز**) حوکمڕانی یەمەنیانکرد[6].

---

١ – ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٧٨.

٢ – **الشیخ صدیق الاربلی**: کوڕی بدره لە کوردانی صالحیین لە هەولێر، لە مەککە دانیشتووە. الیافعی، مرآه الجنان، ج٤، ص٥١؛ محمد امین زکی، مشاهیر الکرد و کردستان، ترجمه کریمته، (بغداد:١٩٤٥)، ج١، ص٢٧١.

٣ – هەمان سەرچاوە.

٤ – ابو الفدا، المختصر فی اخبار البشر،ج٣، ص١٤٢.

٥ – القلشقندی،مأثر الانافه،ج٢، ص٧٠.

٦ – Bertold Spuler, TRIE muslim world, part1,p.67.

# بەشی سێیەم

# ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبییەکان لە یەمەن

## پاشەکشەی کورد لە یەمەن

مەلیک مەسعود ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٨ز**) یەمەنی بۆ میسر بەجێهێشت و (**نورالدین عمر کوڕی علی ڕسول**) بەنوێنەری خۆی لە شوێنی خۆی دانا[١]، گوتراوە کە مەلیک مەسعود بە نوێنەرەکەی گوتووە:" بڕیاری سەفەرم داوە و تۆم کردۆتە نوێنەری خۆم لە یەمەن، ئەگەر مردم، تۆ شایەنی پادشایەتی لەچاو براکانم، چونکە تۆ خزمەتت کردووم، ئامۆژگاری و ئیجتیهاد لە تۆوە فیربووم، ئەگەر ژیام ئەوا تۆ لەسەر حاڵ دەمێنیتەوە، هەرگیز لێنەگەڕێ هیچکەس لە خزمە و کەسانم بێتە ناو یەمەنەوە، ئەگەر مەلیک کاملیش هات، کە ئیستا پێچراوەتەوە لە گۆڕ، سوڕبوو لەسەر ئەوەی بێتە ناو یەمەنەوە ڕێگەی پێنەدەی تا من ئاگادار نەکەیتەوە، منیش لەگەڵ ئەشرەفی مامم کۆدەبەوە، بەشەرێک سەرقالی دەکەم، نورەدین پێی گوت: لەوە دەترسم براکانم بەرهەڵستکاریم بکەن. مەلیک مەسعود گوتی: بۆ ئەوان منت بەسە[٢].

گومانی تێدا نیە ئەو قسەیە لە مەلیک مەسعود دەرنەچووە، بەڵکو نورەدین بۆخۆی دایهێناوە، بۆئەوەی پاساو بۆ زاڵبوون بەسەر جلەوی دەسەڵات و بە هێزبوونی پێگەکەی بەکاری بهێنێت[٣].

مەلیک مەسعود لە ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٨ز**) لە مەککە کۆچی دواییکرد، وەک باسمانکرد دوایین سوڵتانی کوردی ئەیوبی بوو بەسەر یەمەنەوە، بە مردنیشی کۆتایی بە حوکمڕانی کوردییەوە بەسەر یەمەن هات، کە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکی خایەند.

---

١ – تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٨٥؛ العینی، عقد الجمان فی تاریخ اهل الزمان، تحقیق محمد محمد امین، (القاهرة:١٩٨٧)،ج١، ص٤٩.

٢ – الخزرجی، العقود اللؤلۆیه،ج١، ص٤٧.

٣ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٣٨

کاتێ هەواڵی مردنی مەسعود بە یەمەن گەیشت سوڵتان نورەدین لە زەبید بوو، حەزی لەوە دەکرد، خۆی وەک حاکمی یەمەن ڕابگەیەنێ و جاری سەربەخۆیی بدات، بەڵام ئەوەی نەکرد، خۆی وەک جێگری بەنی ئەیوب دەرخست، نە سکە و نە خوتیبەی نەگۆڕی[1] ، ژمارەیەک دیاری بۆ مەلیک کامل نارد و گوتی:" من جێگری سوڵتانم لە وڵاتدا"[2].

دوای ماوەیەک دەستی گرت بەسەر ژمارەیەک قوللە و قەڵای یەمەن، ئەمیرانی هەرێمەکانی لابرد و لەشوێنیان ئەمیرانی سەربەخۆی دامەزراندن، توانی دەسەڵاتەکەی بەهێز بکات، بۆ سەربەخۆیی دەستپێشخەری کرد، ساڵی (**٦٢٩ک/١٢٣١ز**) هەڵمەتێکی بەسەرکردایەتی (**عیذار**) و (**الشریف ڕاجح کوڕی قتادە**) بۆ حیجاز بەرێکرد، بەڵام سوپای ئەیوبی لە مەککە توانی بەرگری بکات و شکست بە هێزەکە بهێنێ، دوای ئەوەی هیچ پاساوێک بۆ نورەدین نەمایە کە ملکەچی بۆ بەنی ئەیوب بنوێنێ، دوای ئەو هەڵوێستە دژمنکارییەی کە خۆی لە هەڵمەتەکەی بۆ سەر مەککە دەبینێیەوە و لە ساڵی (**٦٣٠ک/١٢٣٢ز**) ناوی خۆی خستە سەر سکە و فەرمانیکرد ناوی سوڵتانی ئەیوبی لە خوتبەدان لاببرێت و خوتبە بەناوی ئەوەوە لەتەواوی یەمەنەوە بکرێت[3].

خانەوادەی ئەیوبی نەیانتوانی دەسەڵاتی ئەیوبییەکانی بۆ یەمەن بگەڕێیننەوە و نورەدینی کوڕی محەمەدیش لەدەسەڵات لابەرن[4]، ئەمەش لەبەر چەندین هۆکار، لەوانە: دووری ناوچەکە و زاڵبوونی نورەدین بەسەر هەموو جومگەکانی دەوڵەت، دوای ئەوەی بەسەر قەڵا و قوللەکان زاڵبوو، لایەنگریی هۆز و لایەنەکانی یەمەنی بەدەستهێنا، لەلایەکی دیکەوە پەشێوەی

---

١ – المقریزی، الذهب المسبوک فی ذکر من حج من الخلفاء و الملوک، تحقیق جمال الدین الشیال، (القاهرة:١٩٥٥)، ص٧٩؛یحیی بن الحسین ، غایه الامانی،ق١، ص٤١٨.

٢ – المقریزی، السلوک،ج١، ص٣٥٨.

٣ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٣٩.

٤ – دائرة المعارف الاسلامیة، مج٥، ص٤٦٢.

ڕەوشی سیاسی لە میسر و وڵاتی شام بۆ ئەویوبییەکان هۆکاری سەرقالیبوونیان بە بەرهەلستکاری و بەرپەرچدانەوەی هێرشی صەلیبییەکان بەسەر هەرێمەکانی ئیسلام لە میسر و وڵاتی شام، هەروەها ئەو کێشمەکێش و ئەو دابەشبوونەی کەوتبووە نێوان ئەمیرانی ئەیوبی بەتایبەت دوای مردنی مەلیک کامل لە ساڵی (**٦٣٥ک/١٢٣٧ز**)[١] وایکرد ئەوەندە گرنگی بە یەمەن نەدەن[٢].

هەرچەندە مەلیک کامل چەند هەوڵیکی بۆ پاراستنی قەلەمرەوی ئەیوبی بەسەر حیجاز دا، ئەمەش بەهۆی پێگە ئایینیەکەی، ململانیی نێوان ئەیوبیەکان و ئەمیر نورەدین بۆ مەککە گوازراوە و مەلیک ئەیوب توانی پاریزگاری لە دەسەلاتی ئەیوبیەکان بەسەر مەککەوە بکات و سەرکردایەتی ژمارەیەک هەڵمەت لەنێوان (**٦٣٥ک/١٢٣٢-١٢٣٧**) بکات[٣]،بەلام دوای مردنی مەلیک کامل لە ساڵی (**٦٣٥ک/١٢٣٧ز**) ، دەسەلاتی خانەوادەی ئەیوبی لاواز بوو، بەهۆی کیبرکیی نێوان ئەمیرەکان[٤]، لە کۆتاییدا نورەدین توانی لە ساڵی (**٦٣٩ک/١٢٤١ز**) دەست بەسەر مەککە بگرێت و هێزەکانی ئەیوبی ناچار بکات، شارەکە بەجیبهیلن، بەمەش کۆتایی بە دوایین دەسەلاتی بەنی ئەیوبی لە یەمەن و حیجاز هات[٥].

---

١ - بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی رەوشی سیاسی خانەوادە ئەیوبییەکان لەدوای مردنی مەلیک کامل، سەیری: موسی مصطفی ابراهیم، الحیاة سیاسة فی بلاد الشام، (٦٣٤-٦٥٨هـ) رسالة دکتوراە، جامعة صلاح الدین (اربیل:١٩٩٧)، ص ص٤٨-٥٧.

٢ - محمد بن یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص١٤٨.

٣ - الفاسی، شفاء الغرام، ص٢١٦؛ بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی رۆڵی مەلیک کامل لە بەرگریکردن لە قەڵمڕەوی ئەیوبی لە مەککە کرد سەیری: ذکری عزیز محمد صالح، عصر الملک الکامل الایوبی، رسالە ماجستیر ، کلیە الاداب ،(جامعە الموصل:١٩٨٨)، ص ص٥٣-٥٧.

٤ - ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون،مج٥، ص١٠٨٨.

٥ - محمود یاسین الترکریتی، الایوبین فی الیمن، ص١٤٢.

# بەشی چوارەم

# ڕۆڵی کورد لە سەردەمی دەوڵەتی رەسوڵی

## (٦٢٦–٨٥٨ك/١٢٢٨–١٤٥٤)

## یەکەم: ڕەچەڵەکی بەنی ڕەسوڵ:

مێژوونووسان لەبارەی ڕەچەڵەکی بەنی ڕەسوڵ و بنەچەیان ناکۆکن، مێژوونووسانی یەمەنی ویستوویان مێژووی ئەو بنەماڵەیە بەیەمەنەوە گرێ بدەن، بەوپێیەی دەوڵەتێکی یەمەنی ڕەسەن و نامۆ نییە.

مێژوونووسی یەمەنی (**الخزرجی**) ڕەچەڵەکی بەنی ڕەسوڵی بەمشێوەیە باسکردوە:" ناوی (**محمدی کوڕی هارونی کوڕی ابی الفتح کوڕی یوحی کوڕی ڕستز**) ئەو ناوە لە نەوەی (**جبلە کوڕی الایهم کوڕی الحارثی کوڕی ثعلبة**)ن[1]".ئەوەش ڕەچەڵەکەکەی بە (**یشجب کوڕی یوب کوڕی قحطان کوڕی الازد**) دەگات و پێی دەگوترێت (**یقطنی کوڕی عبادی کوڕی شیح کوڕی ڕفخشد کوڕی سالم کوڕی نوح**)، زۆربەی مێژوونووسانی یەمەنی لەسەر ئەو ڕەچەڵەکە کۆکن، لەسەر ئەمەش ئەوان بە ڕەچەڵەک عەرەبن[2].

مەلیک (**الاشرف الغسانی**) ئەو ڕەچەڵەکەی دڵنیاکردۆتەوە:" ئەگەر یەکێک لێپرسی لە هۆزەکان، وڵام بدەوە کە لە قەحتان، ئەگەر گوتیان لەکام تیرەی قەحتان؟ بڵێ: لە کەهلان، ئەگەر گوتیان لە کەهلان لە کامەیان؟ بڵێ: لە (**الازد**) ئەگەر گوترا لەکام (**الازد**)؟ بڵێ لە (**جفنه**)، ئەگەر گوتیان لە کام (**جفنه**)؟ بڵێ: لە نەوەی (**جبله کوڕی الایهز**)"[3].

لە هەمان کاتدا مێژوونووسی یەمەنی دیکەی جەختیان لە ڕەچەڵەکی عەرەبی بوونی بەنی ڕەسوڵ کردۆتەوە، هەندێکی دیکە ڕەچەڵەکەکەیان بۆ تورکمان بردۆتەوە، ناوی (**محمدی کوڕی هارون کوڕی الفتح موهب کوڕی ڕستم الترکمانی**)یان لەمبارەیەوە هێناوە[4]، هۆکاری دوای ئەو

---

١ – العقود اللؤلۆیه، ج١، ص٣٦.

٢ – الغسانی، العسجد المسبوک،ج١، ص٥٠

٣ – هەمان سەرچاوە. ل٥١.

٤ – المقریزی، درر العقود الفریده، ج٢، ص١١٢؛ العینی، السیف المهند، ص٩١؛ الذهبی، تاج الاسلام،طبقه٦٤، ص٢٨.

باوەرەش، کە لە تورکمانەکانن، بۆئەوە دەگرێتەوە کە خانەوادەی ڕەسوڵی زمانی تورکیان زانیووە، بەڵام زمان زانی بەمانای پەیوەستی ئەنتی نایەت[١]، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە، کە باپیرەیان بۆ وڵاتی ڕۆم چووە، ماوەیەک لەوێ ماوتەوە و دواتر لەوێ کۆچی دواییکردوو[٢]، دوای ئەوە نەوەکانی و نەتەوەکەی بۆ وڵاتی تورکمان چوونە، لەگەڵ هۆزە تورکیەکان نیشتەجی بوونە، کە بە هۆزی (مجک) ناسراوە، لەگەڵ ئەوان تیکەڵاویان بووە، لەوێ ماوەیەک ژیاون، خەڵکی وایان زانیووە کە ئەوان تورکمانن[٢]، کە زۆر پشتیان بە تورکمانەکان لە یەمەن بەستاوە.

هەندێکی دیکە لە مێژوونووسان لەگەڵ ڕایەکی ناوەندیدان، دەڵێن: ئەوان لە غەساسنەی تورکمانن، بەواتا باپیرانین بۆ وڵاتی تورکمان چووە[٣]، بەڵام دوای دەرچوونی بەنی ڕەسوڵ بۆ عێراق ئیدی بەناوی غەسان دەناسرانەوە[٤]، مەقریزی لە کتێبەکەی (**الذهب المسبوک**) بەتەنیا دەڵێت، بەنی ڕەسوڵ کوردن:" ناوی مەلیک مەنصور نورەدین عومەری کوڕی عەلی کوڕی ڕەسوڵی کوردیە[٥]"، بەڵام ڕەچەڵەکی بەنی ڕەسوڵ بۆ کورد ناگەڕێتەوە، ئەو تیکەڵاویە بەهۆی بەشداری سوڵتانەکانی بەنی ڕەسوڵ لەگەڵ ئەیوبییەکانەوە لە وڵاتی شام و میسر پەیدابوو، بەهۆی ئەوەی لێهاتوویان پۆستی گرنگیان لەو هەرێمانە وەرگرتووە، هەندێ توێژەر ڕەچەڵەکی بەنی ڕەسوڵ بۆ فارسەکان دەگەڕێننەوە، ناوی

---

١ - احمد شلبی، موسوعه التاریخ الاسلامي،ج٧، ص٤٦٣.

٢ - الخزرجی، العقود اللؤلؤیه، ج١، ص٣٧؛ الغسانی،العسجد المسبوک، ص٥١؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی، ق١، ص٤٦٩؛ العرشی، بلوغ المرام، ص٤٤

٣ - ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٨١.

٤ - الخزرجی، هەمان سەرچاوە ص .

٥ - المقریزی، الذهب المسبوک، ص٧٩.

باپیرەیان ڕۆستەم بووە، بەڵگەی ڕەچەڵەکە ئیرانییەکەیەتی[1]، بەڵام بوونی ناوی ڕۆستەم بەڵگە نییە لەسەر فارسی بوونەکەی، چونکە زۆرێک لەناوە فارسیەکان دوای داگیرکاری فارسی هاتۆتە ناو وڵاتی یەمەنەوە[2]. هەروەها تەنها بوونی ناوی ڕۆستەم بەڵگە نییە لەسەر ڕەچەڵەکی فارسیەکەی.

پێدەچێت ڕەچەڵەکی بەنی ڕەسوڵ ڕون نەبێت و زۆربەی سەورچاوەکان باسی ناوی ڕاستەقینەی باپیرەی ڕسوڵیان نەکردووە، هەروەها زۆربەیان باسی ناوی ئەو خەلیفە عەباسیەیان نەکرددووە کە کاری لەگەڵ دا کردووە، کە تایبەت بووە بە نامەکانی، هەروەها لەبارەی ناوی باپیر ناکۆک بوونە، هەندێکیان بە (**الفتح کوڕی هارون کوڕی نوحی**) ناویان هێناوە، هەندێکی دیکەش بە (**محمدی کوڕی هارون**) بەڵام دەکرێت بگوترێت ئەوانە بە ڕەچەڵەک عەرەبن[3].

هەرچی نازناوی ڕسولە[4]، ئەوا بۆ ناوی باپیرەیان (**محمدی کوڕی هارون**) دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی ئەو پایە بەرزەی لە خەلافەتی عەباسی هەیبووە، بۆ کاروباری نامە گۆرینەوەی خەلیفە لەگەڵ هەرێمە ئیسلامیەکانی میسر و شام تەرخانکرابوو، بەنازناوی (الرسولی) ناوی دەرکردبوو، ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی وازلێهێنابوو، تا لە بیرکرا، دواتر بەنی ڕەسوڵ لە عێراقەوە بەرەو شام و دواتر بەرەو میسر چوونە و

---

١ – ستانلی لین بول، الدول الاسلامیة، ترجمه محمد صبحی فرزات، (دمشق:١٩٧٣)، ج١، ص٢٠٢.

٢ – احمد شلبی، الموسوعه التاریخ الاسلامي،ج٢، ص٤٦٣.

٣ – الفسانی، العسجد المسبوک،ج١، ص٥٣.

٤ – رسول: ئەو کەسەیە کە مەلیک وە ک بالیۆز رەوانەی دەکات، ابن الاثیر الباب لی تهذیب الانساب، (بیروت:١٩٨٠)،ج٢، ص٢٦؛ السمعانی، االانساب،ج٦، ص١٢٠.

چوونەتە خزمەتی خانەوادەی ئەیوبییەکان و بەشداریان لە هەڵمەتی تۆرانشا بۆ یەمەن لە ساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) کردووە[١].

## دەوڵەتی ڕەسوڵی (**٦٢٦-٨٥٨ک/١٢٢٨-١٤٥٤ز**):

دەوڵەتی ڕەسوڵی لەسەر پاشماوەی دەوڵەتی ئەیوبی لە یەمەن دامەزرا، لەسەرەتاکانی دەسەڵاتەکەی پشتی بە ڕەگەزی کوردی و مەملوکی بەست، کە پێشتر ئەیوبییەکان بۆ یەمەنیان هێنابوو[٢]، ئەو دەوڵەتە ئەوەند بەهێزبوو، توانی بۆ ماوەی دوو سەدە یەمەن و حیجاز بخاتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە[٣].

مەنصور نورەدین (**٦٢٦–٦٤٧ک/١٢٢٨–١٢٤٩ز**) بە یەکەم سوڵتانی ڕەسوڵییەکان و دامەزرینەری ئەو دەوڵەتە دادەنرێت کە جیگری مەلیک مەسعودی کوڕی کامل بوو لە یەمەن، کاتێ ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٨ز**) کۆچی دواییکرد، نورەدین توانی دەست بگرێت بەسەر زەبید و تەواو ناوچەکانی تەهامە و تەعز دەوروبەری صەنعا، کە مەلیکێکی بە حەزم و بەهێز بوو[٤]. ساڵی (**٦٣٠ک/١٢٣٢ز**) سکە و خوتبەی لە تەواوی یەمەن بەناوی خۆیەوە کرد و نازناوی (المنصور)ی لەخۆینا و ساڵی (**٦٣٩ک/١٢٤١ز**) دەسەڵاتەکەی فراوانکرد و مەککەشی خستەسەر[٥].

کاتێ ڕەوشەکە جێگیر و ئارام بوو، لە ساڵی (**٦٣١ک/١٢٣٣ز**) دیارییەکی بەنرخی بۆ خەلیفەی عەباسی (**٦٢٣–٦٤٥ک/١٢٢٦–١٢٤٧ز**) نارد

---

١ – الغسانی، هەمان سەرچاوەج٢، ص٥٢؛ الحزرجی، العقود اللؤلۆیە، ج١، ص٣٧؛ المقریزی، درر العقود الفریدە، ج٢، ص١١٢.

٢ –السید مصطفی سالم، الفتح العثمانی الاول للیمن، ص٣٢.

٣ -**D.G.OGRTH,ARABIA, P.91.**

٤ – تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص ص٨٦–٨٧؛ المقریزی، السلوک، ج١، ص٣٥٨.

٥ –العینی، عقد الجمان،ج١؛ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٨١.

و داوای لێکرد دەسەڵاتی پێ بدات، حوکمڕانی بەسەر یەمەنەوە بکات، ساڵی ((٦٣٢ک/١٢٣٤ز) خەلیفە دانی بە دەسەڵاتەکەی نا، بەمەش دەسەڵاتەکەی بۆیەیەکی شەرعی وەرگرت[١].

مەلیک مەنصور ڕەسوڵی ژمارەیەک شەڕی لەگەڵ ئیمامەی زەیدی بەرپاکرد[٢]، دەسەلاتەکەی تا ساڵی (**٦٤٧ک/١٢٤٩ز**) خایاند، کاتێ لەلایەن هەندێ مەمالیکەوە لە کۆشکی (**الجند**) کوژرا، (**اسدالدین فخرالدین کوڕی ڕسول**)ی برازای کە خاوەنی صەنعا بوو، لەپشت کوشتنەکەی بوو، ئەمەش دوای ئەوەی زانی مامی بەنیازە لە پۆستەکەی لای بەرێت و(**المظفر**) کوڕی لە شوێنی دابنێ، لەمەشدا مەمالیکەکان بۆ کوشتنی هانیاندا[٣].

یوسف عومەری کوڕی دوای مەنصور دەسەڵاتی وەرگرت و خۆی بە مەلیک (**المظفر**) ناساند[٤]، مەلیک موزەفەر لەسەرەتای دەسەڵاتەکەی ڕووبەرووی ژمارەیەک کێشە بووەوە، لەوانە یاخیبوونی ئامۆزاکانی بوو، (**فخرالدین**) لە زەبید و (**اسدالدین**) لە صەنعا، سەرباری ئەوەی کە ئیمامەی زەیدی دەستیان بەسەر زۆرێک لە قوللە و قەکانی (**بلاد العلیا**) لە یەمەن گرت[٥]. سوپای کرکردەوەە و ساڵی (**٦٤٧ک/١٢٤٩ز**) بەرەو زەبید چوو، کاتێ (**فخرالدین**)ی ئامۆزای بەمەی زانی داوای ئاشتی کرد، ئەویش لێخۆش بوو، لە ساڵی (**٦٤٨ک/١٢٥٠ز**) چووە ناو شارەکە و دەستی

---

١ –الخزرجی، العقود اللؤلۆیە،ج١، ص٥٩؛ المقریزی، درر العقود الفریدە، ج٢، ص١١٥؛ الذهبی، تاریخ الاسلام،طبقە٦٤، ص٢٨.

٢ –تاج الدین الیمانی، هەمان سەرچاوە

٣ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٨١؛ الخزرجی، العقود اللؤلۆیە،ج١، ص٨١.

٤ – العینی،عقد الجمان،ج١، ص٥٠.

٥ – هەمان سەرچاوەس، ص٨٨.

بەسەرداگرت، دواتر دەستی بەسەر عەدەن و لەحج و ئەبیەن[1] و قەڵای تەعز و قوڵلەکانی دیکە گرت[2].

پەیوەندی بە مەنصوری کوڕی قەڵاوونی خاوەنی میسر خۆش بوو[3]، بەشێوەیەک چەندین دیاری بەبەهای بۆ خاوەنی میسر ناردووە[4].

هەروەها توانی بەسەر ئیمامەی زەیدیش زاڵ بێت و ژمارەیەک قوللە و قەڵایان لە بەشی سەرووی یەمەن دەستبەسەرا بگرێت، تا مردنی لە ساڵی (**٦٩٤ک/١٢٩٤ز**) حوکمی یەمەنی کرد[5]، دوای ئەویش مەلیک ئەشرەفی کوڕی شوێنی گرتەوە، زۆری نەخایاند لە ساڵی (**٦٩٦ک/١٢٩٦ز**) کۆچی دواییکرد، ئینجا (**المؤید داود**) برای هاتە دەسەڵات، ماوەیەکی درێژ حوکمڕانی کرد، تا لە ساڵی (**٣١ک/١٣٣٠ز**) خایاند، ئینجا موجاهیدی کوڕی شوێنی گرتەوە، مەنصوری مامی بەرهەڵستکاری کرد، ماوەی ٤٤ ساڵ حوکمڕانی کرد، تا ساڵی (**٧٦٤ک/١٣٦٢ز**)، مەلیکەکانی بەنی ڕەسوڵ تا ساڵی (**٨٥٨ک/١٤٥٢ز**) بەدوای یەکدا حوکمڕانی یەمەنیانکرد[6].

ماوەی زیاتر لە دوو سەدە دەوڵەتی ڕەسوڵی حوکمی یەمەنی کرد، لەم ماوەیەدا وڵات پەرەسەندنی ژیاری و کلتوری و ئاوەدانی فراوانی بەخۆیەوە بینیووە، هەندێ دەوڵەتی ڕەسوڵی هەر لە کەوتنی دەوڵەتی

---

١ –ابین: لە یەمەن بە میخلاف گوتراوە (ابین)، دوازدە میل لە عەدەن دوورە. الحمیری، الروض المعطار، ص١١؛یاقوت االحموی، معجم البلدان،ج١، ص٨٦.

٢ – الخزرجی، هەمان سەرچاوەج١، ص٩٢.

٣ – **الملک المنصور قلاوون:** ناوی( سیف الدین ابو المعالی ابو الفتح قلاوون بن عبدالله الترکی)یە، ساڵی٦٨٧ک لە میسر دەسەڵاتی وەرگرتووە، تا ساڵی ٦٨٩ک کە ساڵی مردنییەتی بەردەوام بووە. ابن تغری، نجوم زاهرە، ج٧، ص٢٩٢؛ القرمانی، اخبار الدول و اثار الاول فی التاریخ،(بیروت:د.ت)، ص١٩٨.

٤ – قلقشندی، ماثر الانافە،ج٢، ص١٢٦.

٥ – ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٥،ق٥، ص١٠٨٩.

٦ – عبدالله الثور، هذه هی الیمن، ص ص٣٠٤–٣٠٥.

(**الحميريه**) به دەوڵەتی یەمەنی نیشتمانی لە مێژوو دەناسینن[1]، ماوەیەی سەرەتای دەسەڵاتی دەوڵەتی بەنی ڕەسوڵ ماوەی خۆشگوزەرانی و گەشە و ئارامی بوو[2]. جگە لە بەشی سەرووی یەمەن نەبێت بەهۆی بوونی ئیمامەی زەیدی کە ژمارەیەک شەڕی لەگەڵ سوڵتانەکانی بەنی ڕەسوڵ بەرپاکردووە[3]، هەورەها ڕووبەرووی ململانیی و ناکۆکی ناو خانەوادە و ئەمیرانی بەنی ڕەسوڵ بۆتەوە، بەتایبەت لەماوەی دوایی لە دەسەڵاتەکەی، سەرباری لاوازی هەندێ لە سوڵتانەکانی وایکرد، لەسەر دەستی (**بنی طاهر**[4]) لە ساڵی (**٨٥٨ک/١٤٥٤ز**) دەوڵەتەکەیان بروخێت[5].

---

١- عبدالله بن عبدالوهاب المجاهد الشماحی، الیمن الانسان و الحضاره، (القاهرة:١٩٧٢)، ص١٢٦.

٢ – محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص١٥٠.

**3 -D.G.Hogarth, Arabia, p.90.**

٤ –**بنی طاهر**: بنەچەیان هی دەروبەری (جبن)ە، ولاتی (رداع المذحجیة الکهلانیة) بە بەنی (معوضە) ناسراون، چونکە باپیرەیان (الشیخ معوضه بن تاج الدین) بووە، لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی رەسوڵی ئەم بنەماڵەیە پێگەی گرنگیان لەم دەوڵەتە بینیوە، وەک وەزارەت و سەرکردایەتی، کاتی دەوڵەتی رەسوڵی لاواز دەبێت، ساڵی ٨٥٨ک لەناوی دەبن و دەوڵەتی تاهری (**دولة الطاهریة** ٨٥٨–٩٢٣هـ) دادەمەزرێنن. هەمان سەرچاوە. ص١٢٨

٥ – محمد یحیی الحداد، هەمان سەرچاوە، ص١٥١.

## بەشداری کورد لەگەڵ سوڵتانەکانی بەنی ڕەسوڵ:

دوای کۆتاییهاتنی دەوڵەتی ئەیوبی، کورد لە یەمەن مانەوە و جێیان نەهێشت[١]، بەشدارییەکانی کورد لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ماوەی دەوڵەتی ڕەسولی هەمەجۆر بووە، بەشدارییەکی چالاکیان لەپاڵ سوڵتانەکانی بەنی ڕەسوڵ کردووە.

١- مەلیک مەنصور نورەدین عومەری کوڕی عەلی کوڕی ڕەسوڵ **(٦٢٦-٦٤٧ک/١٢٢٨-١٢٤٩ز):**

ساڵی **(٦٣٨ک/١٢٤٠ز)** جەنگاوەرانی مەلیک کامل ئەیوب هاتنە ناو مەککەوە، ساڵی **(٦٣٩ک/١٢٤١ز)** مەلیک مەنصور سەرکردایەتی هێزێکی سەربازی کرد، بۆ دەرکردنی سەربازانی ئەیوبی لە مەککە و توانی بەسەر مەککە زاڵ بێت، ژمارەیەک ئەمیری ئەیوبی چوونە خزمەتی، لەوانە ئەمیرانی بەنی فیرۆز[٢]، ئەویش پێشوازی لێکردن و ڕێزی لێنان، کوڕی فەیرۆزی لە حامیەی مەککە دامەزراند[٣]. ئەمیرانی بەنی فەیرۆز خاوەن

---

١ - ارسن موسی رشید، کورد لە سە ردەمی دەوڵەتی رەسولی لە یەمەن،ژ١، ل١٦.

٢- **بنو فیروز:** ئەهەدەل (ت٨٥٥هـ) لە مێژووەکەی دەڵێت:" بنەماڵەی فەیرۆز قەومێکی کوردن، ماوەیەکی درێژ شاری ئەب بەڕێوەدەبەن، کەسانی چاکەکارن، ئەو قەومە ئازاو بەجەرگن، لەگەڵ هەڵمەتە سەربازییەکەی ئەیوبییەکان بۆ یەمەن هاتوون. محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص١٢٠؛ ولا یزال بنو فیروز لهم بقایا فی مدینه اب و جیش فی الیمن و انهم اسره غنیه جدا. ابن الدیبع،قره العیون،ج٢،هامش رقم ٣، ص١٧.

٣- تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٨٨؛ الخزرجی، العقود اللؤلۆیه،ج١، ص٧٠؛ ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص١٧٨.

دەسەڵاتێکی زۆربوون، کاروباری شاری (اب[1])یان بەڕێوەدەبرد، گوتراوە کە ئەوان بەر لە دەوڵەتی ڕەسوڵی شارەکەیان بەڕێوەبردووە[2].

کاتێ مەلیک مەنصور لە ساڵی (**٦٤٧ک/١٢٤٩ز**) لە شاری (الجند) کوژرا، هیچ کەسێک لە ئەندامانی خانەوادەی لەوێ نەبوو، موزەفەری کوڕی لە هەرێمی (**المهجم**[3])بوو، براکانی و دایکی لە تەعز بوون[4]، خەڵکی لە مەمالیکەکان ترسان، کەس نەیوێرا بینێژێت[5]، دواتر بەنی فەیرۆز کۆبوونەوە لە ڕێورەسمێکدا بۆ شاری تەعز گوازتیانەوە، لە قوتابخانەی ئەتابەکی لە (**ذی هزیم**[6]) لە تەعز ناشتیان[7]، ئەمەش ئاماژە بوو بۆ پێگەی بنەماڵەی فەیرۆزی کوردی و ئەو دەسەڵاتەی هەیانبووە، کە توانیان بە ناشتنی مەلیک مەنصور سەرکشی و هەڕەشە لە مەمالیک بکەن، ئەو مەمالیکانەی کە دوای کوشتنی مەلیک مەنصور بەسەر شارەکە زاڵببوون.

---

١ - **اب**: لە گوندەکانی (**ذی جبلە**)یە لەیەمەن. یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج١، ص٦٤.

٢ - الخزرجی، هەمان سەرچاوەس، ص٨٢.

٣ - **المهجم**: شارێکی بچووکە، سنوری نێوان تەهامە یەمەنە. الادریسی، نزهە المشتاق، ص٣٠.

٤ - الخزرجی، العقود اللؤلؤیە، ج١، ص٨٢؛ ابن الدیبع،قرە الیعون،ج٢، ص١٨؛یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق١، ص٤٣٣.

٥ - محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص١٢٠.

٦ - **ذی هزیم**: گوندێکی بچووکە لە رۆژاوای شاری تەعز. اسماعیل محمد بن الاکوع، البلدان الیمانیە، ص٢٩١.

٧ - الخزرجی، هەمان سەرچاوەابن الدیبع، هەمان سەرچاوە؛یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە

## مەلیک موزەفەری کوڕی نورەدینی کوڕی عومەری کوڕی ڕەسوڵ

**(٦٤٧-٦٩٤ک/١٢٤٩-١٢٩٤ز)**

کاتێ مەلیک موزەفەر هەواڵی مردنی باوکی بیست، هێزەکانی کۆکردەوە و بەرەو هەرێمی (**المهجم**) بۆ شاری زەبید چوو، توانی بچێتە شارەکە و دەستبگرێت بەسەریدا[١]، کاتێ ڕەوشەکەی جێگیرکرد، سوپاسی بنەماڵەی فەیرۆزی کرد لەسەر ئەو کارانەی بۆ باوکیانکردووە و ڕێزی لێنان و زەوییەکی زۆری پێدان، هەروەها " تەپڵخانەی[٢] بە ئەمیر شەمسەدین و براکەی فەخرەدین دا"[٣]. پلە و پایەیان لای مەلیک موزەفەر بەرزبووەوە.

کاتێ کاروباری هەرێمەکانی ڕێکخست، لە ساڵی (**٦٤٧ک/١٢٤٩ز**) لە بەنی (**الظفار**) والییەکی لە (جعر) دامەزراند[٤]، بەڵام ئەو ئەمیرە ڕووبەرووی کۆمەڵێ گرفت بووەوە بەهۆی یاخیبوونی هۆزەکان، بۆیە جگە لە حەوت

---

١ - الخزرجی، العقود اللؤلؤیە،ج١، ص٨٨.

٢ - **طبلخانە:** تەپڵێکی هەمەجۆرە، بوق و زەنگوڵی لەگەڵە، دەنگی بەگوێرەی تایبەت ئاواز دەردەکات، هەموو شەوێک دوای نوێژی مەغریب لە قەڵاوە لێدەدرێت، لە سەفەر و جەنگەکان بە ئاسانی داوا ناکرێت، ئەمە ئامێری هەموو پادشاکانە، ئەمیری تەپڵخانە چل مەملوکی لە حزمەتدا دەبێت. قلقشندی، صبح الاعشی، ج٤، ص٧؛ الاسدی، التیسیر و الاعتبار، ص١٨٤.

٣ - هەمان سەرچاوەس، ص٨٢؛ابن الدیبع،قرە العیون،ج٢، ص١٨.

٤ - جعر: لەو قوللە قاییمانەیە کە دەروانێتە سەر چیای وصاب. الوصابی، تاریخ وصاب،ج٢، ص٩١.

کەس، کەس لەگەڵ ئەمیر نەمایە، لەنێوان ئەو حەوت کەسەش، کوردێک بەناوی (**یوسف کوڕی محمد الکوردی**) هەبوو، کە لەپاڵ ئەمیری جعر بەشداری شەڕی هۆزەکانی هەرێمی (**مدنن**[1]) کردووە، توانیان دەسەت بەسەر ئەو شارە بگرن و بۆ ژێر سایەی مەلیک موزەفەر بیگەڕێننەوە[2].

هەروەها شێخ (**علوان الکوردی**) یارمەتی مەلیک موزەفەری داوە، کاتێ لە ساڵی (**٦٤٨ک/١٢٥٠ز**) ئابلۆقەی (تغر)ی دا، کە مەلیک داوای یارمەتی لە شێخ کرد، ئەویش هێزەکەی خۆی خستەژێر دەستی، توانی دەستبەسەر قوڵلەکانی دابگرێت[3]، هەروەها لە ساڵێکیش شێخ ڕۆڵی میانگیری گێڕا، کاتێ هەردوو ئەمیر (**اسد الدین**) و (**علی کوڕی وهاس**) هانایان وەبەر شێخ هێناو داوای لە مەلیک موزەفەرکرد، لێیانخۆش بێت، مەلیکێش ڕازی بوو[4].

هەروەها کوردان بەشداریان لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان کرد، لە شەڕ لە دژی (**سالمی کوڕی ئیدریس**)ی خاوەی (**ظفار**)، کاتێ دەستی بەسەر ناوچەی (**حضرموت**) گرت و هێرشی کردە سەر هەرێمەکانی دەروبەری عەدەن و هەرشەی دروستکرد[5]، کاتێ مەلیک موزفەر بەمەی زانی، فەرمانیکرد سوپایەکی گەورە پێکبهێنرێت و ساڵی (**٦٧٨ک/١٢٧٩ز**) هێزەکەی لە وشکانی و دەریاوە بۆ هەڵمەتەکەی کۆکردەوە، پێشەوایەتی ئەو هێزەی بە ئەمیر (**شمس الدین ازدمر استاذدار**[6]) سپارد، هەروەها سێ

---

١ – مدنن: قوڵلەیەکی جعرە لە شاری وصاب، هەمان سەرچاوە و هەمان شوێن.

٢ – هەمان سەرچاوە. ص١٢٤.

٣ – الخزرجی، هەمان سەرچاوەص١٢٤.

٤ – الخزرجی، العقود اللؤلۆیە، ج١، ص ص١٠٠-١٠١.

٥ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٩٦؛ العقود اللؤلۆیە،ج١، ص١٨٢.

٦ – **استاذدار**: پۆستێکە، کە سەرپەرشتی ماڵی سولتان دەکات، لە ناندین و شەراب و دەست پێوەند و غولامەکان، ئەو کە داواکارییەکان سوڵتان دابین دەکات، فەرمانی بە غولام و دەرگەوان دەکات و دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، ئازادییەکی تەواوی هەیە لە کڕین ئەوەی ماڵی سوڵتان پێویستیەتی. القلقشندی، صبح الاعشی،ج٤، ص٢١.

فیرقەی سەربازی پێکهێنا، فیرقەی دووەم لەلایەن ئەمیرێکی کورد بەناوی (**فخرالدین**) بەڕێوەدەبرا، کە سەختترین ڕێگای شاخاوی گرتەبەر[1]، هێزەکان و سی فیرقەکە لە هەرێمی (**بندریسوب**) کۆبوونەوەی لەگەڵ سوپاکەی بەنی (**ظفار**) بەیەکگەیشتن، شەڕ لەنێوانیان ڕوویدا، سوپاکەی بەنی زەفار شکستی خوارد و ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا، ئەمیر (**ادریس کوڕی سالم**) لەنێوان کوژراوەکان بوو[2].

بەمەش ئارامی و ئاسایش بۆ هەرێمی زەفار و خەزرەمەوت گەڕایەوە و مەلیک موزفەر، ئەمیر (**سیف الدین سنقر**) بە جێگر لەوێ دامەزراند[3].

لەساڵی ((**٦٧٩ک/١٢٨٠ز**)) بەهۆی بوونی هێزەکانی ئیمامەی زەیدی لە زەفار کە بە هەڕەشە بۆ مەلیک موزەفەرەدین دەژمێردران، ئەمیری کوردی (**فخرالدین کوڕی فیروز**) لە صەنعاوە بەسەرکردایەتی سوپایەکەوە بەرەو هەرێمی زەفار چوو، بۆئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئیمام (**صارم الدین کوڕی الامام المنصور**) بکات و ئارامی بۆ هەرێمەکە بگەڕێنیتەوە[4].

---

١ - الخزرجی، هەمان سەرچاوە، ص١٨٣؛ یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٤٦٦.

٢ - هەمان سەرچاوە، ص١٨٤،العبدلی،هدیه الزمن، ص٧٦.

٣ - تاج الدین الیمانی، هەمان سەرچاوەص٩٧.

٤ - الخزرجی، العقود اللؤلؤیه،ج١، ص١٩٨؛ ابن الدیبع،قره العیون،ج٢، ص٤٣.

## مەلیک موجاهید عەلی کوڕی موئەید

(٧٢١-٧٦٤ک/١٣٢١-١٣٦٢ز):

ماوەی حوکمڕانی مەلیک موجاهید ململانیی لەسەر دەسەلات لەگەل مەلیک مەنصوری مامی و کوڕەکەی (**الظاهر**) بەخۆیەوە بینیووە، هەردوولا ژمارەیەک شەڕ و پێکدانیان لەسەر قوللەی (**الدملوة**) لەنێوان ڕوویداوە، کە بەدەستی مەلیک زاهرەوە بووە[١]. کورد بەشداری ئەو ململانیی و کێشمەکێشانەی کردووە، پێدەچێت کورد هێزیگی گەورەی هەبوووبێت، بەهۆی ئەوەی لە هەردوو بەرەکە بەشداریان هەبووە.

بەهۆی ئەو ڕەوشەوە پەشێوی و نائارامی هەرێمەکانی گرتەوە، هێز و شێخەکان یاخیبوون، (**تاج الدین الیمانی**) ئاماژەی بۆ کردووە و گوتی:" لە کۆتایی سالی (**٧٢٢هـ**) ئەمیر میخلافی داگیر کرد و لە دەسەلات یاخی بوو، شێخ و هۆزەکان (**العربان**) شۆڕشیانکرد، بەنو فەیرۆز و جەنگاوەرانی دەرب بەلێن شکێنیان کرد و بازنەی ناکۆکی فراوان بوو"[٢]، ئەمەش بەلگەی ئەوەیە کە بەنی فەیرۆز بەشداری ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانیان لەگەل تەواوی هۆزە یەمەنییەکانی کردووە لە مەلیک زاهر هەلگەڕاونەتەوە.

لە سالی (**٧٢٣ک/١٣٢٣ز**) کێشمەکێشەکە لەنێوان هەردوولاکە توندبووە، کاتێ زۆرێک لە ئەمیر و سەربازان بەلای مەلیک زاهر شکانەوە، بەتایبەت

---

١ -تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص١٣٨؛ ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٩٠.

٢ – هەمان سەرچاوە.

ئەمیر (**بدرالدین کوڕی حسین کوڕی الاسد**)، کە هێزەکانی بەرەو هەرێمی (الجند) جولاند، کە مەلیک موجاهیدی تێدابوو، ئەو هێزانە بەسەرکردایەتی هەریەکە لە ئەمیر (**قطب الدین**) ی برازای و ئەمیر (**ابراهیم کوڕی شکر**) بوون، مەمالیک بەلای هێزەکانی ئەمیر **حەسەنی کوڕی ئەسد** شکانەوە، هەردوو ئەمیر (**قطب الدین) و (ابراهیم کوڕی شکر**) بەرەو تەعز چوون[1]. ئەمیر (ابراهیم) ژیانی (**قطب الدین**)ی کوڕی مەلیک فائیزی برازی مەلیک موجاهدی لە دەست هێزەکانی مەلیک زاهر ڕزگار کرد[2]، دوای ئەوەی مەمالیک پەیوەندی بەهێزەکەی مەلیک زاهرەوە کرد، هێزەکانی مەلیک موجاهید لاوازبوون، بۆیە داوای لە جەنگاوەرانی هۆزەکان و کورد کرد، ئیبن خەلدون ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە:" موجاهید بەدوای هۆزی (**مذحض**) و کوردی نارد بەهانایەوە بچن، بەهانای نەچوون"[3].

هێزەکەی مەلیک زاهر بە سەرکردایەتی ئەمیر (**بن الاسد**) بەرەو تەعز چوون، (**الخزرجی**) ئاماژەی بۆ هێزەکەی مەلیک زاهر بەمشێوەیە کردووە:" سەربازانی جرار لە کورد و مەمالیک و ئەوانی دیکە بەرەو تەعز چون"[4]، بۆماوەی حەوت ڕۆژ ئابلۆقەی قوللەی تەعزیاندا، لەلایەن مەلیک (**الفائز قطب الدین**) و (**الامیر ابراهیم شکر**) ڕووبەرووی بەرگرییەکی سەختبوونە، ئابلۆقەکە سەرنەکەوت و ئەسەد و هێزەکەی شکستیانخوارد و بەرەو (**الجند**) چوون[5].

---

١ – یحیی بن الحسین، غایە الامانی، ق١، ص٤٩٨.

٢ – تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص١٣٩.

٣ – تاریخ ابن خلدون،مج٥، ق٥، ص١٠٩٤.

٤ – العقود اللؤلۆیە، ج٢، ص٢١.

٥ – یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە، ص٢١.

ساڵی (**٧٢٤ک/١٣٢٣ز**) مەلیک موجاهید، زەعیمی[١] بەسەرکردایەتی سوپایەک کە لە (**اصحاب صعده**) و کورد و (**اصحاب ژمار**) لە بەنی شوغ و ئەشرافی (**المخلاف السلیمانی**) پێکهاتبوو، نارد[٢]، کاتێ مەمالیک بەمەیان زانی بەرەو هەرێمی (**الکدراء**) چوون و هەردوو سوپاکە لە دۆلی (**الجاحف**[٣]) بەیەکگەیشتن، ژمارەی تاکەکانی سوپای ئەشراف هەزار و سیسەد سوراچاک و هەزار پیادە بوون، دوای شەڕی نێوان هەردوولاکە مەمالیک شکان، شەڕی جاحف شەڕێکی بەناوبانگە[٤] کە کورد لە ذمار بەشداریان تێداکردووە.

هەروەها کوردانی بەنی فەیرۆز ساڵی (**٧٢٥ک/١٣٢٤ز**) لەپاڵ مەلیک زاهر بەشداریان لە دەستگرتن بەسەر (**الظفر**) کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی خەڵکەی داوای بەهاناوەچوونیان لە مەلیک کرد، ئەویش سوپایەکی بۆ نارد، هێزەکە لەگەڵ مەلیک زاهر بەیەکگەیشتن و ژمارەیە لە سەربازانی مەلیک زاهر کوژران، کە کوردی ذماری تێدابوو، مەلیک زاهیریش بۆ (السمدان) ڕایکرد[٥].

هەر لەو ساڵەوە مەلیک **مەنصوری کوڕی محمدی کوڕی مەلیک ئەشرەف** دەستی بەسەر زەبید داگرت، کاتێ کۆمەلەی (**العوارین**) دەستیان بەسەر شاری زەبید داگرت و دزی و تالانی و کوشت و بڕیانکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پەشێوی و ترس بڵاوبێتەوە، لەگەڵ یان کەوتنە شەڕەوە، خەڵکی زەبید داوایان لە مەلیک موجاهید کرد والییەکیان بۆ

---

١ - **الزعیم**: سەرکردەیەکی مەلیک موجاهید بوو، ساڵی ٧٣١ کوژرا. ابو مخرمە، تاریخ ثغر عدن،ج٢، ص٧٩.

٢ - الخزرجی،العقود اللؤلۆیە،ج٢، ص٢٩.

٣ - **الجاحف**:دۆڵێکە کەوتۆتە نێوان کە (السحلە) ی ئێستا و باکوری مەنصورەییە. ابن الدیبع، بغیە المستفید، پەراوێزی (٢)، ص٩١.

٤ - ابن الدیبع، قرە العیون،ج٢، ص٧٣؛ بغیە المستفید، ص٩١

٥ - ابن الدیبع، قرە العیون،ج٢، ص٧٨.

ڕەوانە بکات، بۆئەوەی شارەکەیان بپارێزێت، ئەویش (**حوسێنی کوڕی عەلی**) بە والی ڕەوانەکرد، کە سوپایەکێش بەسەرکردایەتی ئەمیر (**طغشر**) و ئەمیرێکی کورد بەناوی (**ابراهیم کوڕی فیروز**) لەگەڵ والیەکە ڕەوانەکرد، بۆئەوەی ئارامی ئاسایش بۆ شارەکە بگەڕێننەوە[1].

لە ساڵی (**٧٢٦ک/١٣٢٥ز**) مەلیک موجاهید بۆ تەعز چوو، کە ئەمیر (**ابراهیم کوڕی شکر**)یش یاوەری بوو، دواتر بەرەو (**الجند**) چوو و فەرمانی بە کوڕی شاکر کرد> بەرەو تەهامە بچێت[2].

کورد لەپاڵ مەلیک جەنگاون، لە ژمارەیەک شەڕ لەدژی مەلیک زاهر، هەردوولایەکە لە هەرێمی (**الاحبة**) و (**المباءه**) و (**جبل الحدید**) بەیەکگەیشتن و چەند شەرێکیان سازکرد[3]، سەرچاوەکان باسیان لەوەکردووە، کە زۆربەی سوپاکەی مەلیک موجاهید لە کورد پێکهاتبوو، لەبەر ئەوەی زۆر بوون، بۆیە هەندێ ویستوویان لەخشتەیان بەرن و بە نا دڵسۆز بۆ مەلیک موجاهید تۆمەتباریان بکەن.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەیان بۆ ئەمە کردوە:" قسە لەسەر کورد زۆر دەکرا، کە زۆربەی جەنگاوەران بوون"[4]، " دواتر کوردی وا دەرکەوت کە هاوەلی موجاهید بوو"[5].

ئینجا بەرەبەرە مەلیک موجاهید گومانی لە دڵسۆزی جەنگاوەرە کوردەکانی پەیداکرد، بەتایبەت دوای ئەوەی کە کوردانی بەنی شوغی ذمار بەشداریان لە شەڕ لەدژی مەلیک زاهر لە هەرێمی (الحدید) نەکرد،

---

١ – الخزرجی، العقود اللؤلۆیە،ج٢، ص٣٤.

٢ – هەمان سەرچاوەص٤٣.

٣ – هەمان سەرچاوە

٤ – ابن الدیبع، هەمان سەرچاوەص٧٩.

٥ – یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق٢، ص٥٠٤.

که ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سوپاکەی لە هەرێمی (الاحبة) شکست بخوات[1].

ئەو گومانەی لە ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٨ز**) دوای بەرەو پێشچوونەکانی (**الامام کوڕی المظهر**) بە هاوکاری (**ابن الاسد**) بە سەرکردایەتی سوپایەکی گەورە، زیاتر بوو، ڕەوشی سوپاکەی شپرزە بوو، بەتایبەت کە کورد زۆرینەی هێزەکەی پێکدێنا، بۆیە بۆ تەعز گەڕایەوە، هەروەها مەلیک زاهریش لە عەدەنەوە بۆ سمدان چوو، ئیمام بەهێزەکەیەوە هاتە ناوەوە، دەگوترێت، کە مەلیک زاهر داوای لە ئیمام کردوووە، بچێتە ناو عەدەنەوە[2]، متمانەی موجاهید بە جەنگاوەرە کوردەکانی لەم ماوەیەدا لاواز بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی خەڵکی لەبارەی ئەو جەنگاوەرانە قسەیان دەکرد، کە پلەی هەندێ لە سوپاکەدا بەرز بوو، بەڵام ئەو پشتی پێ بەستان و ڕێزی لە ئەمیرەکان و گەورە سەرکردەکانیان نا، لە ساڵی (**٧٢٧ک/١٣٢٦ز**) بە گەرمی پێشوازی لە ئەمیرانی بەنی شوغ و ئەمیر ئیبراهیمی کوڕی شوکر کرد، پایەی پێدان و زۆر چاکەی لەگەڵ کردن، کورد لەگەڵ کۆمەڵێک لە شێخەکانی (**مذجح**) بەشداریان لە دەستگرتن بەسەر چیای (بعدان) کرد[3]، هەروەها ئابلۆقەی شارەکەیان دا، بەڵام خەڵکی (بعدان) بەرگرییەکی توندیان پیشاندا، ئەمەش ئابلۆقەی شکست پێهێنا، دەستگرتن بەسەر شارەکە سەری نەگرت[4].

ساڵی (**٧٣٠ک/١٣٢٩ز**) کاتێ مەلیک موجاهید سوپاکەی بۆ سەر تەعز جووڵە پێکرد، کورد بەشداریان کرد، سوپاکەی لە ١٢ هەزار پیاوی کورد

---

١ – الخزرجی، العقود اللؤلؤیە،ج٢، ص٤٣.

٢– هەمان سەرچاوەص٤٤؛ ابن الدیبع، قره العیون، ج٢، ص٧٩؛ یحیی بن الحسین،غایه الامانی، ق٢، ص٥٠٤.

٣ – **بعدان**: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ئەب، بە زۆری کشتوکاڵەوە بەناوبانگە. اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیه، ص٤١.

٤ – هەمان سەرچاوەس، ص٤٧.

و عەرەب و تورک ئەشراف و ئەوانی دیکە پێکهاتبوو، کە بەرەو چیای (صبر) چوون[1]، پێکدادان لەگەڵ خەلیکی صبر ڕوویدا، ژمارەیەکیان کوژران و دەست بەسەر شارەکە گیرا[2].

هەروەها کاتێ مەلیک موجاهید لە ساڵی **(٧٥٤ک/١٣٥٣ز)** هەوڵیدا دەست بەسەر چیای (بعدان) بگرێت، خۆی سەرکردایەتی سوپای کرد و کورد بەشداریان لەم سوپایە هەبوو بۆ دەستگرتن بەشەڕ و ناوچەی (الشعر) ، دوای ئەوەی ئابلۆقەی ناوچەکەیان دا مەلیک موجاهید شێخی عەشیرەتەکانی دەستگیرکرد، هۆزەکان دەستیان بە یاخیبوون کرد، شەڕی سوپاکەیانکرد، سوپاکەی شپرزە بوو و توشی شکست هات، کوردەکان بۆ زمار گەڕانەوە، مەلیک موجاهیدیش بۆ (الجند) گەڕایەوە[3].

---

١ - **جبل صبر**: ناوی چیایەکی سەرکەشە، کە بەسەر قەڵای تەعز دەروانێت. یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٣، ص٣٩٢.

٢ - الخزرجی، هەمان سەرچاوە ج٢، ص٥٤؛ ابو مخرمە، تاریخ ثغر عدن،ج٢، ص٨٢.

٣ - الخزرجی، العقود اللؤلۆیە،ج٢، ص ص٨٥-٨٦.

## مەلیک ئەفضەڵ عەباسی کوڕی عەلی موجاهید

**(٧٦٤-٧٧٨ک/١٣٦٢-١٣٧٦ز)**

دوای مردنی باوکی (مەلیک موجاهید) لە ساڵی **(٧٦٤ک/١٣٦٢ز)** دەسەڵاتی وەرگرت[١]، ژمارەیەک هەڵمەتی بەرێکرد، بەهۆی ئەوەی **(ابن میکائیل)** ی وەزیری دەستی بەسەر شاری زەبید داگرتبوو، هەورەها چەند هۆزیکێش یاخیببوون، کورد بەشداریان لەم هەڵمەتانە کرد، لە ساڵی **(٧٦٥ک/١٣٦٣ز)** / ئەمیر (**فخرالدین زیادی کوڕی احمدی الکاملی**) جەنگاوەرانی (لە ئەشرافی کوردەکان و کۆمەلیک مەمالیک پێکهاتبوو[٢]) بەرێخست، سەرەتا چوونە ناو زەبیدەوە دواتر بۆ فشال[٣]، لە کۆتاییدا بۆ هەرێمی (**القحمە**[٤]) چوو، بۆئەوەی ئەمیر (**ابن سمیر**)ی خاوەنی (القحمە) دەستگیر بکەن، ئەویش بۆیان دەرچوو، هەردوو سوپاکە بەیەکگەیشتن، جەنگێک لەنێوان ڕوویدا، هێزەکەی ئەمیر (**ابن سمیر**) شکستی خوارد، (**الاعور**)ی برای کوژرا، سوپاکەی مەلیک ئەفزەڵ چووە ناو (القحمە),وە دەستی بەسەر هەموو چەک و جبەخانەیەک داگرت، دواتر بەرەو (الکدرا) و (**المهجم**) چوون، ماوەیەک تێیدا مانەوە و ئینجا بۆ ناوچەی (**الحرض**)

---

١ – العبدلی، هدیە الزمن، ص٨٥.

٢ – الخزرجی،العقود اللؤلۆیە، ج٢، ص١١٣.

٣- **فشال**:گوندێکی گەورەی نزیک زەبیدە. یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٤، ص٢٦٦.

٤ – القحمە: شارۆضکەیەکی نزیک زەبیدە. هەمان سەرچاوەص٣١١.

چوون[1]. له هەمان ساڵدا کورد بەشداریان له پاڵ مەلیک ئەفزەڵ کرد، کاتێ هۆزە قورەیشیەکان[2] هێرشیان بۆسەر گوندی (**النخلی**) هێناو دەستیان بەسەراگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کردەی دزی و تالآنی و کوشت و بری و ترس و دڵەراوکی بڵاوببێتەوە، هێزەکان ڕوبەرووییان بووە، بەڵام شکستی خوارد و هێزەکەی مەلیک ئەفزەڵ کەوتە بۆسەوە، کە ئەو هۆزانە لەسەر ڕێگاکان دایان نابووە، له ئەنجامدا **شەریفی کوڕی قاسم**)ی خاوەنی (**الموقر**) کوژرا و هێزە و بوێریان زیاتر بوو[3].

هێزی دیکە بەسەرکرایەتی (**صفی الدین ابو محلق** [4]) و ئەمیر (**شجاع الدین حسینی کوڕی حسن کوڕی الاسدی الکوردی**)ی کە یەکێک بوو لەسەرکردەکانی دەوڵەتی ڕەسوڵی، گەیشتنەجێ[5]، بەرەو قورەیشییەکان چوون و بەسەریان سەرکەوتن و ژمارەیەک ئەمیریان کوژران، مەلیک ئەفزەڵ دەستی بەسەر گوندەکەدا گرتەوە و بەسەر کەوتوویی بۆ شاری زەبید گەڕایەوە[6].

---

١ – الخزرجی، هەمان سەرچاوە، ص١١٥.

٢ – **قبائل القریشین**: هۆزێکی دراوسیی زەبیدە، کە پێشتر گەورەترین هۆزی تەهامە بووە و زۆر ئازابوون. عبدالله الثور، هذه هی الیمن، ص٣٠٧.

٣ – الخزرجی، هەمان سەرچاوەس؛ابو مخرمە، تاریخ ثغر عدن،ج٢، ص٩٥.

٤ – الخزرجی، العقود اللؤلۆیە، ج٢، ص١١٦.

٥ – محمد امین زکی، مشاهیر الکرد و کردستان، ج١، ص١٨٤.

٦ – هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

## سێیەم: ئەو بزووتنەوانەی کورد بەرپایکردوون.

لەوکاتەوەی کە کورد ڕۆڵی باشیان لە مێژووی دەوڵەتی ڕەسوڵی گێڕاوە، کە لە هەمان کاتدا کوردی وا هەبوونە سەرکردایەتی یاخیبوون و شۆڕشیان لەدژی دەسەلاتی ڕەسوڵی کردووە، چەندین هۆکاریش لە پشتەوەی ئەو شۆڕشانەوە هەبوون:

١- حەزیان دەکرد دەسەلات و پێگەیان لە هەندێ هەرێمی وەک (**ذمار و هەران**) بمێنێت.

٢- بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکان هەندێ لە سوڵتان و ئەمیرانی ڕەسوڵی کە دەیانەویست کوردی ئەو شار و هەرێمانە لە ڕێگەی هەڵمەتی سەربازی ملکەچی خۆیان بکەن.

٣- دەرکەوتنی چەند سەرکردەیەک کە توانیان بە سەرکەوتووی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشانە بکەن، وەک (**ابراهیم شکر و جلالی کوڕی الاسد و جمال الدین نوری کوڕی حسن کوڕی نور**)[1].

هەندێ لەو شۆڕشانە توانی زیانی گەورە بە دەوڵەتی ڕەسوڵی بگەیەنێ و بۆ زۆر هەرێمی دیکەش بڵاوببێتەوە، کورد توانی لە میانەی ئەو شۆڕشانە دەست بەسەر زۆرێک شار و قوللەدا بگرێت.

### ١- شۆڕشی کورد لە ذمار:

یەکەم شۆڕشە، کە کورد لە ساڵی (**٧٠٩ک/١٣٠٠ز**) لە ذمار دژ بە والی صەنعا (**سیف الدین طغریل**)، کە ساڵی (**٧٠٥ک/١٢٩٦ز**) بەرپرسیارێتی ئەوێی وەرگرت، بەرپایانکرد. ئەو کاتەی ویستی کوردانی ئەوێ دەستگیر بکات، ئەوانیش بەمەیان زانی شۆڕشیان بەرپاکرد، (**تاج الدین الیمانی**) بەمشێوەی ئاماژەی بۆ ئەو شۆڕشە کردووە:" کورد بەمەبەستی هەلکوتانە

---

١ – ارسن موسی رشید، کورد لە سەردەمی دەوڵەتی رەسوڵی لە یەمەن، ژ١ ،ل١٦.

سەر سەربازانی صەنعا لە شارەکە دەرچوون"[1]، شۆڕشەکە لە زمار دەستی پێکرد و تا بە صەنعا گەیشت، هەندێ بەڵگە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ژمارەی بەشداربووانی کورد لەو شۆڕشە زۆر بووە، توانیان والی ئابلۆقە بدەن و دەست بەسەر کۆشکەکەی و تەواوی چەک و ئەسپەکانی دابگرن و باشماوەی هێزەکەی لە شارەکە دەربکەن، بۆلای مەلیک موئەیەد **(٦٩٦-٧٢١ک/١٢٩٧-١٣٢١ز)** ڕایانکرد[2].

دوای تێپەربوونی ماوەیەک بەسەر ئابلۆقەدانەکە والی خۆی ڕادەستی شۆڕشگێڕان کرد و ئەوانیش لە خۆی و نووسەرەکەی و مامۆستای مالەکەی و نەقیبەکەی و ژمارەیەک جەنگاوەری مەمالیکیان کوشت[3]. کاتێ مەلیک موئەید بە شۆڕشی کوردان و مەترسییەکەی زانی، هێزی بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشە ڕەوانەکرد، هەڵمەتەکەی بەسەرکردایەتی **(الامیر کوڕی شجاع الدین عمری کوڕی القاضي)** و **(شمس الدین عباس)** بوو، لە ڕێگەی تەهامە بەرەو صەنعا چوون، شارەکەیان وەرگرتەوە[4].

کوردیش بۆ دۆلی **(الحار)** چوون و لەگەڵ هێزەکانی مەلیک موئەید بەیەکداهاتن، توانیان بۆ ماوەی سی ڕۆژ شەڕ بکەن، ئەو هێزەی مەلیک موئەید نەیوانی ملکەچییان بکات، سێ کەس لە کوردەکان لەم شەڕە کوژران، هەردوو ئەمیرەکە بەهێزەکەیانەوە بۆ ذمار گەڕانەوە[5].

کورد توانیان بچنە ناو **(مصنعة**[6]**)**ەوە، هەردوو ئەمیرەکە ئابلۆقەیان دان، **(تاج الدین الیمانی)** ئاماژەی بەم ئابلۆقەدانە کردوە:" دوو ئەمیرەکە

---

١ - بهجه الزمن، ص١٢٥.

٢ - ابن الدیبع،قره العیون،ج٢، ص٦٤.

٣ - تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص١٢٥؛ الخزرجی، العقود اللؤلۆیه،ج١، ص٣١٧.

٤ - هەمان سەرچاوە؛هەمان سەرچاوەص٣١٨.

٥ - هەمان سەرچاوە

٦ - **مصنعه**: لە قوللەکانی نزیک ذمارە. یاقوت الحموی، معجم البدان،ج١، ص١٤٤.

کوردیان لە (**مصنعه**) بۆ سی مانگ ئابلۆقەدا، پارەیەکی زۆر خەرچکرا، ئابلۆقەدانەکە هیچی نەپێکا، بۆیە وازیان لێهێنا"[1].

لەگەڵ توندی و دریژی ماوەکەی، ئابلۆقەدانەکە سەرکەوتوو نەبوو، چونکە هێزە کوردییەکە توانی دوای سی مانگ خۆ ڕاگری ئابلۆقەدانەکە ببەزینی.

لەم ماوەیەدا نامە گۆرینەوە لە نێوان کورد و ئیمامەی زەیدی ئەنجامدرا، کە دواتر هاوپەیمانی نێوان کورد و ئیمامی لیکەوتەوە، ئەم هاوپەیمانیەش بۆ شەڕکردن بوو دژ بە هێزەکانی ڕەسوڵی، ئیمام گەیشتە ناوچەی (**بن شهاب**) چاوی بەهێزە کوردیەکە کەوت و بەرەو (**قره عنتر**[2]) چوون، دوای ئەوەی لەگەڵ هێزەکەی ئەوی پێکدادان ڕوویدا، توانیان دەستبەسەری دابگرن و بەرەو (**بیت ڕدم و بیت یرام و قاهر حضور و ڕدمان**) بچن، ئەو ناوچانەشیان خستەژێر دەستی خۆیانەوە، دواتر بەرەو **صەنعا** چوون، لەگەڵ هێزەکانی مەلیک موئەیەد شەڕی گەرمبوو[3]، گوتراووە هێزەکانی کورد و ئیمام توانیوویانە لە چەند لایەکی شارەکە لەلای بێستانی سوڵتان بچنە ناو شارەکە و دواتر گەڕاونەتەوە سنوری خۆیان و تێیدا جێگیربوونە[4].

مەترسی شۆڕشی کوردی بەتایبەت دوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیمام و هەڕەشەکردنی صەنعا زۆرتر بوو، مەلیک موئەیەد بەسەرکردایەتی سوپایەک بەرەو صەنعا چوو، توانی دەسەڵاتی خۆی بۆ بگەڕێنیتەوە، هەروەها کوڕەکەی خۆی مەلیک موزەفەری بۆ هەرێمی (**بیت الناحز)**

---

١ - بهجه الزمن، ص١٢٥؛ الخزرجي، العقود اللؤلۆيه،ج١، ص٣١٨

٢ - **قره عنتر**: لە چیای عەببانە، کە لە باکورەوە بەرەو باشور درێژبۆتەوە، کە ئەمرۆ (ظفار) پێ دەڵێن، لە باشوری رۆژاوایەوە بەسەر صەنعاوە دروانێت. ابن الديبع، قره العيون،ج٢،هامش(١)، ص٦٤.

٣ - الخزرجي، العقود اللؤلۆيه، ج١، ص ٣١٨ .

٤ - يحيى بن الحسين، غايه الاماني، ق١، ص٤٨٧.

ناردی[1]، بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسایشی بۆ بگەڕێنیتەوە، دوای ئەوەی ئەمیر (**ال شمس الدین**) لەوێ شۆڕشی لەدژی ئەمیر (**بهاء الکوردی**)ی والی کردبوو، لە شارەکەی وەدەرنا بوو، مەلیک موئەیەد لەمە تورە ببوو، بۆیە کوڕەکەی خۆی بەسەرکردایەتی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ صەعدە ناردی[2]، لەگەڵ هێزەکانی کورد و ئیمام یەکانگیربوون و توانی دەست بەسەر (**بیت حنبص**) بگرێت و هێزە هاوپەیمانەکە شکست بێنێ و بەرەو (حافر) و (**سبأ**) چوون، ئیمام و هێزەکەی لە (**بخیل ڕهقه**) گیرسانەوە و کوردیش لە (**البرویه**) گیرسایەوە، دواتر هێزەکانی هەردوولاکە لێک جیابوونە، کورد بەرەو تۆران و ئیمامیش بەرەو زەروان چوون[3].

شۆڕش تا ساڵی (**٧١٠ک/١٣١٠ز**) بەردەوام بوو، تا ئەوەی هەردوولاکە گەیشتنە ڕێککەوتنی ئاشتی، بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە دەبوو کورد ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی ببن و لەبەرامبەردا دەسەڵاتیان بەسەر هەرێمی هەران (هران)ەوە هەبێت، هەروەها دەرووبەری صەعدە و (**الحوفیه و الحثة**) لە هەرێمی تەهامەی بە ئەمیر (**جمال الدین نوری کوڕی حسن کوڕی نور**) بەخشی[4]، سەرباری ئەوەی کە ڕێککەوتن لەنێوانیان هەبوو، بەڵام شۆڕشەکان کۆتایی نەهات، بەڵکو کوردانی هەران شۆڕشەکانیان دژ بە دەوڵەتی ڕەسوڵی دەستپێکردەوە.

## ٢- شۆڕشەکان کوردی هەران:

ساڵی (٧١٢ک/١٣١٢ز) مەلیک موئەید لەگەڵ ئیمام (**المطهر**) بە میانگیری (**عماد الدین کوڕی ادریس کوڕی علی**) گەیشتنە ڕێککەوتن، بە گوێرەی ئەم ڕێککەوتنەش بۆ ماوەی ١٠ ساڵ شەڕ وەستا، بەمەش کورد لە هێزەکانی

---

١ - تاج الدین الیمانی،بهجه الزمن، ص١٢٥.

٢ - ابن الدیبع، قره العیون،ج٢، ص٦٤؛ یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە، ص٤٨٨.

٣ - الخزرجی، هەمان سەرچاوەص٣٢٣.

٤ - تاج الدین الیمانی، هەمان سەرچاوەص١٢٧.

ئیمام جیاکرانەوە، مەبەستی مەلیک موئەدیش لەمە ئەوەبوو، کە خۆی تەنها بۆ شەڕی کوردان تەرخان بکات، هەڵمەتێکی سەربازی لەپێناوی لەناوبردنی دەسەڵاتەکەیان لە هەرێمی هەران دەستپێکرد، ئەمیر (**اسدالدین محمدی کوڕی نور**) بەسەرکردایەتی سوپایەک لە صەنعاوە بەرەو هەران چوو، بەڵام لەگەڵیان کەوتە سوڵحەوە، بەپێی ئەو سوڵحەش کورد ذماریان جێهێشت، کورد تەنها لە ناوچەی عروش مانەوە[1].

بەڵام ڕیوشوێنەکانی مەلیک موئەید لەم ئاستە نەوەستاوە، بەهۆی ئەوەی کورد لە شورشی ساڵی (**٧٠٩ک/١٣٠٠ز**) مەلیک زۆر ێیبیان تورەبوو، ساڵی (**٧١٣ک/١٣١٣ز**) مەلیک بەرەو تەعز لەوێشەوە بۆ جند چوو، فەرمانی بە والی ذمار (**اسدالدین محمدی کوڕی نور**) کرد، کە بۆ هەران بچێت و شەڕی کورد بکات و لە هەرێمەکە دەریان بکات، ئەویش ئابلۆقەی دان و مەنجەنیقی لە لێدانی قەلاکان بەکارهێنا[2].

ساڵی (**٧١٣ک/١٣١٣ز**) کورد شۆڕشیانکرد، مەترسی شۆڕشەکە لەوەبوو کاتێ والی صەنعا (**حسین کوڕی ایاس**) و ژمارەیەک سەربازیان کوشت[3]، مەلیک موئەیەد فەرمانی بە ئەمیر (**عباس کوڕی محمد**)ی والی (الجدید) کرد هەڵمەتێکی سەربازی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە بکات، حەصنی ئابلۆقەدا و خربەی بە مەنجەنیق وێرانکرد، هەرچەندە ئابلۆقەکە توند بوو، بەڵام تا وێرانکردنی شۆراکان خۆیان ڕادەست نەدا، لە کۆتاییدا سوڵحکرا، کاتێ شێخ (**محمدی کوڕی عبدالله**)ی داوای پارێزگاری بۆ کورد کرد، مەلیک موئەیدیش ڕازی بوو، بە مەرجێ ئەمیرەکانی بەرەو شاری جند بچن، هەردوو ئەمیرەکە (**ابراهیم کوڕی شکر و جلال کوڕی الاسد**)چوون و ملکەچی خۆیان نواند و قوللەی هەرانی بەمەرجی گەڕانەوە بۆ ذمار ڕادەستکردەوە[4].

---

١ – الخزرجي،العقود اللؤلۆيە،ج١، ص٣٢٩.

٢ – تاج اليماني،بهجە الزمن، ص١٢٨.

٣ – هەمان سەرچاوەس، ص٣٢٢.

٤ – يحيى بن الحسين،غايە الاماني،ق١، ص٤٩٠.

کوردانی یەمەن حەزیان دەکرد لە هەرێمی ذمار نیشتەجی ببن، بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی ساردە و چالاکی چاندن و ئاوی بەشێوەیەکی فراوان تێدایە و زەوییەکەشی بە پیتە و ئاوهەوایەکی باشی هەیە[١]، ئەمەش لەگەڵ سروشتی دانیشتوان کورد گونجاوە.

مەلیک موئەید ساڵی (**٧٣٨ک/١٣٣٧ز**) هەڵمەتێکی سەربازی بۆ هەرێمی ذمار بە سەرکردایەتی (**الامیر زین الدین قراجا**) دەستپێکرد، هێزەکەی زیاتر لە چوارسەد سوار و بیست و یەک هەزار پیادە ، کە مەنجەنیقیان پێ بوو، هێزەکە گەیشتتە ناوچەکە و ئابلۆقیەی کوردی هەرانیان داو و دوای شەرێکی توند لەگەڵ خەڵکی حصن، توانیان دەستی بەسەرابگرن و (**زین الدین**) بە والی لەوێ دابمەزرێنن[٢].

کورد بەرامبەر ئەمیرانی بەنی ڕەسوڵ دەستەوەستان نەوەستان، لە ساڵی (**٧٣٩ک/١٣١٨ز**) لەدژی والی جدید (**ابن الحجازی**) لە هەران شۆڕشیان بەرپاکرد، کە ئەو والیە ناوبانگێکی خراپی بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسیەتی توندوتیژی دژ بە خەڵکەکە هەبوو، ئابلۆقەیان داو ناچاریانکرد شارەکە جێبهێڵێت بۆ لای مەلیک موئەیەد بچێت، مەلیکێش لێی تورە بوو، بە ١٠٠ هەزار دینار سزای دا[٣].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەتی ئەمیر و سوڵتانەکانی بەنی ڕەسوڵ لە پشت ئەو شۆڕشانەی کوردەوە بوون، کە لەپێناوی پارێزگاری لە دەسەڵات و ناوچەکانیان لە ذمار و هەران دەیانکرد، کورد توانی سەرکردایەتی ئەو شۆڕشانە بەسەرکەوتوویی بکات، هەندێجار ئەوەندە فراوان بووە زیانی زۆری بە دەوڵەتی ڕەسوڵی گەیاندووە، لە سەردەستی کورد ژمارەیەک جێگر و جەنگاوەر لە صەنعا و زمار کوژراون.

---

١ – عبدالله اثور، هذه هی الیمن، ص١٢.

٢ – الخزرجی،العقود اللؤلۆیه،ج٢، ص٦٣.

٣ – هەمان سەرچاوە، ص٦٤.

## سێیەم: کەسایەتیە کوردییەکانی دەوڵەتی ڕەسوڵی:

کورد لە زۆربەی هەرێمەکانی یەمەن بڵاوببوونەوە، (**العبدلی = کردی**) لەنیو بەناوبانگترین هۆزە عەشیرەتە کوردیەکان باسی لە (**اللحجیه**) کردووە[1].

هەروەها ژمارەیەک کەسایەتی کوردی لە دەوڵەتی ڕەسوڵی دەرکەوتن و بەشداری چالاکیان لە ژیانی سیاسی و سەربازی و ئایینی کردووە، سەربازی ڕۆڵییان لە بونیادنانی ژیاری و ئاوەدانی لە یەمەن.

لە دیارترین ئەو کەسایەتیانەش، ئەمانەن:

١- **شێخ عەلوانی الکوردی**: زەوی و دەرەبەگێکی زۆری لە یەمەن هەبوو، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی **حجر** و دەوروبەری، لەسەر خواستی دەوڵەتی ڕەسوڵی کاروباری (**العروسین و وعل و النوره و نعمان**) بەڕێوەبردووە[2].

کاتێ مەلیک مەنصوری ڕەسوڵی ساڵی (**٦٢٦-٦٤٧ک/١٢٢٨-١٢٤٩ز**) دەسەڵاتی وەرگرت، دەسەڵاتەکەی لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر ژمارەیەک قوللە و قەڵاوە فراوانکرد[3]، لە ساڵی (**٦٣٠ک/١٢٣٢ز**) بەرەو موڵکەکانی (**شێخ عەلوانی کوردی**) چوو، مێژوونووسان وا ئاماژەیان بۆ ئەمە کردووە:" وڵاتی و قوللەکانی عەلوانی کوردی وەرگرت"[4]، ئەمەش دوای زنجیرەیەک شەڕو پێکدادانی نێوانیان، شێخ عەلوان دەستگیرکرا و ماوەیەک لە بەندیخانە مایەوە، لەسەردەمی کوڕەکەی (مەلیک موزەفەر) ئازادکرا، دواتر لە ساڵی (....) لە ئابلۆقەدانی قوللەی تەعز بەشداریکرد، زیاتر لە ٢٠ هەزار پیاوی خۆی بۆ یارمەتی مەلیک موزەفەر بۆ دەستگرتن

---

١ – هدیه الزمن، ص٢٩٦.

٢ – الخزرجی، العقود اللؤلؤیه،ج١، ص١٢٨.

٣ – تاج الدین الیمانی،بهجه الزمن، ص٨٦.

٤ – الوصابی، تاریخ الوصاب،ج٢، ص١١٣؛ابن الدیبع، قره العیون،ج٢، ص٢٨.

بەسەر تەعز ڕەوانەکرد[١]، پایەیەکی بەرزی لەلای مەلیک موزەفەر هەبوو، هەروەها شێخ عەلوانی کوردی لەبارەی لێخۆش بوون لە (**ئەمیر کوڕی ئەسەدەدین) و (عەلی کوڕی وەهاس**) قسەی لەگەڵ مەلیک موزەفەرکرد، لەو کاتەی کە هێزەکان مەلیک موزەفەر بەسەریان دادا و ئەوانیش داوای لە ساڵی (**٦٥٠ک/١٢٥٢ز**) سەلامەتیان لە شێح عەلوان کرد، مەلیک موزەفەر لەسەر داواکەی ڕازی بوو، لە هەردوو ئەمیرەکە خۆش بوو[٢]، شێخ عەلوان کەسێکی ئازا و سەخی بوو، لە ساڵی **٦٦٠ک/١٢٦١ک** کۆچی دواییکرد، شایانی باسە سەرباری بوارە سیاسییەکەی شاعیر و ئەدیبیش بوو[٣].

٢- **بنو فیروز**: ئەوانیش خانەوادەیەکی کوردیین، لەگەڵ ئەیوبییەکان هاتنەتە یەمەن، لەماوەی دەوڵەتی ڕەسوڵی ژمارەیەک ئەمیر ئەو خانەوادەیە دەرکەوتوون، بەر لە دەسەلاتی ڕەسوڵییەکان کاروباری ئەبیان بەڕێوەبردووە، پایە و پۆستی بالایان بەڕێوەبردووە.

زەوی وەقفێکی زۆریان لە دەروبەری شاری ئەب هەبووە، کە هی سەردەمی شەمسەدینی باپیرەیان بوو[٤]. هەریەکە لە ئەمیر (**فخرالدین**) و (**ابراهیم**) و (**شمس الدین**) لە دیاریترین ئەمیرانی ئەو بنەماڵەیە بوون، ئەوانە ڕۆڵێکی دیاریان لە ژیانی سیاسی و سەربازی گێڕاوە، لەگەڵ ئەوەش رۆڵیان لە شارستان و ئاوەدانی بینیووە.

ئەوانە بۆماوەیەکی درێژ ناویان لە ڕووداوە مێژووییەکان یەمەن هاتووە، لە ڕووداوەکانی ساڵی (**٩٧٦ک/١٥٦٨ز**) لەماوەی دەولەی تاهیری (**٨٥٨-٩٢٣ک/١٤٥٤-١٥١٧ز**) ناویان باسکراوە[٥].

---

١ - الخزرجی، هەمان سەرچاوەص١٢٩.

٢ - الخزرجی،العقود اللؤلۆیە،ج١، ص١٠٠.

٣ - هەمان سەرچاوە، ص١٢٩.

٤ - ابن الدیبع، قره العیون،ج٢،پەراوێزی ژمارە٢ ل ١٧.

٥ - یحیە بن الحسین،غایە الامانی،ق٢، ص٧٣٠.

٣- **شێخ يوسفى الكوردى**: لەو كەسايەتيانەيە، كە لەلاى مێژوونووسانى يەمەن باسيان كردووە، كە لە هەرێمى جعر نيشتەجى بووە، لە ڕووداوە سياسييەكانى ناوچەكە بەشداريان هەبووە، لە وەرگرتنى ناوچەى (مدنن) لە دەستى خەڵكى (هصه) لە پاڵ (**نقيب جعر محمد حسين**) بەشداريان كردووە[1].

هەروەها شێخ (**يوسف الكوردى**) بۆ وەرگرتنەوەى ناوچەى (مدنن) لە ساڵى (**٦٤٧ك/١٢٤٩ز**) هاوكارى والى جعريان كرد، دواى ئەوەى شەڕيان لەگەڵ خەڵك و هۆزەكانى ئەوێ كرد.

٤- **ئەميرى كورى هەكارى**[2]: ناوى ئەمير (**بدرالدين ابو عبدالله محمدى كوڕى على محمدى هەكارييە**)، يەكێك لە ئەميرانى دەوڵەتى ڕەسوڵى بوو، لە سەردەمى مەليك موزەفەر و ئەشرەف بووە والى ناوچەى (الشعر)، ئەميرێكى دادپەروەر بووە لە بڕيارەكانى[3]، بەشدارييەكى چالاكى لە كێشمەكێشى نێوان مەليك موئەيەد و مەليك ئەشرەف كرد، كاتێ لە ساڵى (**٦٩٦ك/١٢٩٦ز**) هێزەكانى هەردوولا لە ناوچەى (الدعيس) بەيەكگەيشتن، لەپاڵ مەليك ئەشرەف وەستا، مەليك موئەيەد لەم شەڕدا دۆڕا و باوكى و سەركردەكان سوپاكەى دەستگيركران و لە بەنديخانەى تەعز پەستێنران، ئەو شەڕە ئەوكات پێى دەگوترا ڕۆژ (الدعيس)[4].

---

١ - الوصابى، تاريخ وصاب، ج٢، ص١٢٨.

٢ - **الهكارى**: بۆ ناوى هەكارى دەگەڕێتەوە، كە ژمارەيەك قوللەى تێدايە، سەربە موصڵە، كەوتۆتە باكورى رۆژهەلاتى موصڵ، كە بريتيە لە زنجيرەيەك چيا لە باكوڕى موصڵەوە، لە تەنيشت وڵاتى ئەنادۆڵ، كورد تێيدا نيشتەجێن. ابن الاثير، الباب لى تهذيب الانساب،ج٣، ص٣٩٠؛ نه به ز مجيد امين، المشطوب الهكارى، رساله ماجستير، جامعه صلاح الدين، كليه الاداب،(اربيل:١٩٩١)، ص ص٢٧-٢٩.

٣ - اسماعيل بن ابى الاكوع، المدارس الاسلامية فى اليمن (دمشق:١٩٨٠)، ص١٦٢.

٤ - ابن الديبع، قره العيون،ج٢، ص١٨٣؛ ابو مخرمه، ج٢، ص١٨٣؛ محمد يحيى الحداد، تاريخ اليمن السياسى، ص١٢٩.

کاتێ موئەید، ساڵی (**٦٩٦ك/١٢٩٦ز**) دەسەڵاتی وەرگرت، ئەو هەڵوێستەی ئەو ئەمیرانەی کە بەشداریان لە ڕۆژی الدعیس کرد لە بیر نەکرد، تۆڵەی لێکردنەوە و دەستگیرکردن، ئەمیر (**ابن الهكارى**) و کورانی (**ازدمر بدرالدين**) و (**نجم الدين**) لەنێو ئەو دەستگیرکراوانە بوون، هەروەها ئەمیر (**الامير شمس الدين الطنبا**) و ئەمیر (**جاندار**)ی یشی دەستگیرکرد، هەموو ئەوانەی لە خانەی (**الادب**) لە دەملوە بەند کرد[١]، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانە مایەوە و دواتر خۆی بۆ خواپەرستی تەرخانکرد، ساڵی مردنەکەی نازانرێت[٢].

٥- **شێخ هودی کوڕی داودی کوردی**: یەکێک لە ئەمیرانی کورد لەناوچەی جعر، هەروەها یەکێک لە نەقیبەکانی شارۆچکەکە بوو، لەلای هۆزەکان دەسەڵاتی زۆری هەبوو، لە ساڵی (**٧٣٠ك/١٣٢٩ز**) شەڕ و کوشتار لەنێوان هۆزی بەنی جابر و بەنی ئەصبەهی بەرپابوو، پەشێوی ناوچەکەی گرتەوە، مەلیک موجاهید **٧٢١-٧٦٤ك/١٣٢١-١٣٦٢م** دەسەڵاتی بەسەر ئەو ناوچانە نەما، ساڵی (**٧٣١ك/١٣٣٠ز**) ئەمیر حیجازی بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئارامی و ملکەچ کردنی هۆزەکان بۆ جعر نارد، بەڵام ئەمیر حیجازی لەم ئەرکەی سەرکەوتوو نەبووو، بەهۆی لاساری هۆزەکان بۆ فەرمانەکانی سوڵتان، فێڵێکی بۆ پاراستنی جعر داهێنا، کاتێ گوتی:" ئیوە خزمەتکاری دەوڵەتێکی بەهێزن، پێویستە سوڵتان بەزەیی پێتان بێتەوە، واباشترە گەورەکانتان بۆ بارەگای سوڵتان بچێت، بۆئەوەی دیاری بەنرخ بەدەست بێنێ"[٣].

خەڵکەکەش شێخ هودی کوڕی داودی کوردیی و ئەحمەدی کوڕی ئەسوەدیان وەک دوو نوێنەری خۆیان بۆ دانوستاندن لەگەڵ مەلیک موجاهید دیاریکرد، بەرەو تەعز چوون، کاتێ گەیشتنەجێ، ئەمیر حیجازی

---

١ - تاج الدين اليماني، بهجه الزمن، ص١٠٤؛ الخزرجي، العقود اللؤلۆيه،ج٢، ص٢٥٥.

٢ - اسماعيل بن على الاكوع، هەمان سەرچاوە، ص١٦٣.

٣ - الوصاب، تاريخ وصاب،ج٢، ص١٢٩.

داوای له مەلیک موجاهد کرد، دەستگیریان بکات وەک کارتی فشار بۆ سەر هۆزەکان جعر بەکاریان بهێنی تاکو ملکەچی فەرمانەکانی بن، پێی گوت:" دوو شێخم دووروومم هێناوە، ئەگەر نیازتانە دەستبەسەر جعر دابگرن، ئەوا لەگەڵیانە، ئەگەر بۆ جعر بگەڕێنەوە، بێ بەڵێنی دەکەن[1]" بۆیە له تعز بەندکران، تا ساڵی (**٧٣٢ک/١٣٣١ز**) له بەندی مانەوە، دواتر بە یاوەری (**ابن زریع**)ی والی نوێی جعر گەڕانەوە[2]. پێدەچێت شێخ هودی کوردی خاوەن جەماوەرێکی گەورە بێت لەلای هۆزەکانی جعر، بەهۆی ئەو پێگەیەی وەک نوێنەری هۆزەکان هەڵبژێردرا، تاکو لەگەڵ مەلیک موجاهید دانوستاندن بکات.

٦- **ئەمیر ئیبراهیمی کوڕی شکور**: له دیارترین ئەمیرانی کوردی سەردەمی دەوڵەتی ڕەسوڵی بوو، بە گەورە پیاوانی یەمەن دادەنرێت، له خانەوادەی بەنی ئەیوب بەتایبەت له مەلیک موجاهید نزیک بوو، له ڕووی سیاسی و ئیداری و سەربازی خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بوو.

له ساڵی (٧١٣ک/١٣١٣ز) له پاڵ کوردان زمار و هەران بەشداری له شۆڕشی سەردەمی مەلیک موئەیەد کردووە، کاتێ هەردوولا ڕێککەوتن، ئەمیر ئیبراهیم شکور وەک نوێنەری کورد له دانوستانەکان بەشداری کرد[3].

ساڵی (**٧٢١ک/١٣٢١ز**) سەرکردایەتی سوپای مەلیک موجاهدی کرد، کاتێ لەگەڵ مامی (مەلیک مەنصور) و کوڕەکەی (مەلیک زاهر) له کێشەدا بوون، بەهۆی ئەمیر ئیبراهیمەوە بوو هێزەکە بەرامبەر کە دوای ئەوەی مەمالیکەکان چوونە پاڵی بەهێزتریش بوو، پاشەکشەیانکرد، توانی لەگەڵ سەرکردەی سوپاکەی مەلیک زاهر کە ناوی (**الامیر بدرالدین حسن**)

---

١ – هەمان سەرچاوە، ص١٢٦.

٢ – هەمان سەرچاوە

٣ – تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص١٢٩.

دانوستاندن بکات و سوپاکەی بۆ تەعز بکشێنێتەوە و ژیانی مەلیک (**الفائز قطب الدین**)ی برازای مەلیک موجاهد ڕزگار بکات[١].

بەهۆی ئەو پێگەیەی هەیبووە، زۆربەی کات مەلیک موجاهید لە زۆر شتدا ڕاوێژی پێکردووە، کاتێ ساڵی (**٧٢٢ک/١٣٢٢ز**) ڕەوشی سوپاکەی مەلیک موجاهید بەهۆی نا دلسۆزی ئەمیرەکان مەمالیک شێوا، ئەمیر ئیبراهیم پێشنیازی کرد هەموو ئەمیرانی بەحری و مەمالیک دەستگیربکرین[٢]، ئەمەش بەڵگەی ئەو پێگە و دەسەڵات و ڕێزەیە کە ئەو ئەمیرە کوردە هەیبووە.

ساڵی (**٧٢٢ک/١٣٢٢ز**) ئەمیر ئیبراهیم شکور لەلایەن مەلیک موجاهدەوە بۆ ڕاپەراندنی کاروباری ناوچەی حیس[٣] ڕاسپێردرا[٤].

٧- **علی کوڕی عەبدولرەحیمی کوردی:** لە زانای ئاینیەکانی یەمەنە، لە ناوچەی (الشربوب) لە ڕێمەی وڵاتی (**الثمیلی**) نیشتەجێ بوو، زۆرێک لە زانایانی یەمەنی پێگەیاندووە وەک (**اسماعیل من الصلعف**) [٥] هەروەها وانەی بە (**محمدی کوڕی عیسی**)ی فەقیهـ گوتووە، کاتێ مندال بووە[٦].

٨- **ئەمیر داودی کوڕی خەلیلی هەکاری** : بووە والی ناوچەی (الشحر)، لە میانەی ڕووداوەکانی ساڵی (**٧٥٦ک/١٣٥٥ز**) ناوی ئەو ئەمیرە کوردە هاتووە، خاوەنی کتێبی (**جواهر تاریخ الاحقاف**) وای باسکردووە:" لە ساڵی ٧٥٦هـ لە سەردەمی ئەمیر داودی کوردی خەلیلی هەکاری هیندیە مەجۆسییەکان لە شحر هاتنە دەرێ و بەرەو دەریا چوون، تا بە کەشتیە

---

١ - ارسن موسی رشید، کورد لە سەردەمی دەوڵەتی ڕەسوڵی لە یەمەن، ص١٧.

٢ - هەمان سەرچاوەس، ص١٤٠.

٣ - حیس: وڵات و شوێنێکە لە دەروربەری زەبید لە یەمەن. اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیە، ص٩٩.

٤ - الخزرجی،العقود اللؤلۆیە،ج٢، ص٤٠.

٥ - الوصابی،تاریخ وصاب،ج٢، ص١٩٣.

٦ - هەمان شوێن.

لەنگرگرتووەکانی ئەوی گەیشتن و سواری کەشتیەکان بوو، بەسەر شێخ (**احمد کوڕی عبدالله ابادجانه الکندی**) دا لە (**سقطر**) تالآنییەکی زۆریان کرد و بۆ (الشحر) گەڕانەوە"[1].

٩- **والی (صارم الدین کوڕی داود)** لە بەڕێوەبردنی ویلآیەتەکە بەشداری کرد، هەروەها کاتێ ساڵی (**٧٦٨ک/١٣٦٦ز**) مەلیک موزەفەر بۆ ناوچەی (**حضرموت**) هاتبوو، هێرشی بۆسەر (**الشحر**) کرد، بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەدا کرد[2].

١٠- **ئەمیر محمدی کوڕی ثور**[3]: ساڵی (**٧٢٤ک/١٣٢٤ز**) لە دایکبووە، دوای مردنی والی ناوچەی **الشحر** (**صارم الدین کوڕی داود**) لە ساڵی (**٧٨٠ک/١٣٨٧ز**) بە فەرمانی مەلیک ئەشرەف کاروباری ئەوێی بەڕێوەبردووە[4]، بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لەو پۆستەی مایەوە، لەو ماوەیەدا شەرێکی زۆری لەگەڵ هۆزەکان کرد، تا ئەوەی لە ساڵی (**٧٩٥ک/١٣٩٢ز**) لە پۆستەکەی نەما[5].

١١- **فاطمەی کچی ئەسەدی کوڕی ئیبراهیمی کوردی :** لە یەمەن هەر کەسایەتی پیاوی کوردی دەرنەدەکەوت، بەڵکو ژنانیش ڕۆڵی گرنگییان گێڕاوە، لەوانە قاتیمەی کچی ئەسەدی کوردی، کە کچی (**ئەمیر ئەسەدی کوڕی ئیبراهیمی کوردی**) بوو سەرۆکی بنەماڵەی ئەسەدی کوردیی لە ذمار، خوشکێکی بەناوی (شمس) هەبوو، میردی بە شێخ تاهیری دامەزرێنەری دەوڵەتی تاهیری لە یەمەن کرد[6]. کاتێ سوڵح لەنێوان ئیمام

---

١ - محمد بن علی سعید الزاکن،ج٢، ص١٤١.

٢ - الخزرجی، العقود اللؤلۆیه، ج٢، ص١١٧؛محمد بن علی سعید الزاکن، جواهر تاریخ الاحقاف، ج٢، ص١٤٣.

٣ - لە هەندێ سەرچاوە بە (بن بوز) هاتووە.

٤ - هەمان سەرچاوە و هەمان شوێن.

٥ - صالح الحامد العلوی، تاریخ حضرموت،ج٢، ص٥٦١.

٦ - یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق٢، ص٥١٥.

صلاحەدین و کوردی زمار لە ساڵی (**٧٥٠ک/١٣٤٩ز**) کرا، ببوون بە دوو کەرتەوە، بەنی ئەسەد و بەنی شوکر، ئینجا ئیمام صەلاحەدین فاتیمەی خواست، کە دایکی ئیمام عەلی کوڕی صەلاحەدینی کوڕیەتی[١].

لە ساڵی (**٧٥٤ک/١٣٥٣ز**) ناکۆک کەوتنە نێوان بەنی شکور و بەنی ئەسەدەوە، ئەمیر ئەسەدی کوردی داوای یارمەتی لە ئیمام کرد، لە صەعدەوە بەرەو ذمار چوو، بەنی شکوڕی دەستگیرکرد و لە قوللەی هران خستیەژێر نیشتەجێبوونی بەزۆرییەوە[٢]، فاتیمەش بەشداری بەڕێوەبردنی کاروباری ئیمامەی زەیدی کرد. کاتێ عەلی کوڕی دوای مردنی باوکی کاروباری ئیمامەی زەیدی بەڕێوە دەبرد، ئەو ببووە سەرچاوەی ڕاویژ بۆ کوڕەکەی لە دامەزراندنی والییەکان بەسەر هەرێمەکان، (**ابراهیم کوڕی یحیی**) بەسەر صەنعاوە دامەزراند[٣] ، ئەو ژنە کەسایەتیەکی بەهێز و توانایەکی زۆری هەبوو.

لەلایەن مێژوونووسی یەمەنی (**یحیی کوڕی الحسین**) وا وەسفکراوە:" خاوەنی ڕا و چارەسەر بوو لە صەنعا، سەیری زۆربەی کارەکانی دەکرد"[٤].

ئیمام عەلی کوڕی صەلاحەدین ڕووبەروی کیبرکی بووە لەلایەن هەردوو ئیمام (**مهدی و الهادی**) لەسەر ئیمامەت، دوای ئەوەی شوێنکەوتووانی ملکەچی و گویرایەلی خۆیان بۆ ئیمام عەلی نواند، توانی دەست بەسەر ناوچەی صەعدە بگرێت، بیری لەوە کردەوە بەرەو صەنعا بچێت و دەستی بەسەرابگرێت[٥].

---

١ - **الامام علی بن صلاح الدین**: ساڵی ٧٧٥ک لە ذمار لە دایکبووە، لە ساڵی ٨٤٠ک لە صەنعا بە تاعون کۆچی دواییکردووە، یحیی بن الحسین، غایە الامانی،ق٢، ص٥١٥.

٢ - هەمان سەرچاوە، ص٢١٧.

٣ - هەمان سەرچاوە، ص٥٤٠.

٤ - هەمان سەرچاوە، ص٥٥٦.

٥ - محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص١٦٧.

لەماوەی سەرقاڵبوونی لە صەنعا، فاتیمەی ئەسەدی کوردی کاروباری وڵاتی بەڕێوەدەبرد، فاتیمە کاتێ هەستی بە مەترسی بوونی دوو ئیمامەکە لە صەعدە کرد، چاوەریی نەکرد تا کوڕەکەی لە ذمار دەگەڕێتەوە، بەڵکو بڕیار و ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ ڕووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی دوو ئیمامە دەرکرد، کۆمەڵێ جەنگاوەری بۆ صەعدە نارد، کاتێ زانیان سەربازان هاتن، دوو ئیمامەکە ڕایانکرد، هادی بۆ ناوچەی (فلله) و مەهدی بۆ وڵاتی (الاهنوم) چوو[1].

بەمەش فاتیمە توانی صەعدە بۆ دەسەڵاتی کورەی بگەڕێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ بەرهەڵستی و زیانێک بدات، ئەمەش بۆ ئەو ڕۆڵ و داناییەی دەگەڕێتەوە لە بەڕێوەبردن.

ئیمام عەلی گەڕایەوە و چووە ناو صەعدە، ماوەیەک تێیدا مایەوە، دواتر بۆ صەنعا چوو، ساڵی (**٨٠٧ک/١٤٠٤ز**) (**قاسمی کوڕی سنقەر عبدالله**) بەچاودێری فاتیمەی دایکی بەوالی صەنعا دامەزراند[2].

لە ساڵی (**٧٩٤ک/١٣٩١ز**) کاتێ شەڕی لەنێوان ئیمام و شێخ تاهیری کوڕی عامری جێگری ناوچەی ڕادع بەرپا بوو، (**حسن کوڕی الاسد الکوردی**)ی برای فاتیمە کوژرا[3].

---

١ - یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق٢، ص ٥٥٥؛ محمد یحیی الحداد، تاریخ الیمن السیاسی، ص١٢٧.

٢ - هەمان سەرچاوە

٣ - **الرداع**: شارێکی ئاوەدانی رۆژهەڵاتی ذمارە، لە دووری ٥٠ کیلومەترەوە. اسماعیل بن علی الاکوع، البلدان الیمانیه، ص١١٨.

# بەشی پێنجەم

# بەشدارییە ژیارییەکانی کورد لە یەمەن

(٥٦٩-٨٥٨ک/١١٧٣-١٤٥٤ز)

## یەکەم: ڕێنسانسی شارستانی و ئاوەدانی:

کورد لە ڕێنسانسی شارستانی و ئاوەدانکردنەوە لە یەمەن لەماوەی مانەوەیان، بەشدارییەکی بەرچاویان کردوووە، مەلیکە ئەیوبییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان لەم ڕێنسانسە هەبووە، سەرباری ئەوەی پەشێوی سیاسیی و زۆری شەڕەکان لەماوەی دەسەڵاتەکەیان، بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە لەناوبردنی دەوڵەتۆچکەکانی ئەو سای یەمەن و سەرکەوتکردنی یاخیبوونی هۆزەکان، کە ماوە ماوە سەریهەڵدەدا، بەڵام ئەمە ئەوانی لە بواری ئیداری و ژیاری دوورنەخستۆتەوە.

هەروەها هەندێ خانەوادە و کەسایەتی کورد لە ماوەی دەوڵەتی ڕەسوڵی بەشدارییان لە پەرەسەندنی کلتوری و ئاوەدانی یەمەن کردووە، بەڵام سەرچاوەکانی مێژەوو ئاماژەیان بۆ نەکردووە، تەنها بە کەمی نەبێت.

چالاکی ژیاریی و ئاوەدانی کورد، جەختی لە بونیادنانی شار و قەڵا و قولله و کۆشک و باغ و دروستکردنی دامەزراوەی خوێندن وەک قوتابخانەوە مزگەوت کردووە، گرنگیان بە لایەنی زانیستی و ڕۆشنبیری داوە، سەرباری گرنگیدانیان بە ڕێوشوێنی و چاکسازی ئیداری و ئابووری و دارایی کە سەرجەم بوارەکانی کشتوکاڵ و بازرگانی گرتۆتەوە. ئەمەش وایکردوووە ژیانی ئابووری لەیەمەن بوژاندنەوە بەخۆیەوە ببینێ.

هاتنی کورد لە ساڵی **(٥٦٩ک/١١٧٣ز)** بۆ یەمەن، وەک داگیرکاری نەبووە، ئامانجیان وێرانکردنی وڵات بووبێ، بەڵکو ئامانج لەم هاتنەیان گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بووە، کە لەسەر بەهاناوەچوونی خەڵکەکەی بووە، کە بەدەست پەشێوی و گەندەڵی دەسەڵاتە بەیەک ناکۆکەکانی یەمەنەوە دەیان ناڵاند، مەلیک تورانشا ئەمەی دڵنیاکردەوە، کاتێ هێزەکانی هاتنە ناو عەدەنەوە، لەو کاتەی کە سەربازانی کردەوەی دزی و تاڵانیان کرد، ئەویش ڕێگری لێکردن و پێیانی گوت:" نەهاتووین بۆئەوەی

وڵاتەکەی وێران بکەین، بەڵکو بۆئەوەی بیکەینە مولکی خۆمان و ئاوەدانی بکەینەوە"[1]، بۆیە شارەکە تالان نەکرا وەک خۆی مایەوە[2].

**الوصابی** لە زمانی خەڵکی ناوچەی وصاب دەگێڕێتەوە:" لەو کاتەی ئێمە لە مزگەوتی گوند نوێژی هەینیمان دەکرد، سەربازانی (**حق سيف الاسلام**) هاتن، وەک خۆی نوێژمانکرد، هاتنی ئەوان سەرقاڵی نەکردین، هێرشیان نەکردە سەر هیچ کەسێک"[3].

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە جەنگاوەرانی ئەیوبی مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو شوێنانەی بۆی چوونە نەکردووە، بەڵکو وڵاتەکەیانی لە دزی و تالانی و وێرانی پاراستووە، لەگەڵ گەورەیی سوپای ئەیوبییەکان، بەڵام ترس و دڵەراوکێیان لە دڵی خەڵکەکە نەناوەتەوە، بەر لەوەی ئەیوبیەکان بێن، خەڵکی یەمەن بەدەست کوشت و بڕی دەوڵەتەکانیان دەیان نالاند.

**لەدیارترین ئەو کارە شارستانی و ئاوەدانکارییانەی کورد:**

**١- دورستکردنی شار:**

کاتێ ڕەوشی سیاسی بۆ پادشا ئەیوبییەکان لە یەمەن جێگیربوو، بیریا لە دروستکردنی شارکردەوە، بۆئەوەی تێیدا بحەسینەوە، دەبینین مەلیک تۆرانشا دوای ئەوەی ڕەوشەکەی جێگیر بوو، هەوڵیدا لەنێو شار و قەڵاکانی یەمەن پایتەختێک بدۆزیتەوە، ناوچەی تەعزی هەڵبژارد و کاری بۆ پلانریژی شارەکە کرد و ساڵی (**٥٧٠ک/١١٧٤ز**) بەرەو ئەوەچوو لە شارەکە نیشتەجی ببێت، پێدەچێت هەڵبژاردنی شارەکە لەوەوە هاتنبێت کە خەڵکەکەی ئاشتیخواز و تەبابوون، سەرباری ئەوەی لەسەر پەیرەوەی

---

١ - ابن واصل، مفرج الكروب، ج١، ص٢٤٢؛ تاج الدين اليماني، بهجه الزمن، ص٧٦.

٢ - ابن الاثير، الكامل،ج١١، ص١٩٨.

٣ - تاريخ وصاب، ج٢، ص١١٠.

ئەهلی سوننە و جەماعە بوون، کە ئەیوبییەکان باوەریان پێی هەبوو[١]، دکتۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو، داوای لێکردن شوێنیکی گونجاو هەڵبژێرین بۆئەوەی تێیدا بمێنێتەوە، شوێنی تەعزیان هەڵبژارد، ئەمەش بەهۆی ئاوهەواکەی، شارێکی لێ دروستکرد و تێیدا مایەوە[٢].

هەروەها مەلیک (**سیف الاسلام طغتکین**) شاری المنصورەی ساڵی (**٥٩٢ک/١١٩٥ز**) دروستکرد[٣]، کە لە باکورییەوە ١٢ کم لە شاری الجندب دووربوو[٤]، پێدەچێت دروستکردنی مەنصورە ئامانجێکی سەربازی لەوەداوە بوو، بۆئەوەی سەربازانی تێدا نیشتەجێ بکات و ببێتە بارەگای سەربازەکان، فەرمانی بە سەربازانی کرد، تێیدا بمێننەوە، هەروەها ویستی سەربازانی لە خەڵکی دوور بکاتەوە، نەوەکا تووشی کێشە بێن، لەگەڵ خەڵکەکەی.

یەکێک لە شاعیران بەمشێوەیە بەسەر سەیفی ئیسلامی هەڵداوە:

**احسنت فی فعلها المنصوره**
**و اقامت لنا من العدل صوره**
**رام تشیدها العزیز فاعطته**
**الی وسط قبره دستوره[٥]**

(**یحیی کوڕی الحسین**)ی مێژوونووس بەمشێوەیە وەسفی شارەی مەنصورەی کردووە:" شارێکی گەورەبوو، لەلایەن بەنی ڕەسوڵەوە

١ – سالم احمد محل، الدول و الدویلات ، ص١٠٣.
٢ – ابن خلدون، تاریخ ابن خلدون، مج٥،ق٩، ص٦٣٢.
٣ – ابن ابی عذیبه، انسان العیون، مخطوطه، ورقه ٦٩؛ ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٣٩٥؛ بغیه المستفید، ص٧٥؛ الزبیدی، ترویح القلوب، ص٥٧.
٤ – عبدالله الثور، هذه هی الیمن، ص٢٢٩.
٥ – یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج٥، ص٢١٢.

وێرانکرا"[1]. پێدەچێت شارەکە وێرانکرابێت، جگە لە چەند حانووێکی گوندی هیچی لی نەمابێتەوە، مێژووی ئەو شارە شتێکی ئەوتووی نەماوە باس بکرێت[2].

هەروەها مەلیک (**المعز کوڕی سیف الاسلام**) شارێکی لە (**المیلین**) دروستکرد[3]، هەرچەندە زانیاری یان باسکردنی ئەو شارە لە سەرچاوە مێژووییەکان و ساڵی بونیادنانی نییە.

## ٢- کوشک و باخچەکان:

شارەکانی یەمەنی سەردەمی ئەیوبییەکان بە زۆری کۆشک و خانوو و باخچە دەناسرێنەوە، دەبینین مەلیک تۆرانشا کاتێ ساڵی (**٥٧٠ک/١١٧٤ز**) گەیشتە صەنعا، چەند تەلارێکی تێدا دورستکرد[4].

هەروەها ماوەی حوکمڕانی مەلیک (**سیف الاسلام**) ژمارەیەک کۆشک و خانوو لە شاری مەنصورە دروستکران، دانیشتوان و سەربازان تێیدا نیشتەجێ بوون[5].

هەروەها مەلیک سەیف ئیسلام دوای ئەوەی ئاوهەوای تەعزی بەدڵ بوو، فەرمانیکرد شاری تێدا دروست بکرێت و لە شارەکە کۆشک و تەلاری دروستکرد، فەرمانی کرد بیری ئاو للا بدرێت و جۆگەی ئاوی بۆ ڕاکێشا و باخچەی دورستکرد، کە بە هەمەجۆر دارودرخت کە لە میسرەوە هێنرابوو، ڕازابووەوە[6].

---

١ - غایە الامانی، ق١، ص٣٣٦.

٢ - ابن الدیبع، قرە العیون، ج١،هامش رقم (٤)ص٣٩٥؛ ابراهیم احمد المقحفی، معجم المدن و القبائل الیمنیە، (صنعاء:١٩٨٥)، ص٤١٣.

٣ - تاج الدین الیمانی، بهجە الزمن، ص٨٠.

٤ - هەمان سەرچاوەص٧٦.

٥ - ابن الدیبع، بغیە المستفید، ص٧٥؛ ابو مخرمە، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص١٠٣.

٦ - سالم احمد محل، الدول و الدویلات، ص١١٥.

له ساڵی (**٥٨٥ك/١١٨٩ز**) فەرمانی دەکرد، سەکۆی گۆڕەکانی مەنصورە ئەوانەی لەسەر گۆری سەرکردەکانی هەمەدان دروستکرابوون، وێران بکرێت و بە هەمان کەل و پەل کۆشکێک درست بکرێت[١]، هەروەها بە پارەیەکی زۆر (**دار السطانية**) ی دروستکرد، ژوورەکانی بە زێڕ ڕازاندەوە، حەمام و گۆمێکی تێدا دروستکرد، کە هەموو جۆر بەردی بەنرخی تێدا بەکارهاتبوو[٢]، هەروەها کۆشکی (**الجند القديم**) و (**دار السعادة**)ی دروستکرد، کە دەیڕوانییە سەر دەریای عەدەن[٣]، سەلیقەیەکی بەرزی هەبوو، سوربوو لەسەر ئەوەی کە کۆشک و تەلار و خانووەکانی بە ڕەنگی هەمەجۆر برازێندرێتەوە.

مەلیک (سیف الاسلام) گرنگی بە باخچە و بێستان و گوندی پر دارودرخت و گوڵ دەدا، لە صەنعا باخچەی سوڵتانی دروستکرد، کە چەندەها جۆر گوڵ و ڕەیحان و دارودرختی تێدابوو[٤]. لە نزیک شاری زەبید گوندی (**المعزيه**)ی دروستکرد، لە قاهیرە پێیان دەگوت (**المعزيه**)[٥].

هەروەها مەلیک (**المعز کوڕی سيف الاسلام**) گرنگی بە بونیادنانی تەلار و نوێکردنەوەی خانووی شارەکان دەدا، خانووی (**دار المنظر**) لە سەر چیای (حقات) لە عەدەن دروستکرد، گوتراوە کە (**دار المنظر**) کۆنە پێشتر نیشینگەی سوڵتانەکانی بەنی زەریع بووە، بەڵام ئەو نۆژەنی کردۆتەوە[٦].

---

١ – يحيى بن الحسين، غايه الامانى،ق١، ص٣٣٥

٢ – هەمان سەرچاوە، ص٣٣٧.

٣ – ابن مجاور، صفه بلاد اليمن و مكه و بعض الحجاز، المسمى تاريخ المستبصر، تصحيح اوسكر لوفخرين، (ليدن:١٩١٦)،ق١، ص١١٠.

٤ – هەمان سەرچاوە.

٥ – الحموى، التاريخ المنصورى، ص٢٤٣.

٦ – ابن مجاور، هەمان سەرچاوەص١١١؛ ابو مخرمه، تاريخ ثغر عدن، ج٢، ص١٢.

### ٣- قەڵاو قوللەکان:

دوای گەیشتنی ئەیوبییەکان بۆ یەمەن، زۆر گرنگیان بە خۆ قایمکردن و نوژەنکردنەوەی قەڵا و قوللەکانی هەرێمەکانی یەمەن دا، ئەمەش بەڵگەی جێگیرکردنی دەسەڵاتیانە لەیەمەن[١]، لەلایەکی دیکەوە ئەو قەڵا و قوللانە بۆ لایەنی سەربازی ئەو ئەمنی گرنگی خۆیان هەبوو.

قەڵا و قوللەکان بە کۆڵەگەی بنەڕەتی شارەکانی سەدەی ناوەڕاست دادجەنرا، زۆربەی کات لەسەر ڕێگا سەرەکیەکانی کاروانە بازرگانیەکان دروست دەکران، بۆئەەی لە جەردە و ڕێگرەکان بپاریزیت، لەلایەکی دیکەوە لە کاتێ شەڕ و جەنگان چ ناوە خۆیی بێت یان دەرەکی بە ئاگادارکەرەوەی پێشوەختەی جوڵانەووەکانی دوژمن دادەنرا، بەمەش بەرپەرچی هێرشەکانیان دەدایەوە کە دەکرانە سەریان، بە زۆری قەڵاکان لە شوێنی بەرز دورستدەکران بۆئەوەی ببێتە پەناگەیەک خەڵکی لەکاتێ شەڕ و دوژمنکاری پەنای بۆ بەرن[٢]، بۆیە مەلیکە ئەیوبیەکان گرنگی زۆریان لە قایمی ئەو قەڵایانە داوە، دەبێت ئەوەش بگوترێت هەندێجار خۆیان وەک پێویستیەکی سەربازی و ئەمەنی قەڵا کۆنەکانیان وێران کردووە.

لە ساڵی (**٥٨٥ک/١١٨٩ز**) سیف الاسلام قوللەی کۆنی تەعکری تێکدا و قوللەیەکی نوێی لە شوێنی دروستکرد، هەروەها چەند قوللەیەکی تازەی لە لە هەموو لایەکی وڵات دروستکرد، وەک قوللەی (**حب و خدد و تعز**) هەروەها ژمارەیەکی دیکەشی نوژەنکردەوە[٣]. قوللەی هەرانی لە هەرێمی

---

١ - ارسن موسی رشید، شارستانی و بیناسازی کوردە ئەیوبیەکان لە یەمەن، شانەدەر، (هە ولیر:١٩٩٨)، ز ٥،ل٧.

٢ - کرفان محمد احمد، الملک الاشرف موسی بن الملک الایوبی و دورە و اثرە فی الدولە الایوبیە ٥٧٦-٦٣٥هـ رسالە ماجستیر، کلیە الاداب، جامعە صلاح الدین، (اربیل:١٩٩٩)، ص١٠٣.

٣ - ابن الدیبع، قرە العیون، ج١، ص٣٩٥؛ بغیە المستفید، ص٧٤؛ ابو مخرمە، تاریخ ثغر عدن،ج٢، ص١٠١.

ژمار نۆژەنکردەوە، کە تا ئیستاش ماوە، کە بریتی لە قەلایەکی لاربووە لە شێوەی (**الزابور**)، کە قەلایەکی بەهێز و قایم بوو، تۆپ نەیدەبڕی[1].

هەروەها لەسەر چیای شعیب قوللەی (**المصانع**)ی دورستکرد، گوتراوە کە لە کۆنەوە دروستکراوە، لەکاتیَ هاتنی هێزەکانی مەلیک تورانشا لە ساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) بۆ یەمەن وێرانکراوە، خەڵکەکە خۆیان قوللەکەیان وێرانکردووە، بۆئەوەی تەگرەر بخنە پێش هاتنە ناوەی هێزەکان، تا ئەو کاتەی سیف الاسلام نوژەنیکردوە بە وێرانی مایەوە[2].

هەروەها دەروازەیەکی لەسەر (**نقیل صید**) دروستکرد، کە دەکەوێتە چیایەکی نێوان (مخلاف) و (جعفر) و (**حقل ژمار**) بۆ ئەوەی سەرکەوتن بۆ چیا ئاسان بکات، هەروەها لەسەر چیای (سمارە) قەلایەکی دورستکرد[3].

مەلیک موعزی کوڕی سیف الاسلام ویستی قوللەکانی (**بینون و غمدان و سلحین**) نۆژەن بکاتەوە، هەندێ پیاو چاک ئامۆژگاریان کرد، کە واز لەم قەڵایە بینیت، چونکە بۆتە نیشینگەی جنۆکان[4].

### ٤- شوراکان:

شارە ئیسلامییەکان بەردەوام شورایان هەبووە، بۆ مەبەستی پاراستن و ڕێگری لە هاتنە پێشەوی دوژمنان بەکاریان هێناوە، بەتایبەت شارە گەورەکان وەک پایتەختی دەوڵەت و ئەو شارانەی کەوتونەتە سەر سنورەکانی دوژمن.

هەندێ لە پادشا یەمەنییەکان گرنگییەکی زۆریان بە شورا داوە، ژمارەیەکیان دورستکردووە و ژمارەکیشیان نۆژەنکردۆتەوە، سەرباری ئەوەی ئاگاداری ڕوخساری ژیاری شارەکانیش بوونە[1].

---

١ – هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ژمارە (٣).

٢ – ابن مجاور، صفه بلاد الیمن، ق١، ص ص١٤٩-١٥١.

٣ – یاقوت الحموی، معجم البلدان،ج٥، ص٣٠٢.

٤ – ابن مجاور، صفه بلاد الیمن،ق١، ص١٠٤.

سيف الاسلام شورای صەنعای دروستکردوە، دوای ئەوەی کە وێران ببوو[2]، لە ساڵی **٥٨٩ک/١١٩٣م** شورای شاری زەبیدی نۆژەنکردووە"[3] شورایەکی بە دەوری شارەکە دروستکرد و چوار دەرگای بۆ دانا، بەرووی (**غلافقة**) دەرگای غلافقەی بوو، بەرووی سهام، دەرگای سهام بوو، بەرووی (**حصن قوارير**) دەرگای شبارق، دەرگای القرتب بەرووی چیا. بە قور و کەرپوچ (خشت) دورستکرابوو، پانییەکەی دە باڵ بوو"[4]. خوزیاربوو شورایەکی دیکەی درێژ و پان بەدەوری شارەکە دروست بکات، جەنگاوەران لەنێوان هەردووو شوراکە نیشتەجێ بکات، بەڵام مرد و نەیتوانی ئەمە بکات[5].

### ٥- مزگەوتەکان[6]:

دروستکردنی مزگەوت لە کارە لە پێشەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان، بەهۆی گرنگییەکەی لە ڕووی ئەوەی سەنتەری پەرستن و نوێژە، لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی لە بڵاوکردنەوەی زانسن و فێرکردن هەبووە، کوردیش لە

---

١ – ارسن موسی رشيد، شارستانی و بيناسازی،ل٧.

٢ – ابن الديبع، بغيه المستفيد، ص٧٥؛ حسين بن علی الوسی، اليمن الكبری، (القاهرة:١٩٦٢)، ص٦٧.

٣ – ابراهيم احمد المقمحی، معجم المدن و القبائل اليمنيه، ص١٩١.

٤ – ابن مجاور، صفه بلاد اليمن،ق١، ص٧٤،و ينظر الملحق رقم (٤)فی قائمه الملاحق.

٥ – هەمان شوێن.

٦ – عەرەب (مسجد و جامع و مصلی)یان هەیە، ئیمە بۆ هەموویان مزگەوت بەکاردێنین، لە راستیشدا جیاوازی زۆریشیان لەنێوان هەیە، (مسجد) مزگەوتێکە نوێژی بە کۆمەڵی لێ دەکرێت بەس خوتبەی تێدا ناکرێت، (جامع) نوێژی بە کۆمەڵی و نوێژی هەیینی و خوتبەی تێدا دەکرێت، (مصلی) تەنها نوێژی تێدا دەکرێت، وەک ئەمەی لە سەر رێگاکانی نێوان شارەکان دروست دەکريت. (و.ک).

یەمەن گرنگی بە مزگەوت داوە ژمارەیەک مزگەوتیان دروست کردووە هەندێکی دیکەشیان نۆژەنکردۆتەوە.

لە ساڵی (**٥٨٢ک/١١٨٦ز**) مەلیک سیف الاسلام بەشی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات و دواوە و مونارەی مزگەوتی زەبیدی لە شاری زەبید دورستکرد[١]، سیف الاسلام خۆی فەقیهـ بووە، قازی (**احمد کوڕی علی العرشانی**) لەوە بیستوویەتی[٢].

ژمارەیەک مزگەووت لەلایەن ئەمیران و جێگرانی مەلیک و پادشاکانی بنەماڵەی ئەیوبی لە یەمەن دروستکراون و نوژەنکراونەتەوە، وەک مزگەوتی (**المناخ**) و نوژەنکردنەوەی مزگەوتی (**المعزیه**) لە تەعز و مزگەوتی (الجند)[٣]، هەروەها مەلیک مەسعودی کوڕی مەلیک کامل گومبەزی لەسەر مەزاری ئیبراهیم لە ساڵی (**٦١٩ک/١٢٢٢ز**) دروستکرد[٤]، هەروەها لە ساڵی (**٦٢٥ک/١٢٢٧ز**) تەلاری مزگەوتی (الجند)ی نۆژەنکردووە، سەرەتا فەرمانیکرد بیروخێنن، بەڵام بەهۆی کەمی ئاوەوە نەیتوانی نوژەنی بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی باران لەو ساڵە لەیەمەن نەباری، بەڵام دوای ماوەیەک پارەیەکی زۆری بۆ شێخێک بەناوی (**ظهیر الدین علی کوڕی عمر**) ناردو فەرمانی پێکرد مزگەوتەکە نوژەن بکاتەووە، بە شێوەی تەلاری پادشاکان تەڵارەکە برازێنێتەوە، هەروەها لەسەر دەرگای مزگەوتەکە خانوویێک دروزست بکات، ئەوەیش وەک فەرمانی پێکرابوو، وایکرد[٥].

هەر تەنها پاشا ئەیوبییەکان مزگەوتیان دورست نەکردووە، بەڵکو کەسایەتی کوردیش لە هەرێمە جیاجیاکانی یەمەنی لەسەردەمی دەوڵەتی ڕەسوڵی مزگەوتیان دروستکردوە، شێخ (**هود کوڕی داود الکوردی**) و

---

١ – ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٣٩٥؛ بغیه المستفید، ص٧٠.
٢ – هەمان سەرچاوە.
٣ – ارسن موسی رشید، شارستانی و بیناسازی،ل٧.
٤ – ابو شامه، ذیل الروضتین، ص١٥٨؛ الفاسی، شفاء الغرام، ص٢١٦.
٥ – یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٤١٨.

ژنەکەی کە ئامۆزای بوو ناوی (**رحمه بنت احمد الكوردی**)بوو، مزگەوتی (العسادی)یان لەولاتی جعروا دروستکرد، پارەیەکی زۆریان لە دروستکردنەکەی خەرجکرد، کە ڕۆژانی هەینی خوتبەی تێدا دەخوێندرایەوە[١].

هەروەها والی (الشحر) ئەمیر (**محمدی کوڕی پور کوڕی حسن الكوردی**) مزگەوتێکی بەناوی (هەینی) لە ساڵی (**٧٩٥ک/١٣٩٢ز**) دروستکرد[٢].

ئەو مزگەوتانە سەرباری ڕۆڵە پەرستنەکەی ڕۆڵی ڕۆشنبیری فراوانیان گێڕاوە، کە شوێنی بەستنی حەلقەی خوێندن و خوێندنەوە و بیستن بووە، ژمارەیەکی زۆر لە زانایان وانەبێژییان تێداکردووە[٣].

### ٦- قوتابخانەکان:

خوێندن لە یەمەن وەک تەواوی وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە لە نامیلکە دەستپیدەکرد، کە قوتابیان فێری قورئان و نووسین و خوێندنەوە حساب دەکران، هەرچی خوێندنی تایبەتمەند بوو، ئەوا لە مزگەوتەکان دەکرا، هەروەها قوتابیان بەدوای زانست بۆ شارەکانی دەچوون، لەسەر دەستی شێخە ناسراوەکان دەیانخوێند، سەبارەت بە دەرکەوتنی قوتابخانەکان بۆ یەکەمجار لە وڵاتی یەمەن، ئەوا بۆ سەردەمی ئەیوبییەکان دەگەڕێتەوە[٤]، ئەیوبییەکان زۆر گرنگیان بە دروستکردنی قوتابخانە لە سەرجەم وڵاتان و هەرێمەکانی ژێر دەستیان داوە.

مەلیک (**المعز کوڕی سیف الاسلام**) بەیەکەم دامەزرینەری قوتابخانە لە یەمەن دادەنرێت، ساڵی (**٥٩٤ک/١١٩٧ز**) قوتابخانەی (المعزیه)ی

---

١ - الوصابی، تاريخ وصاب، ج٢، ص٢٢٧.

٢ - صالح الحامد العلوی، تاريخ حضرموت،ج٢، ص٦٨٣.

٣ - محمد رضا حسن الدجيلی، اجاه الفكريه فی اليمن، ص٦٦.

٤ - عصام الدين عبدالرؤوف الفقی، اليمن فی ظل الاسلام، ص٣٦٠.

دروستکرد، که دواتر به به (**مدرسه میلین**)ناسرا، دوای ئەوە سەرکردە و ئەمیر و زانایان زیاتر لە ١٣ قوتابخانەیان لە تەواوی یەمەن کردەوە[١].

زۆربەی قوتابخانەکان بۆ خوێندنی مەزهەبی شافعی تەرخانکرابوون، ئەو قوتابخانانە لە باشور بڵاوبووەوە، لەباشور قوتابخانە نەبوو، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی هێزی ئیمامەی زەیدی لەوێ، لەو قوتابخانانە فیقهی شافعی و خوێندنی قورئان و فێرکردنی قوتابیان ئەنجا دەدرا[٢].

**لە دیاریترین ئەو قوتایخانەی کەلەلایەن کوردەوە دامەزراون:**

١- **قوتابخانەی المعزیه** (**المیلین**):

یەکەم قوتابخانەی یەمەن، ساڵی (**٥٩٤ک/١١٩٧ز**) لەلایەن مەلیک المعزەوە لە زەبید دروستکراوە، دوای ئەوەی پارەیەکی زۆری لێدرا[٣]، بە (**المدرسه المعزیه**) ناسرا[٤]. دوای ئەوەی سەنقەڕ ئەتابەگ ساڵی (**٥٩٩ک/١٢٠٠ز**) دەستی بەسەر زەبید داگرت، دوای ئەوەی مەلیک موعز بەدەستی کورد کوژرا، فەرمانی کرد قوتابخانەکە دابخرێت و فەقیهە شافعییەکانی دەرکرد، قوتابخانەیەکی گەورەی لە زەبید دروستکرد، کە بە قوتابخانەی (**ابن دحمان**) ناسرا[٥].

---

١ – مصطفی عبدالله محمد شیحة، دراسة مقارنة بین المدرسة المصریة و الیمنیة، اعداد عبدالعظیم رمضان، فی تاریخ المدارس فی مصر الاسلامیة، (مصر:١٩٩٢)، ص٤٣٥

٢ – مصطفی عبدالله شیحه، دراسه، ص٤٣٥.

٣ – مصطفی عبدالله شیحه، دراسه، ص٤٣٥.

٣ – ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٤٠٣؛ عبدالله ثور، هذه الیمن، ص٣٠٠.

٤ – اسماعیل بن علی الاکوع، المدارس الاسلامیة فی الیمن، ص٢١.

٥ – تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٨١.

مەلیک مەسعودی کوڕی مەلیک کامل قوتابخانەی (المیلین)ی نۆژەنکردەوە[1]، ئەو قوتابخانەیە بۆ خوێندنی فیقهی شافعی تەرخانکرابوو[2]، ژمارەیەک فەقیهـ و زانا وانەیان تێدا گوتۆتەوە، لەوانە (**ابو الحسن کوڕی محمد الحکمی**) کە فەقیهیکی بەناوبانگ بووە، دوای ئەویش کوڕەکەی (**محمدی کوڕی علی**) و براکانی (**ابو کوڕی علی**) و (**عمر کوڕی ابی بکر علی**) وانەبێژییان تێداکردوە، بە حەکیمانی (المیلین) ناسرابوون، وانەبێژییان بە میرات لەم قوتابخانەیە دەکرد[3].

## ٢- قوتابخانەی (السیفیە) لە تەعز:

ئەو قوتابخانەیە مالی سەنقەری ئەتابەگ بوو لە تەعز، مەلیک موعز ساڵی (**٥٩٤ک/١١٩٧ز**) لەوێ کری و کردیە قوتابخانە و تەرمی باوکی بۆ ئەوی گواستەوە، ناوی (السیفیە)، ئەمەش لەسەر ناوی باوکی کە ناوی (**سیف الاسلام طغتکین**) بوو[4].

ژمارەیەک فەیقهـ وانەبێژییان تێدا کردووە لەوتانە (**الفقیە علی کوڕی عیمان الاشنهی**) و (**الفقیە محمدی کوڕی ابی کوڕی الحسین کوڕی عمر کوڕی نجم گولون**[5]) و (**محمدی کوڕی داود ابو الوحصی**)[6].

---

١ – ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ل٤٢٢؛ بغیە المستفید، ص٧٩؛یحیە بن الحسین، غایە الامانی، ق١، ص٤٢٢.

٢ – محمد رضا حسن الدجیلی، الحیاة الفکریة فی الیمن، ص٥٦.

٣ – اسماعیل بن علی الاکوع، هەمان سەرچاوە، ل١٩.

٤ – ابن الدیبع، قرە العیون، ج١، ص٤٠٠.

٥ – اسماعیل بن علی الاکوع، المدارس الاسلامیة فی الیمن، ص٢١.

٦ – هەمان شوێن،

**٣- قوتابخانەکانی (بن فیروز):**

خانەوادەی بەنی فەیرۆزی کوردی کرنگییەکی زۆریان بە زانست و خوێندن لەیەمەن داوە، ژمارەیەک ئەمیریان تێدا هەلکەوتووە، کە هانی زانایان و فەقیهانیان داوە و ژماریەک قوتاابخانەیان دروستکردووە، لەوانە:

أ- قوتابخانەی (**حسن کوڕی فیروز**) لە ئەب:

لەلایەن ئەمیری کورد (**حسن کوڕی ابی بکر فیروز**) دامەزراوە، لە باشترین قوتابخانەکانی شارەکە بوو، ئەو قوتابخانەیە دواتر بە قوتابخانەی (**الحسنية**) ناسرا، ژمارەیەک فەقیهـ و زانا وانەیان تێدا گوتۆتەوە[1]، وەک (**الفقيه ابو حفص عمری کوڕی عبدالله ی کوڕی سلیمانی الکندی**) تا مردنی لە ساڵی (**٧٢٣ک/١٣٢٣ز**) ئیمامەتی قوتابخانەکەی کرد، هەروەها (**الفقيه احمدی کوڕی سلیمان احمدی کوڕی صبرەی الحمیری**) کە لە زۆرێک لە قوتابخانەکانی بەنی فەیرۆز وانەبێژیکردووە[2].

ب- قوتابخانەی (**محمدی کوڕی فیروز**):

لەلایەن ئەمیری کورد (**محمدی کوڕی حسن کوڕی فیروز**) لە شاری (اب) دروستکراوە، کە بە (**الاسد**) ناوبانگی دەرکردبوو، ئەو ئەمیرە کوردە زانست و زانایانی خۆشویستووە، لە ساڵی (**٧٢٩ک/١٣٢٨ز**) کۆچی دواییکردووە[3].

ج- **قوتابخانەی (الشمسية)**:

کە ناوەکەی بۆ ئەمیری کوردی (**شمس الدين ابوبکری کوڕی فیروز**) دەگەڕێتەوە، کە لە شاری (اب) دورستیکرد، کەوتبووە نزیک (**الجامع الكبير**) دەرگای دەرەوەی بەرەوی ڕۆژهەڵات دەکرایەوە، دوو ژوور لەتەنیشت دەرگای قوتابخانەکە هەبوون، یەکێکیان لە ڕاست، کە تێیدا منداڵانی فێری قورئان دەکران، ئەوەی دیکەیان لە باکور، کە بۆ خۆیندنی زانست بوو[4].

---

١ – هەمان سەرچاوە، ص١٤٣.

٢ – الخزرجی، العقود اللؤلۆیە، ج٢، ص٥٣.

٣ – هەمان سەرچاوە، ص،١٦٥.

٤ – اسماعیل بن علی الاکوع، المدارس الاسلامیة فی الیمن، ص١١٠.

ژمارەیەک لە فەقیهەکان لە قوتابخانەی شەمسییە وانەبێژییان کردووە، لەوانە (**عثمانی کوڕی فیروز**) کە وەزیفەی ئەمانە وانەبێژی بووە لە قوتابخانەکە، هەروەها (**حسام الدینی کوڕی عثمانی کوڕی فیروز الکوردی**)یش وانەبێژ و ئیمامی مزگەوتەکەکەی کردووە[1].

د- قوتابخانەی (**الهکاریە**):

لەلایەن ئەمیری کورد (**ابن الهکاری**)یەوە لە زەبید لە تەک ماڵەکەی دروستکراوە، ماڵەکەی وێرانکرا، بەڵام قوتابخانەکەی مایەوە[2]، هەریەکە لە (**ابراهیمی کوڕی عبدالله ی کوڕی ابراهیمی کوڕی الخیر**) و (**ابو حفص عمری کوڕی محمدی کوڕی السراج**) و (**ابو الخطاب عمری کوڕی علی اللحجی**) لە قوتابخانەی هەکاری وانەبێژییان کردوەوە[3]. ئەو قوتابخانەیە تا کۆتاییەکانی دەوڵەتی ڕەسوڵی مابوو[4].

**٧- دروستکردنی حەمام:**

مەلیکەکانی بنەماڵەی ئەیوبییەکان گرنگیان لە کەرتی خزمەتگوزاری و حەوانەوە و حەمام داوە، ئەمەش لە ڕێگەی بونیادنانی کۆشک و خانوو، مەلیک سیف الاسلام کاتێ شاری مەنصورەی لەساڵی (**٥٩٢ک/١١٩٥ز**) دورستکرد، حەمامێکی زۆری تێیدا دروستکرد[5]. هەروەها حەمامێکی لە کۆشێکی لە صەنعا دورستکرد[6].

---

١ - هەمان سەرچاوە، ص١١١.

٢ - هەمان سەرچاوە، ص١٦٢.

٣ - هەمان سەرچاوە، ص١٦٣.

٤ - الخزرجی، العقود اللؤلؤیه، ج٢، ص١٨٠.

٥ - ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٧٥؛ یحیی بن الحسین،غایه الامانی،ق١، ص٣٣٧.

٦ - یحیی بن الحسین، هەمان سەرچاوە

## دووەم: گرنگیدانە زانستی و ڕۆشنبیرییەکانیان:

پادشا ئەیوبییەکان لە پاڵ گرنگیدانیان بە سیاسەت و سەربازی گرنگیان بە لایەنی زانستی و ئەدەبی داوە، ئەوە لێیانەوە زانراوە کە زۆر زانا و زانستیان خۆشویستووە، لەیەمەن هەمان ڕێچکەی فیکری میسر و شامیان بۆ هاندانی زانستیە ئایینیەکان گرتەبەر[١].

لەناو مەلیکە ئەیوبییەکانیش مەلیک سیف الاسلام دەرکەوت، کە وا وەسفکراوە:" پادشایەکی ئازا و ئەدیب بووە، فەقیهێک بووە، شتی نووسراو بیستراوی هەبووە"[٢]، " زانا بووە، زانایانی خۆشویستووە و ڕێزی لێناون و زیاد لە پێویست لەگەڵیان چاک بووە"[٣].

زۆر گرنگی بە جوڵانەوەی زانستی و ڕۆشنبیری داوە، دەستی زانا و فەقیهەکانی گرتووە، پارەی زۆری پێداون بۆ ئەوەی پێداویستیەکانیان دابین بکەن، زۆر حەزی لە خەڵکی زانا و دیندارکردووە، خۆشی ئەدیب بووە و گرنگی بە ئەدەب و کتێب داوە، هەروەها گرنگی بە لایەنی ڕۆشنبیری داوە، چونکە ڕۆشنبیری و زانست لەگەڵ بوونی ئازایەتی جەنگی لای ئەو لەو پێوەرە سەرەکیەکانی هەڵسەنگاندنی کەسایەتی بووە، بەتایبەت بۆ خانەوادەی فەرمانڕەوا[٤].

لە سەدەی شەشی کۆچی یەمەن بوژاندنەوەی شیعری بەخۆیەوە بینی، مەلیک و سوڵتانەکان ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر ئەو بوژاندنەوەیە هەبووە، هانی شاعیرانیان داوە پارەی زۆریانیان پێداوە[٥]، دەبینین کاتێ

---

١ – محمد رضا حسن الدجیلی، الحیاه الفکریه فی الیمن، ص٤٩.

٢ – ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن، ج٢، ص ص١٠١-١٠٣.

٣ – حسن سلیمان محمود، تاریخ الیمن السیاسی، ص٢٥٢.

٤ – کرفان محمد احمد، الملک الاشرف الایوبی، ص٣٤.

٥ – محمد رضا حسن الدجیلی، هەمان سەرچاوە، ص١٨٠.

(**ابو عنين**)ی[1] شاعیری لە شامەوە بە یەمەن دەگات، مەلیک سیف الاسلام ڕێزی لێناوە، ئەو شاعیرە زۆر شیعری لە ستایشی خانەوادەی ئەیوبی هەیە[2]. لە سەردەمەدا کە بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە بوژاندنەوە بووە، بەشداریکردووە لە هێنانی زانایان و شاعیران بۆ یەمەن[3].

مەلیک موعزی کوڕی سیف الاسلام بە دانانی هۆنراوە و ڕێزگرتنی شاعیر و ئەدیبان بەناوبانگ بووە، ژمارەیەک شاعیر لە دەوری خۆی کۆکردەوە و چاودێری دەکردن و گرنگی پێ دەدان، لەبەناوبانگتریان ئەو شاعیرانەی کە هاوسەردەمی مەلیک موعزبوونە و لە شعرەکانیان ستایشیان کردووە، ئەوانیش هەردوو شاعیر (**احمدی کوڕی الاشرفی و الشاعر ابن الدلال**) بوون[4]، ئەشرەفی شاعیر قەسیدەیەکی لە ستایشی مەلیک موعز هەبوو[5]،"مەلیک موعز خۆی شاعیر و ئەدیب بووە و دیوانە شیعری هەبووە"[6].

کاتێ مەلیک **مەسعود لکامل** ساڵی (**٦١٢ک/١٢١٥ز**) هاتە ناو یەمەنەوە، هەندێ شاعیر و زانای لەگەڵ خۆی هێنابوو، لە پێشەوەیان (**ابو الغنائم الشیرازی**)ی شاعیری خاوەنی کتێبی (**جمهره الاسلام**)بوو، شیعری لەبارەی ستایشکردنی مەلیک مەسعود هەبوو[7]، لە زانیانیش (**اسعد الدینی**

---

١ – ابو عنیـــن: شاعیر ( ابو محاسن محمد نصرالدین بن نصر بن عنین الانصاری) نازناوی (الشـرف الدین الکوفی) بوو، بە ئەصڵ خەڵکی دیمەشق بوو. ابن الدیبع، قره العیون،ج١،هامش رقم (١)، ص٣٩٦.

٢ – ارسن موشی رشید، شارستانی و بیناسازی،ل٨.

٣ – محمد رضا حسن الدجیلی،الحیاه الفکریه فی الیمن، ص١٨٠.

٤ – هەمان سەرچاوە

٥ – یاقوت الحموی، معجم البلدان، ج١، ص١٩٧.

٦ – ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٧٦.

٧–شوقی ضیق، تاریخ الادب العربی، عصر الدول و الامارات، (القاهرة:١٩٨٠) ،ج٥، ص١١٢.

**کوڕی ابی الحسن**[1]) بوو، که زانایەک بوو، دەستی پزیشکی هەبوو، (**العلوم الحکمیه**[2])یشی بەدەست هێنابوو، خزمەتی مەلیک مەسعودی کردبوو، لە یەمەن لەگەڵ ی مابووەوە، مانگانە سەد دیناری بۆ برابووەوە[3]، ئەوانە لەلایەن مەلیک مەسعودەوە گرنگیانیان پێدەدراو چاودێریش دەکران.

دەبینین پادشا ئەیوبییەکان لەمیانەی مانەوەیان لەیەمەن گرنگی زۆریان بە ژیانی زانستی و ڕۆشنبیری داوە، ژمارەیەک پزیشک و زانان و شاعیریان لەگەڵ خۆیان بۆ یەمەن هێناوە، ئەوانەش بزوتنەوەی زانستی و ڕۆشنبری یەمەنیان چالاککردووە.

## سێیەم: چاکسازی ئیداری و ئابووری و دارایی:

### -لایەنی ئیداری:

دوای ئەوەی ئەیوبیەکان ساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز)** بەسەر یەمەن زاڵبوون، یەمەن سەربەخۆیی لەدەستدا و بووە ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی ئەیوبی و بووە پاشکۆی میسر، ئەیوبییەکان هەوڵیان دا یەمەن لە پەشێوی سیاسی وڵاتۆچکەکان بەتایبەتی لەسەردەمی بەنی مەهدی ڕزگار بکەن[4].

پادشا ئەیوبییەکان لەماوەی حوکمڕانیان بۆ یەمەن ویستویانە چاکسازی لە یەمەن بکەن و سەیری بەڕێوەچوونی کاروباری خەڵکەکەی بکەن،

١ – اسعدالدین بن ابی الحسن: (٥٧٠-٦٣٥هـ) لە زانای چاکەکان بووهەم زانای شەرع بوو هەمیش کاری دکتۆری دەکرد، خاوەنی کتێبی (نوادر الالباء فی امتحان الاطباء)، سەیری: ابن ابی اصیبعه، عیون الانباء فی طبقات الاطباء، تحقیق، نزار رضا،(بیروت:د.ت)، ص٦٠٠.

٢ – **العلوم الحکمیة** : دابەش دەبێتە سەر دوو لق (**علوم** حسية) و (علوم عقلیية).

٣–هەمان سەرچاوەزهیر حمیدان، اعلام الحضاره العربیه الاسلامیة، (دمشق:١٩٩٦)، ج٤، ص٣٧.

٤ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٣٥.

دەبینین مەلیک تۆرانشا بەر لەوەی یەمەن لە ساڵی (**٥٧١ك/١١٧٥ز**) جێبهێڵێت، کاروباری وڵاتی ڕێکخستووە و جێگرانی لە هەرێمەکان دامەزراندووە[١]، هەروەها سیف الاسلام توانایەکی دیاری ئیداری هەبووە، وا وەسفکراوە:" ئەو بوو بناغەی یەمەنی دامەزراند و باجی سەپاند و یاسای جێگیرکرد"[٢].

کاتێ ڕەوشەکە لە شار و قەڵاکانی یەمەن جێگیربوو، دەبینین سیف الاسلام لە ڕێگەی دامەزراندنی والییەکان کاروباری وڵاتی ڕێکخستووە[٣]، (**الهمام ابو ڕیا**)ی کردە والی صەنعا و پاڵپشتی لە والییەکانی (**رداع و جهران و الهان**) کرد و هەموو پێویستیەکی لە چەک و سەرباز و پارە بۆ دابینکردن[٤]. ئەمیر (**مظفر الدین قایماز**) بەوالی لەسەر ذمار دامەزراند[٥]، مەلیک موعزی کوڕی کردە والی کوکبان و وڵاتی (**الظاهر**) لە شوێنی باوکی، خەڵکی ئەو ناوچانە بەهۆی زەیدی بوونیان لایەنگیری ئیمامیان دەکرد، ئەمەش وای لە مەلیک موعز کرد بە توندی مامەلە لەگەڵ دانیشتوانەکەی بکات ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە دژی ئەیوبییەکان ڕابپەرن و ناوچەکە بەرەو نائارامی و پەشێوی بەرن، کاتێ مەلیک سیف الاسلام بەمەی زانی تورە بوو هەڵمەتیکی سەربازی بۆ تەمبێکردنیان و گەڕانەوەی ئاسایچش ڕەوانەی هەرێمەکە کرد، هەروەها مەلیک موعزیشی لە کار لادا و بەهۆی ئەو ڕەفتارە سیاسی و خراپە هەڵسوکەوتەی لەگەڵ خەڵکەکە، ئەمەش بووە مایەی دورستبوونی کەلین لەنێوان مەلیک سیف الاسلام و مەلیک موعز، ئەمەش وای لە مەلیک سیف الاسلام کرد، مەلیک موعز ساڵی (**٥٨٩ك/١١٧٩ز**) لەیەمەن دوور بخاتەوە، ئەویش بۆلای

---

١ – عن تعین الملک تورانشاه نوابه فی الاقالیم . ینظر: الفصل الاول للرساله، ص .

٢ – ابن الدیبع، قره العیون، ج١، ص٣٩٥؛ بغیه المستفید، ص٧٥.

٣ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، هەمان سەرچاوە، ص٢١٣.

٤ – سالم احمد محل، الدول و الدویلات، ص١١٥.

٥ – ابن الدیبع، هەمان سەرچاوە، ص٣٩١.

خەلیفەی عەباسی چوو، خەلیفە ڕێزی لێناو بەنامەیەکەوە بۆ یەمەنی گەڕاندەوە، کە داوای لەباوکی کردبوو، لێیخۆش ببێت[١].

لەمەوە تێدەگەین کە مەلیک سیف الاسلام ڕازی نەبووە، ستەم لەماوەی حوکمڕانییەکەی بکرێت، ڕازی نەبووە ستەم و بێ مافی بەسەر مافی خەڵکەوە هەبێت، ئەو ئەمیرانەی سزاداوە کە خراپ هەڵسوکەوتیان کردووە، پەیرەوی سیاسەتی توندوتیژییان کردووە، دەبینین کوڕەکەی خۆی لەکارلاداوە و دەریکردووە، بەمشێوەیە وەسفکراوە:" خەڵکی لەسەردەمی ئەو لە باشترین ڕەوش و خۆشی دەژیان"[٢]. ڕەوشی سیاسی ئارام بوو، ئاسایش بەرقەرابوو تا ساڵی **(٥٩٣ک/١١٩٦ز)** کۆچی دوایکرد.

مەلیک موعزی کوڕی مەلیک سیف الاسلام کاروباری وڵاتی گرتەدەست، بەڵام وەک باوکی ئیداری و سیاسی نەبوو، جێگری باوکی کوشت بەسەر صەنعاوە کە ئەمیر (**الهمام ابوریا**)بوو، لە شوێنی (**شهاب الدين الجزری**) دانا، ئەمەش وایکرد سەرکردە و ئەمیران لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا هۆشدار کوڕی و متمانەی پێ نەکەن[٣].

مەلیک موعز سیاسەتێکی توندوهیژی دژ بە والی و ئەمیرەکان گرتەبەر، ئەمەش وایکرد زۆرێک لەو ئەمیرانە لێی جیاببنەوە و بچنە پاڵ بەرهەڵستکارانی، کە خۆی لە ئیمامەی زەیدی دەبینێتەوە[٤]. دوای کوشتنیشی ڕەوشی ئیداری هەرێمەکانی یەمەن پەشۆکا و هێزە سیاسییەکان دابەش بوون، ئەمیرانی ئەتابەگی لەمیانەی حومکرانی مەلیک ناصریی کوڕی سیف الاسلامەوە **(٥٩٨-٦١١ک/١٢٠٢-١٢١٤ز)** دەستیان خستە ناو کاروباری وڵات، هەروەها مەلیک (**سليمان کوڕی شاهنشاه**) کە ساڵی **(٦١١-٦١٢ک/١٢١٤-١٢١٥ز)** دەسەڵاتی وەرگرت، بەهۆی لاوازییەکەی و کەم

---

١ - سالم احمد محل، الدول و الدويلات، ص١١٦.

٢ - الوصابی، تاريخ وصاب،ج٢، ص١١٠.

٣ - هەمان سەرچاوەس، ص١١٧.

٤ - هەمان سەرچاوە و شوێن.

شارەزایی و لێهاتوویی سەرکەوتوو نەبوو لە باشترکردنی ڕەوشەکە[1]، ڕەوشەکە بەمشێوەیە بەردەوام بوو تا ئەوەی ساڵی (**٦١٢ک/١٢١٥ز**) مەلیک کاملی کوڕی مەلیک مەسعود هاتە دەسەڵات، توانی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان بۆ سەرجەم هەرێمەکانی یەمەنی بگەڕێنێتەوە و کاروباری وڵاتی ڕێکخستەوە، لە بەڕێوەبردنی وڵات زۆر پشتی بە ئەمیرانی بەنی ڕەسوڵ بەست، هەر بەمشێوەیەش مایەوە تا ئەوەی ساڵی (**٦٢٦ک/١٢٢٨ز**) یەمەنی جێهێشت و نورەدینی کوڕی ڕەسوڵی وەک جێگری خۆی دیاریکرد[2]. لەسەردەمی دەوڵەتی ڕەسوڵی (**٦٢٦-٨٥٨ک/١٢٢٨-١٤٥٤ز**) دەبینین هەندێ ئەمیری خانەوادە کوردییەکان ڕۆڵیکی گەورەیان لە کاروباری ئیداری هەندێ هەرێم و ناوچەی یەمەنی گێڕاوە[3].

**-لایەنی ئابووری:**

مەلیکە ئەیوبییەکان ڕێوشوێنی و چاکسازی فراوانیان لە یەمەن ئەنجامداوە، کە سەرجەم بوارە ئابووری و کشتوکاڵی و بازرگانیەوکانی گرتۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی بوژاندنەوە و گەشەی چالاکی ئابووری لەیەمەن.

١- کشتوکاڵ:

مەلیکە ئەیوبییەکان زۆر گرنگیان بە چالاکی کشتوکاڵی لەیەمەن داوە، بەهۆی ئەوەی یەمەن وڵاتێکی کشتوکاڵییە و بە زۆری خێر و بێر و

---

١ - تاج الدین الیمانی، بهجه الزمن، ص٨١؛ ابو الفدا، المختصر فی اخبار البشر،ج٣، ص١٠٢؛ ابن الوردی، تاریخ ابن الوردی،ج٢، ص١٧٩.

٢ - یحیی بن الحسین، غایه الامانی، ق١، ص٤٠٥؛ ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٧٨.

٣ - لەبارەی ئیدارەکانی هەرێمەکە لەلایەن ئەمیرانی کورد سەیری: بەشی دووەمی تێزی نامەی ماستەر (الشخصیات الکوردیة) بکە.

بەروبووم ناسراوە، ئەمەش بەهۆی لەبارەی ئاوهەواکەی و بەپیتی خاکەکەی.

یەمەن هەر لە کۆنەوە بە یەمەنی سەوز ( **اليمن الخضراء**) و یەمەنی خۆشگوزەران (**اليمن السعيد**) ناسراوە، بەهۆی ئەوەی کشتوکاڵ تێیدا پەرەسەندووە و خاکەکەی بە پیتە و بەربوومی هەمەجۆری هەیە[1]. هەندێ بەروبووم ساڵانە زیاتر لە جارێک دەچاندرا[2]. مۆز و هەنار و خورما لەدیاریتریان ئەو بەرووبوومانەیە، ئەو میوانەش لە ناوچەی (**القحمه**[3]) هەبوون و هەرێمی (**تهامة**) خورما بەزۆری هەیە، کە جۆرەها خورما بەرهەم دەدات، هەروەها گوندەکانی صەنعا بە سێو و قەیسی و خۆرخ و ترێ و هەنجیر بەناوبانگ بوون، شاری مەنصورە هەمەجۆر درەختی وەک مۆز و قامیشی شەکر و هەنار و ترێ و لیمۆ و دارخورمای هەبوو، بنەماڵەی ئەیوبی تۆوی ئەو ڕووەکانەیان لە میسر و حیجاز و عێراق هێناوە، چونکە ئەوان بینیوویانە کە زەوی یەمەن چەندە بۆ گەشەی کشتوکاڵی باشە، ویستوویانە خاکە بە پیتەکەی بۆ هەمەجۆر کشتوکاڵ بەکاربهێنن، هەروەها یەمەن بە بەرهەمی گەنم و جۆ بەناوبانگ بووە، بەتایبەت لە هەرێمی خوڵان[4].

مەلیک سیف الاسلام هانی جوتیارانی بۆ کشتوکاڵ کردن داوە، لە میسرەوە جۆرەها دار و درخت و ڕووەکی بۆ مەبەستی چاندن هێناوە، باخچەی دروستکردووە و جۆرەها درخت و گوڵی تێدا چاندووە[5].

یەمەنییەکان لە ئاودان پشتیان بە بیری ئاوی زۆر قوڵ دەبەست، بۆ دەرهێنانی ئاویش دۆلکەی گەورەیان بە چەند پەتێکەوە دەبەست بەهۆی

---

١ – عصام الدين عبدالرؤوف الفقى، اليمن فى ظل الاسلام، ص٢٤٤.

٢ – القرمانى،اخبار الدول، ص٣٩٤.

٣ – ابن مجاور، صفه بلاد اليمن،ق١، ص٦٢.

٤ – عصام الدين عبدالرؤوف الفقى، اليمن فى ظل الاسلام، ص ص ٢٤٤-٢٤٦.

٥ – يحى بن الحسين، غايه الامانى، ق١،٣٣٧.

کۆیلەکان ڕایان دەکێشا، ئاوەکەیان لە تانکییەک دەکرد، کە لەوێوە بۆ ئاودان بەکاردەهات، هەندێجاریش ئاژەڵی وەک کەر و گا ئەو پەتەیان ڕاکێشاوە[1]، بۆیە دەبینین کە کشتوکاڵکردن ڕووبەرووی گرفتی کەم ئاوی دەبووەوە، مەلیک سیف الاسلام ئامێرە و هۆکارەکانی ئاودانی لەیەمەن نوێکردەوە و چاکسازی تێداکرد، بۆ ئەم مەبەستەش بیری لێدا[2].

ئیبن موجاور باسی لەوە کردەووە کە لەسەردەمی دەوڵەتی ئەیوبییەکان ژمارەیەک بیری ئاو لێدران، لەوانە بیری (**احمد العشیری**) کە ساڵی (**٦١٤هـ**) و بیری (**العسقلانی**) ساڵی (**٦١٥هـ**) و بیری (**اللخبة**) ساڵی (**٦١٦هـ**) و بیری (**السلامی**) ساڵی (**٦١٧هـ**) بۆ مەبەستی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دانیستوان و ئاودێری زەزوی کشتوکاڵی لێدران[3].

مەلیک سیف الاسلام کاروباری جوتیارانی ڕێکخست و باجی سەپێنراو بەسەر بەروبوومی دیاریکرد، کاتێ بینی باجەکانی بەروبووم یەکسان نیە گوتی:" جوتیار دەکێڵێ و ئاودان دەکات و تۆ دەدات و دەدورێتەوە و ماندوو دەبێت پێویست بەزەییمان پێی بێتەوە، خاوەن دارخورماکان بەربوومیان لە ساڵێک بۆ ساڵێک هەڵدەگرن، ...."[4]. بەمەش باجی خاوەن دارخورماکانی زیاد کرد، کە پیی دەگوترا (**الصوافی**) واتا بۆ (**بیت المال**) بوو، گوتراوە ساڵی (**٦٢٤ک/١٢٢٦ز**) باجەکانی خورما زیاتر بووە لە دە هەزار دینار[5].

مەلیک سیف الاسلام هەوڵیکی زۆری داوە بۆ ئەوەی هەموو زەوییەکانی یەمەن لە خاوەنەکانیان بکرێت و قەرەبوویان بکاتەوە، چونکە دەیویست لەم ڕێگایەوە دەوڵەت بەسەر زەوییەکان زاڵ بکات و بیکاتە پاشکۆی دیوانی

---

١ - عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٤٨.

٢ - یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٣٣٧.

٣ - ابن مجاور، صفه بلاد الیمن،ق١، ص١٣٤.

٤ - هەمان سەرچاوە، ص٨٠.

٥ - هەمان سەرچاوە.

دەوڵەت و هەرکەسی بیویستابایە کشتوکاڵی بکردابووایە دەبوو لە دیوانی دەوڵەت زەوی بە کرێ بگرێت، ئەم شێوازە لە میسر پەیرەو دەکرا، نوێنەرانی بۆ نرخاندنی زەوییەکان لە هەموو هەرێمەکان نارد[1].

ئەمە یەکەمجار بوو، ڕێوشوێنی وا لەیەمەن بگیرێتەبەر، لەلای جوتیاران کارێکی سەیر بوو، دانیشتوانی یەمەن پێی ڕازی نەبوون، بەڵکو لای فەقیهەکان سکالایان کرد، بەڵام ئەو ڕێوشوێنانە بەهۆی مردنی مەلیک سیف الاسلامەوە جێبەجێ نەکران[2].

مەلیک موعظی کوڕی سیف الاسلام گرنگی بە دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتوانی یەمەنی دا، ئاوی بیری (**زعفران**)ی بۆ تەواوی وڵاتەکانی یەمەنی برد[3]، ئاوەکەی بۆ (**الجند و تعز و صنعاء و زبید**) برد[4].

هەروەها مەلیک مەسعودی کوڕی مەلیک کامل کاروباری جوتیارانی ڕێکخست و بۆ چاندنی گەنم و جۆ هانی دان، کاتێ بینینی خەڵکەکە دانەوێڵە (گەنم و جۆ) ناچێنن، بەرەو چاندنی درختی (**الفوه**[5]) چوونە، بۆیە ساڵی (**٦٢٥ک/١٢٢٧ز**) بڕیاری قەدەغەکردنی چاندنی ئەو درختەی دا[6]. مەلیک مەسعود بەم بڕیارەی ویستی جوتیاران بۆ چاندنی گەنم و جۆ ناچار بکات، چونکە بابەتێکی پێویستی دانیشتوانە و لە بۆیاغ گرنگترە.

---

١ – ابن الدیبع، بغیه المستفید، ص٧٥؛ ابو مخرمه، تاریخ ثغر عدن،ج٢، ص١٠٤.

٢ – الوصابی، تاریخ الوصاب، ج٢، ص١١١.

٣ – دەبێت هەڵەیەک لەمەدا هەبێت، ئەگینا، ئاوی بیرێک چۆن دەکرێت بۆ تەواوی وڵاتی یەمەن ئاو دابین بکات. (و.ک)

٤ – ابن مجاور، صفه بلاد الیمن،ق١، ص١٣١.

٥ – ئەو درختە جۆرە بۆیاغێک بەرهەمدێنێ.

٦ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٤٥.

**٢- بازرگانی:**

چالاکی بازرگانی له یەمەن لەماوەی دەوڵەتی ئەیوبی بوژاندنەوەی بەخۆیەوە بینی، بەندەری عەدەن بوژایەوە، ئەو بەندەرە پێگەیەکی زۆر باشی هەبوو، چونکە بەسەر دەروازەی باشوری دەریای سور زاڵبوو، هەروەها بەهۆی ئەوەی بازانەی پەیوەندنی نێوان یەمەن و کەنارەکانی ئەفریقیای ڕۆژهەڵات، بە بازارێکی گەورەی جەزیرەی عەرەبی دادەنرا، بە چاوی یەمەن ناسرابوو، چونکە گرنگترین دەروازی دەریایی دەریای سور و زەریای هیندی بوو، ئەمە سەرباری ئەوەی کۆنترۆڵی دەریای سوریشی دەکرد[١].

هەروەها عەدەن سەنتەرێکی بازرگانی گەورەی نێوان ئەفریقیا و وڵاتی عەرەب لەلایەک و هیندستان و چین و میسر لەلایەکی دیکەوە بوو، بۆیە جولەی بازرگانی تێیدا گەشایەوە، له بازارەکانی بەرهەمەکانی وڵاتانی دیکە دەخرانە ڕوو[٢].

بەدرێژایی ساڵ کاری تێدا دەکرا، جولەی کەشتیە بارزگانییەکان و کرێکارانی بار و داگرتن و کۆکردنەوەی باجەکان چالاک بوو، بەسەرچاوەیەکی دارای گەورەی دەوڵەتی ئەیوبی دادەنرا[٣].

ئیبن موجاور بەشێوەیە وەسفی جوله بازرگانی و چۆنییەتی کارکردنی له بەندەری عەدەن کردوە:" دەرچوونی مرۆڤ له دەریا وەک دەرچوونی له گۆڕ وایە، گفتوگۆ و لێ پرسینەوە و کێشان و ژماردنی تێدایە، جێگرانی والی عەدەن، دەبێت بزانن کەشتی لەکوێوە دێت و ناوی دەریاوانەکانی دەنووسن، له تۆمارەکەدا ناوی خاوەن کەشتی و کاڵاکانی دەنووسرێت،

---

١ - محمد کریم ابراهیم، الفعالیات الاقتصادیة للمیناء عدن، مجله المؤرخ العربی، (بغداد:١٩٨٨)،عدد٣٥، ص١٨١.

٢ - عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٥٥.

٣ - ابن مجاور، صفه بلاد الیمن،ق١، ص١٤٤.

جێگرەکە هەموو هەواڵێک بۆ والی بەرزدەکاتەوە، دواتر پیاوان پشکنەر زۆر بەوردی پیاوانی سەر کەشتیەکە دەپشکنن"[١].

مەلیکەکانی بنەمکالەی ئەیوبی ڕۆڵێکی گرنگیان لە باشترکردن و چالاک کلآدنی جولەی بازرگانی لەیەمەن هەبوو، سەرباری شارەزایی خەڵکی یەمەن لەبازرگانیکردن، کە بە سەرکەوتوترین بارزگانانی وڵاتان ئیسلامی هەژماردەکران، ڕەوندیان لە هەموو ئەو وڵاتانە هەبوو کە بارزگانیان لەگەڵ دەکردن[٢]، بۆ ئالۆگۆری بارزگانی، کاریان بۆ زیاترکردنی بازارە بارزگانییەکان کرد، بەتایبەت لە عەدەن بەهۆی ئەوەی لە شارە گەورەکانی یەمەن بوو[٣].

مەلیک موعز ژمارەیەک دوکانی بۆ عەتارەکان لە عەدەن دروستکرد، ئەو دوکانانە قوفلی هەبوون، شەوانە دادەخران، بۆ ئەوەی نەدزرێن[٤]. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەیوبیەکان زۆر گرنگیان بە دامەزراوە ئابوورییەکان داوە[٥].

عوسمان زەنجیلی جێگری مەلیک تۆرانشا لە عەدەن ژمارەیەک بازاری دروستکرد، کە بە قەیسەری ناسرا، کە بابەتی پزیشکی و ڕووەکی و بەهاراتی دەفرۆشت، کە خۆراک و پیشەسازی بۆن و بەکارهێنانی پزیشکی بەکاردەهاتن[٦]، هەروەها (**خان البز**)ی لە عەدەن دروست کرد کە

---

١ - ابن مجاور، صفة بلاد اليمن، ق١، ص١٣٨.

٢ - عصام الدين عبدالرؤوف الفقى، اليمن فى ظل الاسلام، ص٢٦١؛ خالد يوسف صالح، الدوله النجاحيه فى اليمن، ص١٦٣.

٣ - هەمان سەرچاوە، ص٢٥٤.

٤ - ابن مجاور، هەمان سەرچاوە، ل١٣٠، ابو مخرمه، تاريخ ثغر عدن،ج٢، ص٢٢٣.

٥ - محمد كريم ابراهيم، الفعاليات الاقتصاديه لميناء عدن، ص١٩٩.

٦ - هەمان سەرچاوە، ص١٩٨؛ هەروەها سەيرى: ابن مجاور، صفه البلاد اليمن، ق١، ص١٣٠.

تایبەت بوو بە فرۆشتنی قوماش[1]. هەروەها (**حوت عدن**)ی دورستکرد کە بازارێکی دیکە بوو، پێداویستی ڕۆژانەی خەڵکی لە خۆگرتبوو لە سەوزە و میوە و گۆشت و سەرباری بارگیر[2].

لە کۆتایی دەوڵەوتی ئەیوبی لەلایەن نورەدین هومەری کوڕی ڕەسوڵ لە عەدەن لە ساڵی (**٦٢٥ک/١٢٢٧ز**) (**دار الوكاله**) و (**دار الزكاة**)ی دروستکران، بۆئەوەی زەکات بەسەر ئەو بابەتانە بسەپێنی کە لە باج و دەیەک بەخشراون[3].

مەلیکەکان بەنی ئەیوب سیستەمی باجەکانیان نۆژەنکردەوە و داهێنانیشان لە باجی دەیەک کرد، خەڵکی یەمەن (**الشواني**)یان نەدەناسی، بەڵکو لەگەڵ هاتنی تۆرانشا هات، کاتێ خۆشی یەمەنی لە ساڵی (**٥٧١ک/١١٧٥ز**) جێهێشت، لای عوسمان زەنجەبیلی جێگری مایەوە، مەلیک سیف الاسلام دەیەکی شوانی (**عشور الشواني**) داهێنا، دەیەکی لەبەرامبەر چوونی (**الشواني**) بۆ دەریا وەردەگرت، ئەوانیش پاریزگاری کەشتیەکەیان لە چەتەکانی دەریا و دزەکان دەکرد[4].

کەواتە پەیوەندی بازرگانی نێوان عەدەن و وڵاتی هیند بەردەوام ئەگەری ئەوەی تێدابوو تووشی هێرشی چەتەکان و دزەکانی هیند ببێتەوە، لەوانەی کە (**سقطرة**[5])یان کردبووە پێگەی خۆیان و لەوێوە هێرشیان دەکردە سەر کەشتییە بازرگانیەکان. کە ڕێژەی ١٪ لە دەیەکی شوانی وەردەگیرا، واتا هەر دینارێک بۆ سەد دینار دوای ئەوەی نرخی کاڵاکان دیاری دەکرا، وەردەگیرا، جا ئەگەر کەشتییەک بە کردەوە پاسەوانی

---

١ – ابن الديبع، قره العيون،ج١، ص٣٨٥.

٢ – محمد كريم ابراهيم، الفعاليات الاقتصاديه لمياء عدن، ص١٩٩.

٣ – ابن مجاور، صفه البلاد اليمن،ق١، ص١٤٣

٤ – هەمان سەرچاوە.

٥ – **سقطرة**: ناوی دوورگەیەکی گەورەی نێوان عەدەن و وڵاتی زنجە. ياقوت الحموی، معجم البلان،ج٣، ص٢٢٧.

کرابێت یان نا، دواتر ڕێژەی شوانی بۆ ١٠٪ بەرزبووە، تا ساڵی (**٦١٣ک/١٢١٦ز**) بەردەوام بوو، دواتر لەسەردەمی مەلیک مەسعودی کوڕی کامل ئەو باجە هەلوەشایە[١]، ساڵی (**٦٢٥هـ**) هەلوەشایەوە کاتێ شەریف نامەی بۆ مەلیک مەسعود نارد، پارەی شوانی وەردەگرێت ئەگەر گەشتک بکرێت یان نەکرێت. مەلیک مەسعودیش وڵامی دایەوە و گوتی: ئەگەر ئەوەی دەیڵێن ڕاست بێت، هەیڵوەشێننەوە، شوانی هەلوەشایەوە[٢].

هەروەها لەسەردەمی ئەودا دەیەکی ئاسن داهێنرا، کە گەیشتە نیوەی بەهاکەی، هەروەها مەلیک ناصر دەیەکی سەرانەی دانا کە ئەگەر بێتە ناو عەدەنەوە بە پەنجا دینار و ئەگەر لە عەدەن دەربچێت[٣]. ئەمەش بیرکردنەوەیەکی باش بوو بۆ پاراستنی ئەسپی ڕەسەن لە یەمەن[٤].

هەروەها چەند باجێکی دیکە داهێنران، وەک باجی خانوبەرە، لەکاتی فرۆشتنی خاوەن خانوو بۆ خانووەکەی دەبێت چارەگی بەهاکەی بدات و دوو دیناریش بۆ ڕاگەیاندنی فەرمی[٥]، هەروەها لەو کەشتیانەی دەفرۆشین باج بەریژەی ١٠٪ وەردەگیرا، کە دەبوو فرشیارەکە بیدات[٦].

مەلیک موعزی کوڕی ئیسماعیل دەیەکی سەر بەهاراتی بۆ ١٢ دینار زیاد کرد، پێشتر دوو دینار بوو[٧]، بازرگانی یەمەن و وڵاتی میسر و هیند گەشەی کرد، لە میسرەوە گەنم و جۆ و شەکر و برنج و صابون و ڕۆنی زەیتون و بەرهەمەکانی دارخورمای دەهێنا[٨]، لەوەتەی ئەیوبییەکان لە

---

١ – محمد کریم ابراهیم، الفعالیات الاقتصادیه لمیناء عدن، ص١٨٥.

٢ – ابن مجاور، هەمان سەرچاوەص١٤٢.

٣ – ابن مجاور، صفه البلاد الیمن، ص١٤٠.

٤ – محمد کریم ابراهیم، هەمان سەرچاوەص١٨٧.

٥ – هەمان سەرچاوە

٦ – ابن مجاور، هەمان سەرچاوە، ص ١٤٤

٧ – هەمان سەرچاوە

٨ – ابن مجاور، هەمان سەرچاوە، ص١٤٢.

سالّی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) هاتنە یەمەنەوە پەیوەندییە بارزگانییەکان لەگەڵ میسر بەرەو باشتر چوو، ئەمەش دوای ئەوەی ژمارەیەک ڕێوشوێن بۆ یەکخستنی یاسا ئابووریی و داراییەکانی نێوان هەردوو وڵاتەکە دەرکران[١].

لە هیندیشەوە لە ڕێگای دەریاوە مورەبا و ماش و کونجی و صابون و تەختە و قەرەفل و جلوبەرگ و خورمای موقەلەفی[٢] دەهێنا و خورما و گەنمە شامی بۆ حیجاز دەنارد و کەنیزەی لە حەبەشەوە دەهێنا[٣].

لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی سیستەمی دابینکردن لە عەدەن دەرچوو، کە ژمارەیەک دامەزراوەی ئابووری زامنکرد، میزانی بە ساڵانە بە بیست هەزار دینار زامنکرد، سەرباری زامنکردنی بازاری سەوزە و کەنیزە و خورما و گۆشت و هەموو ئاژەڵەکان بە یازدە هەزار دینار. جگە لە ئاو ماسی نەبێت هەموو شتیک زامنکرا[٤]. زامنکردن ئابووری تووشی شلەژان کرد، بەهۆی ئەوەی مۆنۆپۆڵکردن و ستەمی لێ کەوتەوە، زامنکردن بریتیە لە بەکرێدان بۆ کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک، ئەوکەسە بە ئارەزووی خۆی مامەڵەی پێوە دەکات[٥].

**لایەنی دارایی:**

کاتێ ئەیوبییەکان دەستیان بەسەر یەمەن گرت، دراوی میسریان بەسەر یەمەن سەپاند، واتا دیناری میسری، مەلیکە ئەیوبییەکان گرنیگەکی زۆریان بە کاروباری دارایی دا، لەیەمەن درهەم و دیناریان بەناوی خۆیانەوە لێدا، مەلیک سیف الاسلام دراوێکی نوێی بەناوی خۆیەوە لێدا،

---

١ – دائره المعارف الاسلامیة، مج٥، ص٤٥٣.

٢ – هەمان سەرچاوەس، ص١٤٣.

٣ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٦٠.

٤ – ابن مجارو، صفه بلاد الیمن،ق١، ص١٤٨.

٥ – محمد کریم ابراهیم، الفعالیات الاقتصادیه و المالیه لمیناء عدن، ص١٩٤.

که به (السیف) ناسرابوو، که کێشی چوار قیرات و حەبەیەک بوو[1]. لە ساڵی (**٥٨١ک/١١٨٥ز**) دیناری بەناوی براکەی سوڵتان صەحەدین لە مەککە لێدا[2]، مەلیک موعزی کوڕی سیف الاسلام بەیەکەم کەس دادەنرێت کە خانەی سەربەخۆی بۆ لێدانی دراو لە یەمەن دامەزراند، هەروەها گوتراوە کە (**الملک المعز کوڕی اسماعیلی کوڕی طغتکین**) یەکەم کەس بوو درهەمی گەورەی لێداوە، کە کێشەکەی سێ لە دەی قیرات بووە[3]. مەلیک مەسعود کامل یەکەم کەس بووە درهەمی گەورەی لە مەککە لەسەر یاساکانی یەمەن لێداوە[4].

---

١ – عصام الدین عبدالرؤوف الفقی، الیمن فی ظل الاسلام، ص٢٦٩؛ محمد کریم ابراهیم، الفعالیات الاقتصادیه و المالیه لمیناء عدن، ص١٩٤.

٢ – الفاسی، شفاء الغرام، ص٢١٤.

٣ – ابن مجاور، صفه بلاد الیمن،ق١، ص٨٩.

٤ – هەمان سەرچاوە، ل١٢٠.

## کۆتایی و دەرەنجامەکان

لەمیانەی توێژینەوەی مێژووی کورد لەیەمەن، کۆمەڵێ دەرەنجامان دەستکەوت:

١- مێژوونووسان ژمارەیەک

فاکتەریان جەختکردۆتەوە کە وای لە ئەیوبییەکان کردووە، ساڵی (**٥٦٩ک/١١٧٣ز**) بچنە ناو یەمەنەوە، بەڵام ئیمە گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی کە ئامانجی سوڵتان صەلاحەدین بۆ ڕەوانەکردنی هەڵمەتی سەربازی بۆ یەمەن، دابینکردن و فراوانکردنی سنوری دەوڵەتەکەی بوو، لەلایەکی دیکەوە لەناوبردنی ئاشوبی و پەشێوی ناوەخۆی یەمەن بوو، هەروەها کارکردن بۆ یەکخستنی هەرێمە ئیسلامییەکان لەپێناوی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو دژ بە صەلیبییەکان.

٢- لەو دەستکەوتانەی کە کورد لەدوای چوونیان بۆیەمەن بەدەستیان هێنا، دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی بوو لەوێ، ئەمەش دوای ئەوەی دەسەلاتی دەوڵەتۆچکەکانی یەمەنیان لەناوبرد، هەروەها کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سونی کرد، دوای ئەوەی شەڕی مەزهەبەکانی دیکەیان کرد.

٣- مەلیکە ئەیوبیەکان توانیان ماوەی زیاتر لە ٥٧ ساڵ حوکمی یەمەن بکەن، لەماوەیەدا سەرکەوتووبوون لە یەک یەکەی سیاسی دەسەلات بگێڕن، کە پێشتر ئەمەی بەخۆیەوە نەبینیووە، سەرباری ئەوەش ئاسایش و ئارامیان بۆ یەمەن گەڕاندەوە، ئەوان وەک داگیرکەیان مامەلەیان نەکرد، هەوڵی وێرانکردن و خاپورکردن و بڵاوکردنەوە ترس و تۆقیان نەدا، بەڵکو بەدانانی مێژوونووسە یەمەنییەکان، خەڵکی لە سایەی ئەوان لە خۆشترین و باشترین حاڵ دەژیا.

٤- هەروەها مەلیکە ئەیوبییەکان ڕۆڵی گەورەیان لە بونیادی شارستانی و ئاوەدانی یەمەن گێڕاوە، شار و قولا و قوللە و کۆشک و باخچە و بازاریان دروستکردووە، هەروەها گرنگیان بە لایەنی زانستی و

کلتوری داوە، کاریان بۆ دامەزراندنی سەنتەری زانستی کردووە، وەک بونیادنانی قوتابخانە و مزگەوت، فەزڵی دروستکردنی یەکەم قوتابخانە لە مێژووی یەمەن بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، هەروەها چاکسازی ئابووری و ئیداری و داراییان کردووە.

٥- کورد دوای کەوتنی دەوڵەتی ئەیوبیش لە یەمەن مانەوە، بەشدارییان لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان ماوەی دەوڵەتی ڕەسوڵی کردووە، کە بەدوای دەوڵەتی ئەیوبی هاتنە دەسەڵاتەوە، ژمارەیەک خانەوادە و کەسایەتی کوردی لەو سەردمە دەرکەوتن، پۆستی ئیدارییان وەرگرت، ژمارەیەک هەرێمیان ئیدارەکردووە، سەرباری بەشداریان لە بونیادی شارستانی و ئاوەدانی یەمەن.

# ليستى سەرچاوە و ژێدەرەكان

## يەكەم: سەرچاوە:

### أ- دەستنووسەكان:

ابن ابى عذيبه، احمد ابن محمد ابن عمر (ت٨٥٦ك/١١٥٢ز)

١. انسان العيون فى مشاهير سادس القرون، دار صدام للمخطوطات، بغداد، ڕقم (٤٠٠٥٧).

٢. تاريخ دول الاعيان، الجزء الخامس، دار صدام للمخطوطات، بغداد، رقم (٩٢٠٢). مجهول،

٣. مختصر فى التاريخ، دار صدام للمخطوطات، بغداد، ڕقم (١٨٨٥).

### ب- سەرچاوە عەرەبييەكان:

ابن الاثير، عزالدين ابى الحسن على ابن عبدالكريم الجزرى (ت٦٣٠ك/١٢٣٢ز).

١. الكامل فى التاريخ، دار صادر، (بيروت:١٩٦٥).

٢. اللباب لى تهذيب الانساب، دار صادر، (بيروت:١٩٨٠).

الادريسى، محمد ابن محمد ابن عبدالله (٥٦٠ك/١١٦٥ز)

٣. نزهة المشتاق فى ذكر الامصار و الاقطار و البلدان (د.م.ت).

الاسدى، محمد ابن محمد ابن خليل (الف كتابه فى سنوات ٨٥٤-٨٥٥هـ).

٤. التيسير و الاعتبار و التحرير و الاختبار، تحقيق عبدالقادر احمد طليمات، مطبعة مخيمر، (مصر:١٩٦٧).

الاصفهانى، عمادالدين محمد ابن صفى الدين الكاتب، (ت٥٩٧ك/١٢٠٠ز)

٥. البرق الشامى، تحقيق الجزء الثالث، مصطفى الحيارى، تحقيق الجزء الخامس، فالح صالح حسن، الطبعة الاولى، مبطعة الشوفان، (عمان:١٩٨٧).

ابن ابى اصيبعه، موفق الدين ابى العباس ابن يونس الخزرجى، (ت٦٦٨ك/١٢٦٩ز)

٦. عيون الانباء فى طبقات الاطباء، شرح و تحقيق، نزار ڕضا، دار مكتبة الحياة، (بيروت:د.ت).

ابن اياس، ابو البركات محمدى ابن احمد الحنفى المصرى (ت٩٣٠ك/١٥٢٢ز).
٧. تاريخ مصر المشهور ببدائع الزهور فى وقائع الدهور، الطبعة الاولى، المطبعة الاميرية، ببولاق، (مصر:١٣١٦هـ).
البدليسى، شرفخانى، (ت١٠٠٥ك/١٥٩٦ز).
٨. الشرفنامة فى تاريخ الدول و الامارات الكردية، ترجمة، جميل ڕۆژبەیانی، مطبعة النجاح، (بغداد:١٩٥٣).
ابن بطوطة، شمس الدين ابو عبدالله محمد ابن ابراهيم (ت٧٩٩ك/١٣٧٧ز).
٩. رحلة ابن بطوطة (تحفة النظار فى غرائب الامصار و عجائب الاسفار)، تحقيق عبدالهادى التازى، مطبعة المعارف الجديدة، (الرباط:١٩٩٧).
تاج الدين اليمانى، ابن عبدالمجيد عبدالباقى، (ت٧٤٣ك/١٣٤٣ز)
١٠. تاريخ اليمن المسمى بهجة الزمن فى تاريخ اليمن، تحقيق مصطفى الحجازى، دار العودة، (بيروت:١٩٦٥).
ابن تغرى بردى، جمال الدين ابى المحاسن يوسف الاتابكى، (ت٨٧٤ك/١٤٧٠ز).
١١. النجوم الزاهرة فى ملوك مصر و القاهرة، مطابع كوستاتوماس، (القاهرة:١٩٦٣).
ابن جبير، ابو الحسن محمد ابن احمد (ت٦٤١ك/١٢١٧ز).
١٢. رحلة ابن جبير، تحقيق حسين نصار، دار مصر للطباعة، (القاهرة:١٩٥٥).
الحموى، ابو الفضائل محمد ابن على (ت٦٤٤ك/١٢٤٦ز).
١٣. تاريخ المنصورى، تلخيص الكشف البيان فى حوادث الزمان، عنى بنشره، بطرس غرباز زينويج، دار نشر الاداب الشرقية، (موسكو:١٩٦٠).
الحميرى، محمد عبدالمنعم، (ت:٧١٠ك/١٣١٠ز).
١٤. الروض المعطار فى خير الاقطار، تحقيق احسان عباس، الطبعة الثانية، مطابع هيولبرغ، (بيروت:١٩٨٤).
الحميرى، نشوان ابن سعيد (ت٥٧٣ك/١١٧٧ز).
١٥. منتخبات فى اخبار اليمن، تصحيح عبدالعظيم احمد، مطبعة بريل، (ليدن:١٩١٦).

الحنبلى، احمد ابن ابراهيم  (ت٨٧٦ک/١٤٧٢ز).
١٦.   شفاء القلوب فى مناقب بنى ايوب، تحقيق ناظم رشيد، دار الحرية، (بغداد:١٩٧٩).
ابن حوقل، ابو القاسم النصيبى، (ت٣٦٧ک/٩٧٧ز).
١٧.   صورة الارض،  دار مكتبة الحياة، (بيروت:١٩٧٩).
الخزرجى، على ابن الحسن وهاس  (ت٨١٢ک/١٤٠٩ز).
١٨.   العقود اللؤلؤية فى تاريخ الدولة الرسولية،  تحقيق محمد ابن على الاكوع، الطبعة الثانية،  دار الاداب،  (بيروت:١٩٨٣).
ابن خلدون، عبدالرحمن ابن محمد (ت٨٠٨ک/١٤٠٥ز).
١٩.   تاريخ ابن خلدون، العبر و ديوان المبتدأ و الخبر فى ايام العرب و العجم و البربر و من عاصرهم من ذوى السلطان الاكبر،  دار الكتب اللبنانى،  (بيروت:١٩٨٣)
ابن خلكان،  ابو العباس احمد  (ت٦٨١ک/١٢٨٢ز).
٢٠.   وفيات الاعيان و انباء ابناء الزمان، تحقيق احسان عباس، دار الثقافة (بيروت:١٩٦٨).
ابن الديبع، الامام عبدالرحمن ابن على الزبيدى  (ت٩٤٤ک/١٥٣٧ز).
٢١.   بغية المستفيد فى تاريخ مدينة زبيد، تحقيق عبدالله الحبشى، مركز دراسات و البحوث اليمن،  (صنعاء:١٩٧٩).
٢٢.   قرة العيون باخبار اليمن الميمون، تحقيق محمد ابن على الاكوع، المبطعة السلفية (القاهرة:١٩٦٢).
الذهبي، شمس الدين محمد ابن عثمان ابن قايماز (٧٤٨ک/١٣٤٥ز).
٢٣.   العبر فى خبر غبر، تحقيق ابو هاجر محمد سعيد، دار الكتب العلمية، (بيروت:د.ت).
٢٤.   تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير و الاعلام،  تحقيق بشار عواد و اخرون، الطبعة الاولى،  مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٨).

الزبيدى، السيد محمد المرتضى (ت١٢٠٥ک/١٨٩٠ز).

٢٥.   ترويح القلوب فى ذكر الملوك بنى ايوب، تحقيق صلاح الدين المنجد، مطبعة الترقى، (دمشق:١٩٧١).
ابن الساعى، ابو طالب على انجب تاج الدين الخازن (ت٦٧٤ك/١٢٧٥ز).
٢٦.   الجامع المختصر فى عنوان التواريخ و عيون السير، تعليق مصطفى جواد، المطبعة السريانية الكاثوليكية،  (بغداد:١٩٣٤).
سبط ابن الجوزى، شمس الدين يوسف ابن قزاوغلى،  (ت٦٥٤ك/١٢٥٦ ز).
٢٧.   مرأة الزمان فى تاريخ الاعيان،  الطبعة الاولى، مطبعة دائرة المعارف العثمانية،  (حيدراباد: ١٩٥١ز).
السبكى، تاج الدين عبدالوهاب تقى الدين  (ت٧٧١ك/١٣٧٠ز).
٢٨.   طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق محمود محمد الطناحى و عبدالفتاح محمد الحلو، الطبعة الاولى،  مطبعة عيسى الباب الحلبى،  (القاهرة:١٩٦٤).
ابن سمرة،  عمر ابن على ابن سمرة الجعدى  (ت٥٨٦ك/١١٩٠ز).
٢٩.   طبقات فقهاء اليمن، تحقيق فؤاد سيد، مطبعة السنة المحمدية، (القاهرة:١٩٥٧).
السمعانى، ابو سعد عبدالكريم ابن محمد (ت٥٦٢ك/١١٦٦ز).
٣٠.   الانساب، تحقيق الشيخ عبدالرحمن ابن يحيى اليمانى،  (بيروت:١٩٨٠).
ابو شامة، شهاب الدين عبدالرحمن ابن اسماعيل المقدسى  (ت٦٦٥ك/١٢٦٦ز).
٣١.   تراجم رجال القرنين السادس و السابع،  ناسراو بة  بالذيل الروضتين، تصحيح محمد زاهد الحسن الكوثرى، مراجعة عزت العطار الحسينى، الطبعة الثانية، دار الجيل،  (بيروت:١٩٧٤).
٣٢.   الروضتين فى اخبار الدولتين، دار الجيل،  (بيروت:د.ت).
ابن شاهنشاه، محمدى ابن تقى الدين عمر ابن شاهنشاه الايوبى، (ت٦١٧ك/١٢٢٠ز).
٣٣.   مضمار الحقائق وسر الخلائق، تحقيق حسن حبشى، دار الهنا للطباعة، (القاهرة:١٩٦٨).
ابن شداد، بهاء الدين يوسف ابن رافع الاسدى،  (٦٣٢ك/١٢٣٤ز).

٣٤. النوادر السلطانية و المحاسن اليوسفية، سيرة صلاح الدين ، تحقيق جمال الدين الشيال، الطبعة الاولى، المطبعة السنة المحمدية، (القاهرة:١٩٦٢).

الشهرستانى، ابو الفتح محمد ابن عبدالكريم (ت٥٤٨ک/١١٥٣ز).

٣٥. الملل و النحل، المنشور فى حاشية كتاب الفصل فى الملل و النحل بين الاهواء و النحل لابن حزم الاندلسى، الطبعة الاولى، المطبعة الادبية، (مصر:١٣١٧هـ).

الصفدى، صلاح الدين خليل ابن ايبک، (ت٧٦٤ک/١٣٦٣ز).

٣٦. تحفة ذوى الالباب، تحقيق احسان بنت سعيد خلوصى و زهير حمدان الصمصام، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق:١٩٩٢).

٣٧. الوافى بالوفيات، الطبعة الثانية، دار نشر ستايز بفيسابدن، (المانيا:١٩٨٢).

ابن عبدالحق، صفى الدين عبدالمؤمن البغدادى (ت٧٣٩ک/١٣٣٨ز).

٣٨. مراصد الاطلاع على اسماء و الامكنة و البقاع، تحقيق على محمد البجاوى، الطبعة الاولى، دار احياء الكتب العربية، (القاهرة:١٩٥٤).

ابن العبرى، ابو الفرج ابن هارون غريغورس الملطى (ت٦٥٨ک/١٢٦٠ز).

٣٩. تايخ مختصر الدول، (د.م.ت).

العرشى، القاضي حسين ابن احمد (ت١٣١٨ک/١٩٠٠ز).

٤٠. بلوغ المرام فى شرح مسک الختام فى من تولى ملک اليمن من ملوک و امام، قام بنشره مارى الكرملى، مطبع البرتيرى، (القاهرة:١٩٣٩).

ابن العماد، ابو الفلاح عبدالحى ابن العماد الحنبلى (ت١٠٨٩ک/١٦٧٨ز).

٤١. شژارت الژهب فى اخبار من ذهب، تحقيق محمود الارنوط، الطبعة الاولى، دار ابن كثير، (بيروت:١٩٩١).

عمارة اليمنى، نجم الدين عمارة ابن على (ت٥٦٩ک/١١٧٣ز).

٤٢. تاريخ اليمن، تقويم حسن سليمان محمود، دار الثناء للطباعة، (مصر:د.ت).

٤٣. النكت العصرية فى اخبار الوزراء المصرية، تصحيح هرتوبخ دينبرغ، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولى، (القاهرة:١٩٩١).

العمرى، شهاب الدين احمد ابن فضل (ت٧٤٩ک/١٣٤٩ز).

٤٤.   مسالك الابصار فى ممالك الامصار، تحقيق ايمن فؤاد سيد، دار الاعتصام، (القاهرة:١٩٧٢).

العينى، بدرالدين محمود (ت٨٥٥ک/١٤٥١ز).

٤٥.   عقد الجمان فى تاريخ اهل الزمان، تحقيق محمد محمدامين، الهيئة المصرية العامة، (القاهرة:١٩٨٧).

٤٦.   السيف المهند فى سيرة الملك المؤيد، تحقيق فهيم محمد شلتوت، مراجعة محمد مصطفى زيادة، دار الكتب العربى، (القاهرة:١٩٦٧).

الغسانى، الملك الاشرف اسماعيل ابن العباس (ت٨٠٣ک/١٤٠٠ز).

٤٧.   العسجد المسبوک و الجوهر المحكوک فى طبقات الخلفاء و الملوک، تحقيق شاكر محمود عبدالمنعم، دار البيان، (بغداد:١٩٧٥).

الفاسى، تقى الدين ابى الطيب محمد ابن احمد (ت٨٣٢ک/١٤٢٨ز).

٤٨.   شفاء الغرام باخبار البلد الحرام، روائع التراث العربى، (بيروت:د.ت).

ابو الفدا، عمادالدين اسماعيل ابن محمد (ت٧٣٢ک/١٣٣١ز).

٤٩.   المختصر فى اخبار البشر، الطبعة الاولى، المطبعة الحسينية المصرية، (مصر:د.ت).

٥٠.   تقويم البلدان، تصحيح و طبع رينود و ماكوكين ديسلان، دار الطباعة السلطانية، (باريس:١٨٤٠).

ابن الفرات، ناصر الدين محمد ابن عبدالرحيم (ت٩٠٧ک/١٥٠١ز).

٥١.   تاريخ ابن الفرات، تحقيق حسن محمد الشماع، دار الطباعة الحديثة، (بصرة:١٩٦٩).

القرمانى، ابو العباس احمد ابن يوسف (ت١٠١٩ک/١٦١٠ز).

٥٢.   اخبارالدول و اثار الاول فى التاريخ، عالم الكتب، (بيروت:د.ت).

القزوينى، زكريا ابن محمدى ابن محمود (ت٦٨٢ک/١٢٨٣ز).

٥٣.   اثار البلاد و اخبار العباد، دار صادر، (بيروت:د.ت).

القلشقندى، ابو العباس احمد ابن على (ت٨١٢ ک/١٤١٨ز).

٥٤. مأثرالانافة فى معالم الخلافة، تحقيق عبدالستار احمد فراج، مطبعة الاوفسيت، (بيروت:١٩٨٠).

٥٥. صبح الاعشى فى صناعة الانشاء، تحقيق نبيل خالد الخطيب، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية (بيروت:١٩٨٧).

ابن كثير، عماد الدين ابو الفدا اسماعيل الدمشقى (ت٧٧٤ك/١٣٧٢ز).

٥٦. البداية و النهاية فى التاريخ، دار ابن كثير، (بيروت:١٩٦٧ز).

الكرمانى، احمد حميد الدين (من مؤرخى ق٥هـ).

٥٧. الفرق الاسلامية (ژيل كتاب شرح المواقف للكرمانى)، تحقيق سليمة عبدالرسول، مطبعة الارشاد، (بغداد:١٩٧٣).

ابن المجاور، جمال ابو الفتح يونس ابن يعقوب (ت٦٩٠ك/١٤٩١ز).

٥٨. صفة بلاد اليمن و مكة و بعض الحجاز المسمى تاريخ المستبصر، تصحيح اوسكر لوفخرين، مطبعة بريل، (ليدن:١٩٥١).

محمدى ابن على ابن سعيد ابن الزاكن

٥٩. جواهر تاريخ الاحقاف، مراجعة حسن جاد الحق، مطبعة الفجالة الجديدة، (مكة المكرمة:١٩٦٣).

ابو مخرمة، ابو عبدالله الطيب ابن عبدالله احمد (ت٩٤٧ك/١٥٤٠ز).

٦٠. تاريخ ثغرعدن، مطبعة بريل (ليدن:١٩٣٦).

المقدسى، ابو عبدالله شمس الدين محمود البشارى، (ت٣٧٥ك/٩٨٥ز).

٦١. احسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم، الطبعة الثانية، مطبعة بريل (ليدن:١٩٠٦).

المقريزى، تقى الدين احمد ابن على (ت٨٤٥ك/١٤٤١ز).

٦٢. خطط المقريزية (المواعظ و الاعتبار بژكر الخطط و الاثار)، (بيروت:د.ت).

٦٣. درر العقود الفريدة، تحقيق عدنان درويش و محمود مصرى، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق:١٩٩٥).

٦٤. الذهب المسبوك فى ذكر من حج من الخلفاء و الملوك، تحقيق جمال الدين الشيال، (القاهرة:١٩٥٥).

٦٥. السلوک لمعرفة دول و الملوک، تحقيق محمد عبدالقادر عطا، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).

الناصر الدين، المفاخر ابن الملک ابن عيسى ابن نجم الدين (ت٦٥٦ک/١٢٥٨ز).

٦٦. الفوائد الجلية فى الفوائد الناصرية، تقديم صلاح الدين المنجد، فى رسائل و النصوص، الطبعة الثانية، دار الكتب الجديد، (بيروت:١٩٨٧).

النعيمى، عبدالقادر ابن محمد (ت٩٢٨ک/١٥٢٠ز)

٦٧. الدارس فى تاريخ المدارس، اعد فهارسه، ابراهيم شمس الدين الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٠).

الهمدانى، ابو محمد الحسن ابن احمد (ت٣٣٤ک/٩٤٥ز).

٦٨. صفة جزيرة العرب، تحقيق محمدى ابن على الاكوع، الطبعة الثالثة، مركز دراسات و البحوث، (صنعاء:١٩٨٣).

الهمذانى، ابن الفقيه ابوبكر احمد ابن محمد (ت٣١٠ک/٩٢٢ز).

٦٩. مختصر كتاب البلدان، مطبعة بريل، (ليدن:١٨٨٥ز).

ابو واصل، جمال الدين محمد سالم، (ت٦٩٧ک/١٢٩٧ز).

٧٠. مفرج الكروب فى اخبار بنى ايوب، تحقيق جمال الدين الشيال، مطبعة جامعة فؤاد الاول، (مصر:١٩٥٣).

ابن الوردى، ابو جعفر زين الدين عمر (ت٧٤٩ک/١٣٤٨ز).

٧١. تاريخ ابن الوردى، تحقيق احمد رفعت البدراوى، الطبعة الاولى، دار المعرفة، (بيروت:١٩٧٠).

الوصابى، وجيه الدين عبدالرحمن ابن محمد (ت٧٢٨ک/١٣٨٠ز)

٧٢. تاريخ وصاب، الاعتبار فى التواريخ و الاثار، تحقيق عبدالله محمد الحبشى، الطبعة الاولى، مركز الدراسات اليمانية، (صنعاء:١٩٧٩).

اليافعى، ابو محمد عبدالله ابن سعد (ت٧٦٨ک/١٣٦٦ز).

٧٣. مرآة الجنان و عبرة اليقظان فى معرفة ما يتعبر من حوادث الزمان، وضع حواشيه خليل المنصور، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).

ياقوت الحموى، شهاب الدين ابو عبدالله الرومى، (ت٦٢٦ک/١٢٢٨ز).

٧٤. معجم البلدان، دار صادر، (بيروت:د.ت).
يحيى ابن الحسين، ابن القاسم (ت١١٠٠ك/١٦٨٨ز).
٧٥. غاية الامانى فى اخبار القطر اليمانى، تحقيق سعيد عبد الفتاح عاشور، مراجعة محمد مصطفى زيادة، دار الكتب العربى، (القاهرة:١٩٦٨).
اليونينى، موسى ابن محمدى ابن احمد قطب الدين البعلبكى، (ت٧٢٦ك/١٣٢٦ز).
٧٦. ژيل مرآة الجنان، الطبعة الاولى، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، (الهند:١٩٥٤).

## دووم: ژێدەرەکان

### أ- بەزمانی عەرەبی :

ابراهيم ، محمد كريم
١- عدن دراسة فى احوالها السياسية و الاقتصادية، مطبعة جامعة البصرة، (بصرة:١٩٨٥).
اسود، عبدالرزاق محمد
٢- المدخل الى دراسة الاديان و المذاهب، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، (بيروت:١٩٨١).
الاكوع، اسماعيل ابن على
٣- البلدان اليمانية عند ياقوت الحموى، مطابع كويت تايمز، (الكويت:١٩٨٥).
٤- المدارس الاسلامية فى اليمن، دار الفكر، (دمشق:١٩٨٠).
الوسى، حسين ابن على
٥- اليمن الكبرى، مطبعة النهضة العربية، (القاهرة:١٩٦٢).
بروكلمان، كارل
٦- تاريخ الشعوب الاسلامية، ترجمة بثينة امين فارس، منير البعلبكى، الطبعة السابعة، دار العلم للملاين، (بيروت:١٩٧٧).
بكر، منژر عبدالكريم

٧- دراسات فى تاريخ العرب قبل الاسلام، مطبعة جامعة البصرة، (بصرة:١٩٨٠).
بول، ستانلى لين
٨- الدول الاسلامية، ترجمة محمد صبحى فرزات، مكتبة الدراسات الاسلامية، (دمشق:١٩٧٣).
بيومى، على
٩- قيام الدولة الايوبية فى مصر، الطبعة الاولى، دار الفكر الحدث، ، (مصر:١٩٥٢).
الثور، عبدالله
١٠- هذه هى اليمن، الطبعة الثانية، دار العودة، (بيروت:١٩٧٩).
جبر، فؤاد على
١١- جدول العصور التاريخية للدول الاسلامية، ادارة الثقافة و النشر بالجامعة، (الرياض:١٩٨٦).
جيب، هاملتون
١٢- دراسات فى حضارة الاسلام، ترجمة احسان عباس و اخرون ، الطبعة الثانية، دار العلم للملايين، (بيروت:١٩٧٤).
الحداد، محمد يحيى
١٣- تاريخ اليمن السياسى، الطبعة الرابعة، شركة التنوير للطباعة، (بيروت:١٩٨٦).
الحديثى، نزار عبداللطيف
١٤- اهل اليمن فى صدر الاسلام، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، (بيروت:١٩٧٨).
الحريرى، سيد على
١٥- الاخبار السنية فى الحروب الصليبية، مبطعة النيل، (مصر:١٣٢٩هـ).
حسن، حسن ابراهيم

١٦- تاريخ الاسلام السياسى و الثقافى و الاجتماعى، المطبعة الاولى، مكتبة النهضة المصرية، (القاهرة:١٩٦٧).

حسين، محسن محمد

١٧- الجيش الايوبى فى عصر صلاح الدين، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٦).

حمادة، ماهر محمد

١٨- الوثائق السياسية و الادارية، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٩٦)

حميدان، زهير

١٩- اعلام الحضارة العربية الاسلامية، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق:١٩٩٦).

الحوالى، محمد الاكوع

٢٠- اليمن الخضراء، الطبعة الاولى، مطبعة السعادة، (مصر:١٩٧١).

زامباور، ادوارد فون

٢١- معجم الانساب و الاسرات الحاكمة فى التاريخ الاسلامى، اخراج محمد زكى حسن بك و حسن احمد محمود، ترجمة سيدة اسماعيل كاشف و اخرون، مطبعة جامعة فؤاد الاول، (القاهرة:١٩٥١).

الزركلى، خير الدين

٢٢- الاعلام، دار العلم للملايين، (بيروت:١٩٧٥).

زكى، محمد امين

٢٣- مشاهير الكرد و الكردستان، ترجمة كريمته، مطبعة النفيض الاهلية، (بغداد:١٩٤٥).

زيدان، جرجى

٢٤- العرب قبل الاسلام، منشورات دار مكتبة الحياة، (بيروت:١٩٧٩).

٢٥- تاريخ التمدن الاسلامى، مراجعة حسين مؤنس، دار الهلال، القاهرة

سالم، السيد مصطفى

٢٦- تكوين اليمن الحديث، الطبعة الثانية، دار القومية العربية للطباعة، القاهرة ١٩٧١.

٢٧- الفتح العثمانى الاول لليمن، الطبعة الثانية، مطبعة الجبلاوى، القاهرة، ١٩٧٤.
شلبى ، احمد
٢٨- موسوعة التاريخ الاسلامى، الطبعة الاولى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٧.
الشماحى، عبدالله ابن عبدالوهاب
٢٩- اليمن الانسان و الحضارة، دار الهنا للطباعة، (القاهرة:١٩٧٢).
شوقى، ضيف
٣٠- تاريخ الادب العربى، عصر الدول و الامارات، دار المعارف، (القاهرة:١٩٨٠).
شيحة، مصطفى عبدالله محمد
٣١- دراسة مقارنة بين المدارس المصرية و اليمنية، اعداد عبدالعظيم رمضان، فى ابحاث و ندوة المدارس فى مصر الاسلامية، الهيئة المصرية، (مصر:١٩٩٢).
العبدلى، احمد فضل ابن على
٣٢- هدية الزمن فى اخبار ملوك للحج و عدن، الطبعة الثانية، دار العودة، (بيروت:١٩٨٠).
العدوى، ابراهيم احمد
٣٣- قوات البحرية العربية فى مياه البحر المتوسط، مكتبة النهضة المصرية، الفجالة، (مصر:١٩٦٣).
العرينى، السيد بازل
٣٤- الشرق الادنى فى العصور الوسطى، دار النهضة العربية، (بروت:١٩٦٧).
العلوى، صالح حامد
٣٥- تاريخ حضرموت، الطبعة الاولى، مكتبة الارشاد، (جدة:١٩٦٨).
الفقى، عصام الدين عبدالرؤوف
٣٦- اليمن فى ظل الاسلام، الطبعة الاولى، دار الفكر العربى، (الكويت:١٩٨٢).
قلعجى، قدرى
٣٧- صلاح الدين الايوبى، الطبعة الخامسة، دار الكتب العربى، (القاهرة:١٩٧٩).
كاهن،

٣٨- دائرة المعارف الاسلامية، مادة الايوبيين، د.يونس، الشعب، القاهرة بدون تاريخ،

محمود، حسن سليمان

٣٩- تاريخ اليمن السياسى، الطبعة الاولى، مطبعة دار الجاحظ، (بغداد:١٩٦٩).

محل، سالم احمد و فرست مرعى الدهوكى

٤٠- الدول و الدويلات المستقلة و شبه المستقلة فى اليمن منذ عام ٢٠٥هـ-٩٥٣هـ (د.م.ت).

المقحفى، ابراهيم احمد

٤١- معجم المدن و القبائل اليمنية، دار الكلمة، (صفاء:١٩٨٥).

نعمان، محمد احمد

٤٢- الاطراف المعنية فى اليمن، مؤسسة الصبان، (عدن:١٩٦٥).

## نامەكانى خوێندن (چاپنەكراوەكان)

**ابراهيم، موسى مصطفى**

١) الحياة السياسية فى بلاد الشام (٦٣٤-٦٥٨هـ) ڕسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين (اربيل:١٩٩٧).

**احمد، كرفان محمد**

٢) الملك الاشرف موسى ابن الايوبى و دوره و اثره فى الدولة الايوبية (٥٧٦-٦٣٥هـ)، ڕسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل:١٩٩٩).

**امين، نەبەز مجيد**

٣) المشطوب الهكارى، دراسة عن دور الهكاريين فى الحروب الصليبية، ڕسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل:١٩٩١).

الدجيلى، محمد ڕضا حسن

٤) الحياة الفكرية فى اليمن فى القرن السادس الهجرى، ڕسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، (بغداد:١٩٨٢).
صالح، خالد يوسف
٥) الدولة النجاحية فى اليمن (٤١٢-٥٥٤هـ)، ڕسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة الموصل، (الموصل:١٩٨٥).
صالح، ذكرى عزيز
عصر الملك الكامل الايوبى، ڕسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة الموصل، (الموصل:١٩٨٨).

## توێژینەوە خولییەکان

**ابراهيم، محمد كريم**
١) الفعاليات الاقتصاديه لميناء عدن، مجله المؤرخ العربى، الامانه العامه، (بغداد:١٩٨٨).
**التكرێتى، محمود ياسين**
٢) الايوبيون فى اليمن، مجله اداب الرافدين، جامعه الموصل، (الموصل:١٩٨٩).
**رشيد، ارسن موسى**
٣) کورد لە سەڕدەمی دەوڵەتی ڕەسوڵی لە یەمەن، گۆڤاری شانەدەر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر:١٩٩٧).
٤) شارستانی و بیناسازی کوردە ئەیوبیەکان لە یەمەن، گۆڤاری شانەدەر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر:١٩٩٨).
الشامى، فضيله
٥) الدوله اليعفريه بصنعاء و الجند، مجله المؤرخ العربى، الامانه العامه، (بغداد:١٩٧٩).
**عاشور، سعيد عبدالفتاح**

٦) البنيه البشريه لجيوش صلاح الدين، المجله العربيه للعلوم الانسانيه، جامعه الكويت، (الكويت:١٩٩٠).

## بەزمانی ئینگلیزی:

**Hitti,PHILIP,K**

**1-HISTORU OF THE ARABS, MACMILL NCOLTD, (London: 1958).**

**HoGARTH,D.G**

**2-ARABIA,ATTHE, CLARENBON PRESS,(oxford:1922).**

**SHARAB,H.B**

**3-GOVERNMENTS AND POLITCS OF THE MIDDLEEAST IN TEENTTETH CENTURY, D.VAN NOSTRAND COMPANY, (London:1962).**

**SOUNDERS,J.J**

**4-Ahistory of mdieval islam, (London:1978).**


**Spaler, Bertold**

**5-the muslim word, E.j prill, (Leiden:1960).**

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارەی (١)

## نەخشەی وڵاتی یەمەن



## پاشکۆی ژمارەی (٢)

لیستی ناوی مەلیکەکانی بنەماڵەی ئەیوبی و ماوەی حوکمڕانیان:

١- الملک المعظم شمس الدين تورانشاه کوڕی ايوب (٥٦٩-٥٧١هـ)(١١٧٣-١١٧٤ز).

٢- الملک العزيز سيف الاسلام طغتکين کوڕی ايوب (٥٧٩-٥٩٣هـ)(١١٨٣-١١٩٦ز).

٣- الملک المعز الدين اسـماعيل کوڕی طغتکين (٥٩٣-٥٩٨هـ) (١١٨٣-١١٩٦ز).

٤- المـــلک الناصر ايوبی کوڕی طغتکين (٥٩٩-٦١١هـ) (١٢٠٣-١٢١٤ز).

٥- الملک المظفر سليمانی کوڕی سيف الدين شاهنشاه(٦١١-٦١٢هـ)(١٢١٤-١٢١٥ز).

٦-الملک المسعود صلاح الدين يوسفی کوڕی الکامل (٦١٢-٦٢٦هـ)(١٢١٥-١٢٢٨ز)[١].

---

(١) يحيى بن الحسين، غايه الامانی، ق١، ص٣٦؛ زامباور، معجم الانساب و الاسرات الحاكمه فی التاريخ الاسلامي، اخراج زكی محمد حسن بک و حسن احمد محمود ، ترجمه سيده اسماعيل كاشف و الاخرون، (القاهرة:١٩٥١)، ج١، ص١٥٢،فؤاد على جبر،جدوله العصور التاريخيه للدول الاسلامية، (الرياض:١٩٨٦)، ص٦٤.

## پاشكۆی ژمارەی (٣)

لیستی ناوی سوڵتانەكانی دەوڵەتی ڕەسوڵی و ماوەی حوكمڕانیان

مەلیک المنصور نورالدین عمری كوڕی علی (٦٢٦-٦٤٧هـ)(١٢٢٩-١٢٤٩ز).

مەلیک المظفر یوسفی كوڕی عمر (٦٤٧-٦٩٤هـ)(١٢٤٩-١٢٩٥ز).

مەلیک الاشرف الاول عمری كوڕی یوسف (٦٩٤-٦٩٦هـ)(١٢٩٥-١٢٩٧ز)

مەلیک المؤید داودی كوڕی یوسف (٦٩٦-٧٢١هـ)(١٢٩٧-١٣٢١ز).

مەلیک المجاهد سیف الدین علی كوڕی داود(٧٢١-٧٦٤هـ)(١٣٢١-١٣٦٣ز).

مەلیک الافضل ضرغام الدین عباسی كوڕی علی (٧٦٤-٧٧٨هـ)(١٣٦٣-١٣٧٦ز).

مەلیک الاشرف الثانی اسماعیلی كوڕی العباس(٧٧٨-٨٠٣هـ)(١٣٧٦-١٤٠٠ز).

مەلیک الناصر صلاح الدینی كوڕی احمد كوڕی علی (٨٠٣-٨٢٩هـ)(١٤٠٠-١٤٢٦ز).

مەلیک المنصور كوڕی الناصر احمد (٨٢٩-٨٣٠هـ)(١٢٤٦-١٤٢٧ز).

مەلیک الاشرف سێیەم (٨٣٠-٨٤٢هـ)(١٤٢٧-١٤٣٨ز).

مەلیک الطاهر یحیی كوڕی الاشرف (٨٤٢-٨٥٠هـ)(١٤٣٨-١٤٤٦ز).


مەلیک المسعود ابو القاسمی كوڕی الاشرف (٨٥٠-٨٥٨هـ)(١٤٤٦-١٤٥٤ز)[١].

---

١- یحیی بن الحسین، غایه الامانی،ق١، ص٣٧؛ زامباور،معجم الانساب،ج١، ص١٨٤.

## پاشکۆی ژمارەی (٣٤)

نەخشەی شاری زەبیدە و شوراکەی، ئەو شوارییەی کە  سیف الاسلام طغتکین[1] دروستی کرد.




١- لە (ابن مجاور) گوازراوەتەوە، سیفەتی وڵاتی یەمەن، ق١، ص٧٧.